گی دو موپاسان

# خاتو باتیست

کۆ چیرۆک

و: حەمە کەریم عارف

پێڕست

١ – وتەیەک

٢ – ئەنتوانە قەڵەو

٣ – بیل ئوم

٤ – دوئێل

٥ – جێگر

٦ – شەوی جەژنی لە دایکبوونی مەسیح

٧ – دز

٨ – بویەرێک لە پاریس دا

٩ – خواردنی شەوی کریسمس

١٠ – ئەسپ سواری

١١ – تەختە خەو

١٢ – شتێکی متفەڕک

١٣ – خاتو باتیست

# وتەیەک

هنری رینە ئالبیر گی دو موپاسان، نووسەری فەرەنسایی، لە ساڵی ١٨٥٠ دا هاتووەتە دنیا. یازدە ساڵان بوو کە باب وداکی لێکدی جیابوونەوەو وەکو هەندێک نووسیویانە گوستاف فلوبیر، نووسەری فەرەنسایی سەرپەرشتی مەعنەوی ئەوی لە ئەستۆ گرت. موپاسان ساڵانێک نووسینەکانی خۆی دەبردە لای فلوبیرو ئەو دەیخوێندەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ دەکردن وبنەماکانی چیرۆکنووسی فێر دەکرد. یەکەم چیرۆکی وی بە ناونیشانی " تۆپەڵە پیو " (خڕخەپان) پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. موپاسان لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا پتر لە سێ سەد چیرۆک و شەش ڕۆمانی نووسیوە.

موپاسان لە ئاخر وئۆخری تەمەنی خۆیا شێت بوو. دوو ساڵی لە شێتخانەدا بە سەربرد ولە ساڵی ١٨٩٣ دا، هەر لەوێدا، لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

# ئەنتوانە قەڵەو

## (( ١ ))

خەڵکی دە کیلۆمەتری ئەو دیار ودەڤەرە " ئەنتوان ماکبلە "ی سەرپەرشتیاری کافیەی " تورنوان " دەناسن، لە دەڤەرەکەدا بەناوبانگە، خەڵکەکە بە زۆری بە "توانە قەڵەو"، "توانە چڵمن " و یان "بابە توان" ناوی دەبەن.

لە نێو دۆڵێکا کە بەرەو دەریا شۆڕدەبێتەوە، گوندێکی چکۆلەی هەژارنشین هەیە، کە دەساڵێک دەبێت و شیوەڵە و درەختانی جوان دەوریان داوە.

ئەو دۆڵەی کە ئەم گوندە بەنێوبانگەی تیایە، یەکپارچە سەوزەزار وچەمەن داپۆشیوە. لەوە دەچێ کە خانووەکان لەم دۆڵە خۆیان پەنا دابێت تا لە بەڵای لەهی ولافاوی دەریا بە دووربن.

وادیارە گوندەکە هی ئەنتوان ماکبلەیە وخەڵکیش بە زۆری بە " توان" یان "توانە چڵمن" ناوی دەبەن.

توان، قەڵەوترین پیاوی ئەو دەڤەرەیە، هێندە قەڵەوە کە بە زەحمەت لە خانووەکەیا جێی دەبێتەوە. کاتێ خەڵکی لە بەر دەرگا دەیبینن، لێی دەپرسن:- باشە تۆ چۆن دەچیتە ناو ئەم خانووەوە؟

ئەنتوان عادەتی وایە بە هەموو کەس بڵێ " زاوام" ، لە حاڵێکا هیچ کچێکی نەبوو کە شووی کردبێ یان بیەوێ شوو بکات. خودانی کافەکە بە تەنیشت ماڵەکەیەوەیەو ناوی " کافەی دۆستانە ".

لە ڕاستیا بابە توان، دۆستی خەڵکی ئەو دەڤەرەیە. خەڵکی لە دەڤەری " فکامپ" و "مونتی دیر" ەوە بۆ دیتن و گوێ گرتن لە نوکتە و قسە خۆشەکانی ئەو بۆ کافەکە دێن، چونکە نوکتە و قسە کومێدییەکانی ئەم پیاوە قەڵەوە بەردیشی دێنایە پێکەنین. ئیدی عادەتی وابوو، دەگەڵ خەڵکیدا بێئەوەی نارەحەتیان بکات، شۆخی و سوعبەتان بکات و زۆر قسان بە دەم چاوداگرتنەوە بکات.

هەرکاتێ کەیفی سازبێ، بە جۆرێ دەستەکانی بە ئەژنۆیدا دەکێشێت کە سەر بە قۆڕ دێنێتە پێکەنین، لە کانگای دڵەوە پێدەکەنن.خواردنەوەشی سەیروسەمەرەیە. هەرخواردنەوەیەکی دەدەنێ، لە خۆشیا چاوانی دەدرەوشێتەوە و دەیخواتەوە. شادی وخۆشیەکەی لە بەر دوو شتە: یەکەم چونکە شتێکی بە تام وخۆش دەخواتەوە، دووەم چونکە هیچ پارەیەک نادات.

هەندێک بە شۆخییەوە لێی دەپرسن: بابە توان، بۆچی ئاوی دەریا ناخۆیتەوە؟

لە وەڵاما دەڵێت:- لە بەر دوو شت:- یەکەم لە بەر ئەوەی ئاوی دەریا زۆر سوێرە، دووەم چونکە من فێرم نوشابە (خواردنەوە) بە بوتڵ بخۆمەوە نەک بە فینجان.

لە هەموو ئەمانەش بترازێ، شەڕی وی دەگەڵ ژنەکەیدا زۆر عەنتیکەیە، ئەوەندە عەنتیکەیە، کە بۆ دیتنی دەبێ وەکو شانۆ وتەمەشاخانە، بلیت ببڕیت تا تەمەشا بکەیت.

سی دانە ساڵە ژن ومێردن، بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە هەموو ڕۆژێ شەڕیانە، هەرچەندە ژنەکەی ئەم شتەی لە بەرگرانە و تووڕە دەبێ، لێ توان بەردەوام پێدەکەنێ و گوێی لێ نییە. ژنەکەشی دێهاتیە. ژنێکە درێژ داهۆڵ، سەری لە سەری کوند دەچێت ودایمە تووڕەیە، سەری بە سەر جەستە لاوازەکەیەوە دەلەقێت. کە

ڕێدەکات وەکو باڵندەیەکی لاق درێژ هەنگاو دەنێت. زۆربەی کاتی خۆی لە حەوشەیەکی بچووکی پشت کافەکەوە، بە بەخێوکرنی مریشکەوە بە سەر دەبات. باشترین بەخێوکەری مریشکانە وهەموو خەڵکی دیار ودەڤەرەکە دەیناسن.

لە دەڤەری فکامپدا، هەرکاتێ خەڵکی دەوڵەمەند بیانەوێ شێوێکی باش بخۆن، بێ چەند وچوون مریشک لەو دەکڕن.

خانم توان، لە منداڵی ڕا، کەسێکی نیگەران وخەمین بووە: لە هەموو شتێک بە گلەیی وگازنە، بە تووڕەیی مامەڵە دەگەڵ خەڵکیدا دەکات، کە دەبینێ مێردەکەی هەمیشە خۆشحاڵ، سەلامەت و قەڵەوە، هەست بە ناڕەزایی دەکات. دەڵێت:- هیچ کارێک نازانێ و بێئەوەی هیچ کارێک بکات پارە پەیدا دەکات. تەنیا دەخوات دەخواتەوە.

بەدرێژایی ڕۆژ هەر بۆڵەبۆڵی بوو، هەرکەسێ لە جێی ئەو بێ، بەم هەموو قەڵەوییەوە، تووشی نەخۆشی دڵ دەبێت. زۆر بە جدی دەیبۆلاند بە سەریا:- ڕاوەستە، کەمێک سەبر بگرە! دەبینن کە چ ڕوو دەدات. دەبینین کە ئەنجامی ئەم تەمەڵییە چ دەبێ.

توان، بەو قسەیە، لە ناخی دڵەوە پێدەکەنێت و بەردەوام بە ورگی خۆیدا دەکێشێت.

مشتەرییەکان بە دیتنی ئەم دیمەنە زۆر کەیف دەکەن و لە خۆشیا بە مست دەکێشن بە سەر مێزەکاندا و پێ بە عاردیدا دەکوتن.ژنەی داماو، بە تووڕەیی لە سەری دەڕوات:- کەمێک سەبر بکە! دەبینین چ ڕوودەدات، ئاکامی ئەم تەمەڵییە دەبینی.

بە تووڕەیی وبەدەم قاقای پێکەنینی مشتەرییەکانەوە، لەوێندەر دەڕوات.

توان، لە ڕاستیا، وەکو بوونەوەرێکی نائاسایی دێتە بەرچاو؛ لەو بەشەرانەیە کە دنیا دەدەنە بەر کلکان و تەنانەت گاڵتەیان بە مردنش دێت. خەڵکی کە بیر لە مردن دەکەنەوەو نیگەران وخەمین دەبن، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی هەمووانەوە: هەموو ڕۆژێک قەڵەو و قەڵەوتر دەبێت وبە ڕواڵەتی ساغڵەمەوە لە نێو خەڵکیدا دەردەکەوێت. ژنەی بەلەنگاز بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە: - کەمێ سەبر بکە توان! دەبینین چ ڕوودەدات.

(( ٢ ))

ئەنجام ئەنتوان نەخۆشکەوت، نەیدەتوانی لە جێی خۆی بجوڵێ. لە ژوورە چکۆلەکەی پشت دیواری کافەکەدا کەوت، تا بتوانێ باشتر گوێی لە قسەی دۆستەکانی ببێت و قسەیان دەگەڵ بکات. سەری لە سەر سەرینەکە بەم لاو بەولادا دەکەوت، بەڵام جولاندن و بەرزکردنەوەی بەدەنە قەڵەوەکەی نیمچە مەحاڵە. لە هەوەڵەوە بە هێڤی بوو کە لاقەکانی دەرمان بکرێن و بتوانێ خۆی لە سەر پێ ڕابگرێت و بتوانێ ڕێبکات، لێ ئەم خەیاڵپلاوەی زوو کەڕووی هەڵێنا و نائومێدی باڵی بە سەردا کێشا و ناچار بوو هەموو کاتی خۆی لەناو جێگادا بەسەر بەرێت.

هەموو هەفتەیەک، چوار کەس لە هاوسێکانی دەچنە ژێر باڵی و لە ناو جێگاکە هەڵیدەسێنن و یارمەتی دەدەن تا لە سەر پێیان بوەستێ. وێڕای ئەم حاڵەش، هەر خۆشحاڵە، بەڵام جۆرە خۆشحاڵییەکی جیاواز لە جاران. لە

لایەکەوە وەکو منداڵ لە ژنەکەی دەترسێت، چونکە ڕێک لە بەر چاوی ئەوە؛ ئەو ژنەی بەردەوام دەبۆڵێنێ:- تەمەشا! تەمەڵ، هیچ کارێک ناکات.

توان، هیچ نالێت ولە جیاتی جوابە جەنگی وبەدەمدا هاتنەوە، چاو لە دۆستەکانی دادەگرێت. تەنیا جوڵەی ئەوەندەیە کە خۆی بە چەپ و ڕاستدا وەرگێڕێت. ناوی ئەم جوڵەیەی ناوە: " بڕۆ بۆ سەرەوە، بڕۆ بۆ خوارەوە " ئیدی تاقە خۆشی ئەمەیە کە گوێ لە قسەی مشتەرییانی کافەکە بگرێت، کە گوێی لە دەنگی دۆستەکانی دەبێ، لە پشت دیوارەکەوە قسەیان دەگەڵ دەکات. بە دەنگی بەرز دەڵێت:- زاواکەم؛ تۆی "سلستن " ؟

سلستن بەرسڤ دەداتەوە:- بەڵێ بابە توان، خۆمم. ئەرێ بەڕاست، کەرویشکی قەڵەو، دەتوانێ غار بدەی؟

توان دەڵێت:- غاردان، جارێ نا، بەڵام لاوازیش نەبووم، چونکە خواردنم باشە.

زۆری پێناچێ کە باشترین دۆستانی لە ژوورەکەدا، لە دەوری کۆ دەبنەوەو سەری قسان دادەمەزرێنن. بەڵام ئەو ناڕەحەتە کە دۆستەکانی بەبێ ئەو دەخۆن و دەخۆنەوە، و دەڵێت:زاوام، ئەوەی زۆر ناڕەحەتم دەکات، ئەوەیە کە ناتوانم دەگەڵ ئێوەدا بخۆم و بخۆمەوە، تەنیا ئەوەم لا ناخۆشە!

سەری کوند ئاسای ژنە، لە چوارچێوەی پەنجەرەکەوە بەدیار دەکەوێ و بە دەم هاوارەوە دەڵێت:- تەمەشای بکەن، سەیری بکەن! دەبێ خواردن بەم تەمەڵە بدرێت، دەبێ بشۆردرێت و ژێری پاک بکرێتەوە، ڕێک وەکو منداڵ.

کە پیرەژن دەڕوات، کەڵەبابێکی ئاماڵ سوور، دەڵدەفڕێتە سەر قەراخ پەنجەرەکە و بە چاوە خڕ وجدییەکانی دەڕوانێتە ناو ژوورەکە و بەدەنگی بەرز دەخوێنێ. هەندێجار یەک دوو مامریش خۆ بە ژوورەکەدا دەکەن، ڕێک لە پای تەختەکەی ئەودا، لە سەر ئەرزەکە، بۆ شتێ دەگەڕێن کە بیخۆن.

دۆستەکانی توان، دوا نیوەڕوان زوو زوو لە هۆڵی کافەکە وەدەردەکەون ودێنە دیدەنی ئەو. لە دەوری تەختەکەی خڕ دەبنەوەو دەست بە گوت وبێژان دەکەن، توانی حەنەکچی هەرچەندە لە جێدا کەوتووە، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر دۆستەکانی سەرگەرم دەکات و دەیانهێنێتە پێکەنین. سیان لە دۆستەکانی هەموو ڕۆژێک دێنە دیدەنی: سلستن، کە پیاوێکی درێژ داهۆڵی لاوازە، پرسپە، کە پیاوێکی وردیلەی مردەڵەیە، کەپووی وەکو مشک و فێڵباز و زرینگ وەکو ڕێوییە، سزر کە زۆر بێدەنگ و کەم دووە، بەڵام تا حەزکەی خەنۆڵ و دەم بە پێکەنینە. ئەمانە هەر بۆ سەرگەرمی و گەمە دەکەونە شەترەنج کردن و لە لای تەختەکەی ئەنتوانەوە دایدەنەن و دەست بە گەمان دەکەن. گەمەکەیان دوو تا شەش سەعاتان دەخایەنێت.

خانم توان، لە جاران زیاتر تووڕە دەبێت، تەحەموولی ئەوە ناکاتکە مێردە قەڵەو و تەمەڵەکەی، بۆ خۆی لە ناو جێدا ئیسراحەت بکات یان سەرگەرمی گەمە بێت. هەر جار کە دەبینێت دەستیان بە گەمە کردووە، ناڕەحەت و تووڕە دەبێت، مێزی گەمەکە هەڵدەگێڕێتەوە و بەدەم بۆڵە بۆڵەوە بۆ کافەکە دەڕوات و دەڵێت:- ئیدی خزمەت کردن و خۆراک دان بەم تەمەڵە، کە هیچ کارێک ناکات، بەسە.

حەز ناکات مێردەکەی هەمیشە هەر سەرگەرمی کەیف و سەفا بێ، لە کاتێکا ئەو ناچارە بە درێژایی ڕۆژەکە هەر کاربکات...

لەم کاتەدا، سلستن و سزر، سەریان دادەخەن. لێ پروسپە بە توورەیی و هەڵچوونەکەی پیرەژن پێدەکەنێ و کەیف دەکات.

ڕۆژێ ژنەی تاین کە لە هەموو کاتێ تووڕەتر دەبێ، پروسپە، گازی دەکات ودەڵێت:- دەزانی ئەگەر من لە جیاتی تۆ بام چم دەکرد؟

ژنە، لە کاتێکا بە چاوە کوند ئاساکانی تەمەشای دەکات، دەوەستێ تا بزانێ چ دەڵێت. ئەو لە سەری دەڕوات:- ئێرە زۆر گەرمە؟ وەکو ئەوەیە سۆپای لێ داگیرسابێ. مێردەکەی تۆش کە لە جێگە نایەتە دەرێ. هەقە چەند هێلکە مریشکێکی بخەیتە ژێر تا هەڵیبێنێ.

ژنە وا هەستدەکات کە پروسپە پێی ڕادەبوێرێت. مودەتێک لە ڕوخساری لاواز و فێڵاوی ئەو کە هێشتا هەر مژوولی قسەکردنە ڕادەمێنێ. پیاوە لە سەری دەڕوات:- ئەو کاتەی کە مریشکەکەت دەنەیتەوە، پێنج هێلکەش بخە ژێر هەر بازوویەکی توانەوە. هەنگێ دەبینی هاوکات دەگەڵ مریشکەکەدا، هێلکەکانی ژێر بازووی توانش هەڵدێن و دەبن بە جوجک.

ژنە بە سەرسامی دەپرسێت:- باشە شتی وا دەبێت؟ پیاوە بەرسڤ دەداتەوە:- هەڵبەتە دەبێت، بۆچی نەبێت، وەکو چۆن هێلکە مریشکان لە جێیەکی گەرم دادەنرێ تا هەڵبێ و ببێت بە جوجک، بەو ئاوایە دەکرێ لە ناو جێگە گەرمەکەی توانش دابنرێت.

ژنە سەری لەم قسانە دەسوڕمێ، لە فکران ڕادەچێ، بە ئەسپایی لەوێندەر دوور دەکەوێتەوە. دوای هەشت ڕۆژان ژنێ بە خۆ و سەبەتەیەکی پڕ لە هێلکەوە خۆی بە ژوورەکەی توان دا دەکات و پێی دەڵێت:

- مریشکە زەرد، لە سەر دە هێلکە، کە تۆزێ لەمە پێش نامە ژێری، لە کولانەکەی خۆیدا کڕکەوتووە. ئەم دە هێلکەیەشم بۆ تۆ هێناوە، ئاگادار بە نەیانشکێنی.

توان، بەو پەڕی نیگەرانییەوە دەپرسێت:- دەتەوێ چ بکەی؟!

- هیچ دەمەوێ ئەم هێلکانە جوان داپۆشیت.

توان، لە هەوەڵەوە پێدەکەنێ، پاشان کە دەبینێ ژنەکەی بە ڕاستی بە تەمای ئەو کارەیە تووڕە دەبێت و قاییل نابێت کە ئەو هێلکانە بخاتە ژێر باڵی. بەڵام ژنەکەی بە تووڕەیی دەڵێت:- ئەگەر ئەم کارە نەکەیت ئەمڕۆ فراڤین نییە. هەنگێ دەبینین چ پێشدێت...

توان، پەرێشان و نیگەران دەبێت. لێ هیچ قسەیەک ناکات و هێلکەکان لە قەراخ تەختە خەوەکەی دادەنێت.

زەنگی سەعاتەکە دوازدە چەلان لێدەدات. توان تێدەگات کە نیوەڕۆیەو وەختی فراڤینە. بە دەنگی بڵند دەپرسێت:- شۆربا ئامادەیە؟

ژنێ لە مووبەقەکەوە هاوار دەکات:- شۆربا بۆ تۆ نییە.

توان، وا وێنا دەکات کە ژنەکەی شۆخی دەکات و چاوەڕوان دەکات تا خواردنەکەی بۆ بێنێت. لێ هیچ دیار نابێت، دووبارە داوای خواردن دەکاتەوە و چونکە هیچ دیار نابێت، دەپاڕێتەوە، تووڕە دەبێت، بە چەپ وڕاستدا وەر دەچەرخێ، بە مست دەکێشێت بە دیوارەکەدا، لێ دیسان هیچ هەواڵێک لە خواردنەوە نییە. وەکو

ئەوە بوو، بیری چووبێتەوە کە ژنەکەی چ داوایەکی لێکردبوو. ئاقیبەت برسیەتی گوشاری بۆ دێنێت وتوان، ناچار مل دەدات.

کاتێ دۆستەکانی دێن، هەوەڵجار وا دەزانن حاڵی خراتر بووە، چونکە ڕواڵەتی وا دەردەکەوێ کە حاڵی پەشێو و پەرێشانە.

وەکو هەمیشە شەترەنجەکە دەهێنن. بەڵام پێدەچێ توان مەیلی یاریکردنی نەبێت، چونکە دەستەکانی زۆر بە ئەسپایی و بە پارێزەوە دێنێتە پێشەوە.

پروسپە، لێی دەپرسێت:- بازووەکانت ژان دەکەن؟

توان بەرسڤ دەداتەوە:- نا، بەڵام هەستدەکەم بازووەکانم زۆر قورس بوون.

لەم کاتەدا فەرماندار ویەکێک لە دۆستەکانی خۆ بە کافەکەدا دەکەن، داوای دوو ساردی دەکەن و بە دوو قۆڵی دەکەونە باسی کار و باری مەملەکەت. بێدەنگیەک باڵ بە سەر کافەکەدا دەکێشێت. توان هەست دەکات زۆر بە ئەسپایی قسە دەکەن. دەیەوێ گوێ بە دیوارەکەوە بنێت تا بزانێ چ دەڵێن. هێلکەکان فەرامۆش دەکات، بەپەلە خۆی بە لای ڕاستدا وەردەگێڕێت، کە لە ناکاوا زەردێنە و سپێنەی هێلکەکانی ناو جێگاکە لە ژێریدا بڵاو دەبنەوە.

هاوار دەکات و ژنەی بەلەنگاز، بە هەڵە داوان دێت. کە ڕوخساری توان دەبینێ، هەموو شتێکی بۆ دەردەکەوێ. بە پەلە لێفەکە هەڵدەداتەوە، دەبینێ هێلکەکان شکاون و زەردێنە و سپێنەکان بە سەر لەش و تەختە خەوەکەی مێردەکەیا ڕژاوە.

ماوەیەک واقی دەوڕمێ. دەیەوێ شتێک بڵێت، لێ زۆر تووڕەیە. لە کاتێکا لە تووڕەییدا دەلەرزێ، خۆی دەدا بە سەر توان دا، بە چنگ تێی بەر دەبێت، بە مست بەردەبێتە ورگی، ڕێک وەکو ئەو کاتانەی کە جلەکانی لە ڕەخی ڕوبارەکە دەشوات.

کابرای قەڵەو، شێت ئاسا هەوڵدەدا خۆی لە زەربەکانی ژنەکەی دوور بگرێت تا ئەو پێنج هێلکەیەی ژێر باڵەکەی دیکەشی نەشکێن.

سێ دۆستەکەی کە ئەم دیمەنە دەبینن، بە دەنگی بەرز پێدەکەنن، هێندە پێدەکەنن کە نزیکە لە پێکەنیندا بخنکێن. دەکۆکن و هاوار دەکەن.

ژنە زۆر زوو ماندوو دەبێت و هەر دوو دەستی بەملا و بەولایدا شۆڕ دەبنەوە.

توان، چاری نامێنێ، دەبێ لە سەر هێلکەکان کڕبکەوێت. هەقی ئەوەی نییە یاری بکات یان کەمترین تەکان بە خۆی بدات، چونکە هەر کەڕەتێ هێلکەکان بشکێنێ، ژنەکەی هەمان بەزمی پێدەکاتەوەو خواردنی ناداتێ.

توان بێئەوەی جووڵە بکات، بە پشتا خەوتووە. چاوەکانی بڕیونەتە بن میچەکە، بازووەکانی وەکو باڵی باڵندان بە ئارامی بەرز دەکاتەوەو هێلکەکان لە ژێر باڵەکانیا گەرم دادێن. بە ئەسپایی قسە دەکات، چونکە دەترسێ هێلکەکان بەدەم قسەکردنی زۆرەوە بشکێن.

نها خەمی مریشکە زەردەکەیانیەتی کە لە کولانەیەکدا، هەمان کار دەکات کە ئەم دەیکات.

له ژنەکەی دەپرسێت: مریشکە زەرد ئەمڕۆ خواردنی خواردووە؟

پیرەژن بیر لە هیچ ناکاتەوە، تەنیا لەو جوجکانە نەبێت کە قەرارە لە تەختە خەوەکە و کولانە مریشکەکەوە هەڵبێن. خەڵکی دەڤەرەکە بە حاڵ و حیکایەتەکە دەزانن، دێن و بە جدی و کونجکاوی، لە هەواڵی تازە دەپرسن. ئەوان بە ئەسپایی وەکو ئەوەی بچنە ژووری نەخۆشەوە، دەچنە ژوورەکەی و بە پەرۆشەوە لە حاڵی دەپرسن: چۆنی؟ حاڵ و ئەحواڵت؟ توان وەڵام دەداتەوە، بەڵێ، باشم، خراپ نیم. لێ هەستدەکەم نەخۆشم. بە ڕاستی گەرمم، هەستدەکەم ئازام مێروله دەکات.

بەیانیەک، ژنەکەی بە هەڵچوونەوە وەژوور دەکەوێ و دەڵێت:مریشکە زەرد حەوت فەرخەی هەڵێناوە، سێ هێلکەش پیس بووەو هیچی هەڵنەهێناوە.

توان کە گوێی لەو قسەیە دەبێت هەستدەکات دڵی بە توندی لێدەدات. دەکەوێتە سێ و دووی ئەوەی کە هێلکەکانی ئەو چەندیان هەڵدێن؟

بە ترس و نیگەرانی ژنێکەوە کە لە حاڵی زایندا بێ، دەپرسێت:- ئەم پاش نیوەڕۆیە، وەختی هەڵاتنیانە؟

وژنەکە دەترسێت ئەم کارە سەرکەوتوو نەبێ، بە ڕواڵەتێکی جدی وەڵام دەداتەوە:- ئەرێ!

ئیدی چاوەڕوان دەکەن.

دۆستان کە هەواڵ دەزانن ساتە هەستیارەکە نزیکە، بلەز خۆ دەگەیەننە لای توان وبە بێ حەوسەڵەیی چاوەڕوان دەکەن.

خەڵکی گوندەکە هەموو سەبارەت بەم بابەتە قسە دەکەن و لە دەر ودراوسێکان، تاقیبی هەواڵی تازە دەکەن.

نزیکەی سێ سەعاتە توان لە شیرینی خەودایە، چونکە بە درێژایی ئەم ماوەیە وا ڕاهاتبوو کە نیوەی ڕۆژەکە بخەوێت.

لە ناکاوا بوونەوەرێک لە ژێر باڵی ڕاستیدا جوڵایەوەو خەبەری بووە. پاش ئەوەی تۆزێک وەخۆ دێتەوە، هەست دەکات، کە هەمان جوڵە جوڵ لە بن باڵی چەپیشیدا ڕوودەدات. بە ئەسپایی دەست دەبات و بوونەوەرێکی گەرم بە دەستیەوە دێ. دەیگرێت و دەیهێنێتە دەرەوە. جوجەڵەیەکی تووک زەردە کە بە بەردەوامی لە نێو قامکەکانیا دەجوڵێتەوە. بەری دەدات و جوجکەکە بە سەر سکیا غار دەدات.

کافەکە پڕە لە خەڵکی. مشتەرییان دێن و دەڕۆن. هەموو دەیانەوێ بچنە ژوورەکەوە. خەڵکێکی زۆر دەوری " توان " یان داوە، پیرەژن کە خۆی گەیاندووەتە ئەوێندەر، زۆر بە پارێزەوە، ئەو فەرخە چکۆلەیەی کە لە ژێر باڵی مێردەکەیدایە، دەگرێت.

ڕۆژێکی گەرم و خۆشی وەرزی بەهارە. لە پەنجەرەکەوە دەنگی گارە گاری مریشکە زەرد کە فەرخە تازەکانی گاز دەکات، دێتە گوێ. ئاپۆرای خەڵکەکە فزەیان لێوە نایەت.

توان، بە جۆرێ هەڵچووە، ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. لە بن لێوانەوە دەڵێت:- یەکێکی دیکە لە ژێر باڵی چەپمدایە.

ژنێ، زۆر بە پەلە دەستە درێژ و لاوازەکانی بە ژێر نوێنەکاندا دەکات، جوجکەکە دەگرێت و زۆر بە ئارامی دەیهێنێتە دەرەوە.

دراوسێکان دەیانەوێ لە نزیکەوە بیدینن. یەک یەک دێنە بەرەوە. هەموو لە هەوڵی ئەوەدان هیچ ئاسیوێکی پێنەگەیەنن، چونکە ئەم جوجکانە وەکو جوجکانی دی نین!

بیست خولەکی دی دەبوورێ. جوجکی تازە لە دایک نابێت. پاشان چوار جوجک بە کەڕەتێ سەریان لە هێلکە دەجووقێ. خەڵکەکە کە چاویان بە جوجکەکان دەکەوێ، بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن. توان پێدەکەنێ. بە وەزع و حاڵی خۆی خۆشحاڵە. هەست  بە شانازیەکی زۆرەوە دەکات کە بووە بە باوک. خەڵکی تا ئەو کاتە خەڵکی وەکو ئەویان نەبینی بوو، بە ڕاستی پیاوێکی سەیرە!

تا ئەم ساتە ژمارەی جوجکەکان بووە بە شەش دانە، یەک لە دوای یەک. چتۆ خێزانێکە!

هەموو خەڵکەکە لە کانگای دڵەوە پێدەکەنن. ژمارەیەکی زۆر هێشتا لە بەر دەرگاکە ڕاوەستاون و لە یەکدی دەپرسن:- بوون بە چەند؟

- شەش.

پیرەژن، فەرخە تازەکان دەخاتە بەر مریشکەکە. قدقدێکی کز دەکات و تا دەتوانێ باڵەکانی دەکاتەوە، تا جوجکەکان، کە یەک لە دوای یەک دێن، وەبن باڵ خۆی بدات.

توان هاوار دەکات:- یەکێکی دی لێرەیە!

ئەو هەڵەیە، سێ جوجکی دیکە لەوێندەر هەن! ئەمە بۆ خۆی سەرکەوتنێکە!

سەعات حەوتی شەو، دوا جوجەڵە لە قەپێلکەکەی دێتە دەرێ. هەموو هێلکەکان بوون بە جوجک وتوان خەریکە لە خۆشیان شێت دەبێ. بە شانازییەکی تایبەتیەوە، لە کاتێکا لە سەر پشت ڕاکشاوە، جوجکێکی لاواز لە باوەش دەگرێت. خەریکە دەیخنکێنێ. حەز دەکات لەگەڵ خۆیدا بیخەوێنێت. لە ڕاستیدا جۆرە ڤیانێکی دایکانەی سەبارەت بەم گیانلەبەرە بچووکە لەلا پەیدا بووە.

لێ پیرەژن ئەویش وەکو جوجکەکانی دی دەبات، بێئەوەی گوێ بە پاڕانەوەکانی مێردەکەی بدات کە حەز دەکات ئەو جوجکە لەلای خۆی بهێڵێتەوە.

خەڵکی، شاد و بە کەیف بۆ ماڵی خۆ دەڕۆنەوەو باسی ئەو شتە دەکەن کە بە چاوی خۆ دیتوویانە.

پروسپە، کە تا دوایی ماوەتەوە دەپرسێت:- بابە توان، بڵێ بزانم. یەکەم کەس کێ دەعوەت دەکەی، منم؟

توان هەرکە گوێی لە وشەی دەعوەت و خواردن بوو، ڕووی گەشایەوەو ڕەنگی سوور هەڵگەڕا. تەمەشایەکی دۆستەکەی دەکات ودەڵێت:- هەڵبەتە تۆ دەعوەت دەکەم، زاوام!

سەرچاوە:

مسافرخانه، گی دو موپاسان/ ترجمه: مصطفی طهمورثی نژاد، ویراستار: محمد رضا سرشار/ انتشارات برگ، تهران ۱۳۷۱.

# بیل ئوم

گالیسکەکە خەریک بوو لە گوندەکە دەردەچوو، ڕێبوارەکان چاوەڕوان بوون تا لە ناو حەوشی میوانخانەکەوە ناویان بخوێننەوە.

گالیسکەکە بریتی بوو لە فارگۆنێکی زەردباو کە هێندەی خاک و خۆڵ و تەپ و تۆز بە سەرەوە نیشتبووەوە کەوەیی بووبوو. چوار تەگەری قەدیمی پێوە بوو و سێ ئەسپی لەڕو مردەڵە ڕایان دەکێشا. ئەسپەکان بە سەرە زەلام و ئەژنۆ خڕەکان و ڕواڵەتی خەواڵویان، فارگۆنەکەیان کە لە دێوێکی زەلام دەچوو، ڕادەکێشا.

کابرای گالیسکەوان کە بە سەری قۆڵی جلەکانی دەمی وشک کردەوە، لە بەر دەرگای میوانخانەکەوە وەدیار کەوت. ڕوخساری بە هۆی با و باران و کارکردن لە هەوای ئازادا، سوور هەڵگەڕابوو. بالایەکی کوڵ و ورگێکی زەلامی هەبوو، بەڵام زۆر چاک و بە لەز وبەز سواری گالیسکەکەی دەبوو.

سەبەتە وزەمیلە وقەرتاڵەیەکی زۆر لە بەر پێی ئەو گوندییانە ڕیز کرابوون کە چاوەڕوانی ئەوە بوون سواری گالیسکەکە بن، ئەم زەمیلە و قەرتالانە هەندێکیان هێلکەیان تیابوو، هەندێکیان مامر وکەڵەشێریان تیابوون کە بە ترسەوە، بەڵام بە بێدەنگی دەیانڕوانییە دەوروبەر.

گالیسکەوانەکە، سەبەتەکانی یەک یەک هەڵگرت و نانیە سەر گالیسکەکە، ئەوسا چەند توورەکەیەکی چکۆلەی دانەوێڵە و چەند بوخچە و بەستە کاغەزێکی لە خوار سەبەتەکانەوە دانا. ئەنجام دەرگای پشتەوەی گالیسکەکەی کردەوە، پەڕە کاغەزەێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا وبە دەنگی بەرز ناوی نەفەرەکانی خوێندەوە:- جەنابی کورە!

قەشەیەک هاتە بەرەوە. پیاوێکی بەژن بڵند وتۆکمە بوو، ناوشان پان وڕوخسار سوورە و بە ڕواڵەت بە ئەدەب بوو. داوێنی کراسە درێژەکەی هەڵکرد تا بتوانێ بە ئیسراحەت لاقی هەڵبڕێ و سواری گالیسکەکە بێت.

- جەنابی مامۆستا " گرینە " !

پیاوێکی بالا بەرز وشەرمن کە خۆی لە پالتۆیەکەوە کە تا ئەژنۆی دەهات پێچابووەوە، بلەز هاتە بەرەوە.

- ئاغا پوارە، دوو کورسی.

پوارە هات، پیاوێک بوو بالا بەرز، کە لە کەم خوراکیدا، باریک و بنێس بووبوو، هێندە خۆی بە سەر هەوجاڕا دابوو کە پشتی تەواو کۆمابووەوە... دەتگوت ئێسکە پەیکەرە، چونکە زۆر کەم خۆی دەشت، پێستی بە سەر ئێسکیەوە وشک بووبووەوە و قەڵەشا بوو.

ژنەکەشی بە خۆ وچەترێکی سەوزەوە لە دوای ئەوەوە هات، وردیلەیەکی لاوازی مردەلۆخ، کەپووت گرتبا گیانی دەردەچوو.

- ئاغا رابو، دوو کورسی.

رابو بە گومانەوە پرسی:- منت بانگ کرد؟

یارۆی گالیسکەوان کە کابرایەکی زرینگ و نوکتەباز بوو، بە شۆخیبازییەوە بەرسڤی دایەوە. رابو، لە کاتێکا ژنەکەی دەڵەکی دەدا، وەکو مشکێک خۆی بە کونەکەیدا بکات، خۆی بەناو گالیسکەکەدا کرد. ژنەکەی، باڵابەرزێکی چوارشانەی ورگن بوو، دەستەکانی پان دەتگوت گەڵاوکوتکی جلشۆرینن.

- ئاغا کانیوف.

گوندییەکی قەڵەو، کە بە قەد گاجووتێک قورس بوو. کە خۆی بە فارگۆنەکەدا کرد، فارگۆنەکە تەکانێکی توندی خوارد.

- ئاغا بیل ئوم.

بیل ئوم پیاوێکی ڕیوەڵەی مل خواری ڕواڵەت نیگەران بوو. وەکو یەکێک ددان یەشەیەکی توندی بێ، لە کاتێکا دەستەسرێکی بە گوێیەوە گرتبوو، بەرەو لای گالیسکەکە ڕۆیی. بە سەر نیوکۆتە کۆنەکەیا، کە ئاوریشمێکی ڕەش بوو، ڕووپۆشێکی ئامال شینی پۆشی بوو، لەو جلانەی کە زیاتر لە میوانیا لەبەر دەکرێن.

گالیسکەوانەکە، دەرگای فارگۆنەکەی داخست، سەرکەوتە سەر گالیسکەکە، لە سەر کورسییەکەی خۆی دانیشت، قامچییەکەی بە حەوادا بادا و شریخەی لێهەستاند.

ئەسپەکان لە خەو بێدار بوونەوەو ملیان تەکان دا.

گالیسکەوانەکە، بە هەموو هێزی خۆیەوە هاواریکرد: دێ، دەی!

شەلاقێکی توندی خیواندە پشتی ئاژەڵەکان. ئەسپەکان جوڵان و بە ئارامی و بە کەمێک دڕدۆنگییەوە، بە جادەکەدا کەوتنەڕێ.

ئیدی فارگۆنەکە وەکو پارچە ئاسنێک، بە تەق و هوڕ لە دوایانەوە کەوتە جوڵە و نەفەرەکان وەکو ئەوەی لە بەلەمدا بن، بەردەوام بە ڕاست و بە چەپا لار دەبوونەوە.

لە هەوەڵەوە هەموویان بێدەنگ بوون، چونکە کەمێک شەرمیان دەکرد لە حوزوری کەشیشی دەڤەرەکەدا قسان بکەن. ئەنجام قەشەکە بێدەنگیەکەی شکاند ودەستی بە قسان کرد:- ئێ جەنابی کانیوف، حاڵت چۆنە، کەیفت قنجە؟

جوتیارە کەتەکە، کە بەینی دەگەڵ قەشەکەدا، کە وەکو خۆی قەڵەو و باڵابەرز بوو، خۆشبوو، بەدەم پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:- خراپ نیم جەنابی کورە، خراپ نیم، تۆ چۆنی؟

قەشەکە بەرسڤی دایەوە:- من هەمیشە باشم.

و ڕوویکردە ئاغای پوارە و پرسی:- ئەدی تۆ چۆنی ئاغای پوارە؟

- منیش خراپ نیم. بەڵام بەروبوومی گەنمی ئەمساڵ زۆر باش نەبوو وئەمە بووە بایسی وەی کە پارەیەکی باشم نەیەتە دەست. ئیدی ئەم زەمانە ژیان قورسە.
- ئەرێ، ژیان دژوارە!

ئەوە دەنگی هاوسەرەکەی ئاغای رابو بوو، کە قەشەکە تەنیا ناوی دەزانی.

لێی پرسی:- تۆیی خانم بلوندل؟

- بەڵێ خۆمم، هاوسەری ئاغای رابو.

رابو، پیاوێکی ڕیوەڵەی، شەرمنی ڕووخۆشبوو. بەدەم پێکەنینەوە سەری زۆر هێنایە پێشەوە، سڵاوی کرد و گوتی: - من هاوسەری خانم بلوندلم.

لەناکاوا ئاغای بیل ئوم کە تا نها دستە سرەکەی بە گوێچکەیەوە گرتبوو، زۆر بە ناڕەحەتی دەستی بە ناڵین و ئاخین کرد. لە حاڵێکا بە دەم ئازارەوە پێی بە عارديدا دەکوتا، بەردەوام دەیگوت:- وای، ئای، وای...!

قەشەکە لێی پرسی:- ددانت دێشێت؟

- نا، نا جەنابی قەشە... ددانم نییە... گوێم دێشێت، قولایی گوێم.
- چی چووەتە گوێتەوە؟ لەوەیە چڵکی کردبێت!
- ئیدی نازانم چڵکی کردووە یان نا، بەڵام سوور دەزانم جانەوەرێکی تێچووە، جانەوەرێکی قەڵەو. دیارە کاتێ لە عەماری گەنمەکەدا، لە سەر قرشەکە (کڵۆش) خەوتووم، چووەتە گوێمەوە.
- جانەوەر! یانی تۆ دڵنیایت؟
- بەڵێ، دڵنیام، چەند لە بوونی بەهەشت دڵنیام، ئەوەندەش لەو دڵنیام، جەنابی قەشە، لە قولایی گوێما گاز دەگرێت ومێشکم دەخوات. دڵنیام مێشکم دەخوات. ئاخ... وای.... ئۆی...

دووبارە کەوتەوە پێکوتان بە عارديدا. ئیدی هەموو نەفەرەکان سەرنجیان کەوتە سەر ئەو، هەریەکە و قسەیەکی لە بارەی ناڕەحەتیەکەی ئەوەوە کرد.

پوارە گوتی:- بە ڕای من جالجاڵۆکەیەک چووەتە گوێیەوە.

مامۆستاکە گوتی:- هەبێ و نەبێ هەزار پێیە.

جارێکی دیکەش هەمان بویەری لە گوندەکەی دیدا، کە شەش دانە ساڵ لەوێندەر مابووەوە، دیتووە:- هەزار پێیەک چووبووە گوێی پیاوێکەوەو لە کەپوویەوە دەرچووە. جانەوەرەکە مردبوو و کابراش ئەو گوێیەی کەڕ بووبوو.

قەشەکە گوتی:- ئەمە زیاتر لەوە دەچێ کە کرم بێت.

بیل ئوم، سەری دانەواندبوو و پشتی بە دەرگای فارگۆنەکەوە نابوو و بەردەوام دەیناڵاند... ئاخ... ئۆف، وای... ئای...!

من سوور دەزانم کە مێرولەیەک لە گوێمدایە، مێرولەیەکی گەورە. چونکە بە بەردەوامی گازم لێدەگرێت. جەنابی قەشە تەمەشا. غار دەدات... غار دەدات... ئاخ! ئۆف... ئای، ئۆی... تووشی چ بەڵایەک بووم!

کابرای قەڵەو لێی پرسی:- باشە چوویتە لای دکتۆر؟

- هەڵبەتە نەچووم.
- چما نەچوویت؟

بیل ئوم، لە ترسی دکتۆر، وەکو ئەوەی چاک بووبێتەوە، بە بێئەوەی دەستبەرداری دەستە سرەکەی بێت، ملی قوت کردەوە و گوتی:- چما نەچوومەتە نک دکتۆر؟ پیاو پارەی لە کوێ بوو بیدات بەم تەمەڵانە؟ کە پێنج چەلان دەچییە لای دکتۆر دەبێ دوو سکەی زێڕ بدەیت. بەڵێ، دوو سکەی زێڕ! لە بەرانبەرا چیت بۆ دەکەن؟ ها...؟ چ کارێک؟ تۆ دەزانی؟

کابرای قەڵەو بەدەم پێکەنینەوە گوتی:- نە، نازانم. بەڵام تۆ بەم حاڵەوە بۆ کوێ دەڕۆیت؟

- دەڕۆم بۆ هاڤەر، بۆ لای " شامبرلان ".
- کام شامبرلان؟
- دکتۆتێکی گیا دەرمانییە.
- گیا دەرمانی؟
- بەڵێ، دکتۆرێکی گیاییە کە کاتی خۆی باوکمی مالیجە کردووە.
- باوکت؟
- بەڵێ باوکم، دەمێکە.
- باوکت چی بوو؟
- پشتی تووشی بادارییەک بووبوو کە نەیدەتوانی لە جێی خۆی بجوڵێت.
- ئەو دکتۆرە گیاییەی کە باسی دەکەی چی بۆ بابت کردبوو؟
- وەکو چۆن هەویرێک بۆ نان دەشێلن، بەو ئاوایە بابمی شێلا بوو، کە دوای دوو سەعاتان بابم عەلەمی تیا نەما.

بیل ئوم، زۆر چاک لە بیری مابوو کە شامبرلان بۆ مالیجەی بابی چی گوتبوو، بەڵام جورئەتی ئەوەی نەبوو لە حوزووری قەشەکەدا بیگێڕێتەوە.

کابرای قەڵەو بەدەم پێکەنینەوە پرسی:- باشە تۆ کەروێشکێکت لە گوێدا نییە؟ ڕەنگە بە تەماحی ئەو گیایانەی کە لە گوێتدا هەن، وای هەست کردبێ کونە و خۆی پێدا کردووە. سەبرکە، من دەری دێنم.

دەستەکانی بەم لا و بەولای دەمییەوە گرت و دەستی بە وەڕین کرد، ڕێک وەکو ئەو تاژیانەی کە دووی نێچیر دەکەون. بە هەموو شێوەیەک دەوەڕی، دەیقروسکاند. هەموو نەفەرەکان پێدەکەنین، تەنانەت مامۆستاکەش کە هەرگیز پێنەدەکەنی.

بیل ئوم کە هەستیکرد پێی ڕادەبوێرن، توورەیی بە ڕوخسارییەوە دەرکەوت. بەڵام قەشەکە یەکسەر بابەتەکەی گۆڕی و لە خاتو رابوی پرسی:- زیادتان نەکردووە.

- بەڵێ، جەنابی قەشە، زیادمان کردووە، بەڵام بەخێو کردنیان زۆر ئەستەمە!

رابو، سەری بۆ لەقاند، وەکو ئەوەی بیەوێ بڵێت:- ئەرێ بە خودان کردنیان زۆر زەحمەتە.

- چەند منداڵتان هەن؟
- شازدە دانە، جەنابی قەشە!

رابو، بە دەنگی بەرز دەستی بە پێکەنین کرد و پەیتا پەیتا دەیگوت:

- رابو شازده منداڵی هەیە، رابو پیاوێکی ئازایە.

بەڵام بیل ئوم دەستی بەناڵە ناڵ کرد:- ئای، ئۆی، ئاخ، ئۆف... گاز لە قوڵایی گوێم دەگرێت. ئەمە چ نەگبەتیەکە!

گالیسکەکە لە بەردەم کافەیەک وەستا. قەشەکە گوتی:- ئەگەر ئەو جانەوەرە زۆر ناڕەحەتت دەکات، دەشێت کەمێک ئاو بکەیتە گوێچکەتەوە، ڕەنگە دەربچێت. حەز دەکەی تاقی بکەیتەوە؟

- بەڵێ، حەز دەکەم!

هەموو نەفەرەکان لە گالیسکەکە دابەزین تا ئەم بویەرە بدینن،

کەشیشەکە، تەشتێک ، خاولیەک و پەرداخێک ئاوی داوا کرد و بە مامۆستاکەی گوت کە سەری نەخۆشەکە بگرێت و تەواو بۆ ناو تەشتەکەی شۆڕ بکاتەوەو هەرکە ئاوەکە چووە گوێیەوە، یەکسەرو لە پڕ سەری بە لایەکەی دیدا وەربگێرێت. بەڵام کابرای قەڵەو کە دەیڕوانیە ناو گوێی بیل ئوم تا بزانێ ئایا جانەوەری تیایە یان نا، هاواریکرد:- پەح، گوێی چەند پیسە! دەبێ بە تەواوەتی پاک بکرێتەوە. برای ئازیزم، بەم جۆرە کەروێشک هەرگیز لە مرەباخانەیەی گوێچکەی تۆ نایەتە دەرێ. ناو گوێی تۆی بە ڕادەیەک لێخۆش هاتووە، کە بە ئامان و زامان نایەتە دەرێ.

قەشەکەش لە لای خۆیەوە تەمەشای ناو گوێی ئەوی کرد و گوتی:

- زۆر تەنگ و پیسە و زۆر زەحمەتە ئەو حەیوانە لەوێندەر بێتە دەرێ.

مامۆستاکە، بە تەڵە شقارتەیەک و پەڕۆیەکی پاک گوێی ئەوی پاک کردەوە. ڕێک لەو کاتەدا کە هەمووان بە بێدەنگی ڕاوەستابوون و تەمەشایان دەکرد، قەشەکە نیو پەرداخ ئاوی کرد بەو گوێیەیدا کە پاک کرابووەوە.

ئاوەکە ڕژا و دەم و چاو و قژ وگەردنی بیل ئومی تەڕکرد.

مامۆستاکە، بلەز سەری ئەوی وەکو تۆپێک بۆ سەر تەشتەکە وەرگێڕا. چەن تۆپەڵە چڵکێکی شل لە گوێی ڕژایە ناو تەشتەکە.

هەموو نەفەرەکان، ڕوانیانە ناو تەشتەکە، لێ هیچ جانەوەرێک لە گوێی نەهاتبووە دەرێ، وێڕای ئەوەش بیل ئوم گوتی:- من ئیدی هەست بە هیچ ئازارێک ناکەم.

کورە، هاوارێکی سەرکەوتووانەی کرد:- بێگومان حەیوانەکە خنکاوە. هەموو ڕێبوارەکان، خۆشحاڵ و ڕازی، سواری گالیسکەکە بوونەوە. لێ هەرکە گالیسکەکە جوڵاو کەوتەڕێ، بیل ئوم لە ناکاوا هاوارێکی ترسناکی کرد:- جانەوەرەکە بێدار بووەتەوەو زۆر توورەیە. نها چووەتە نێو کەللەمەوە و هەرچی تیایە دەیخوات.

بەردەوام خۆی تەکان دەدا وهاواری دەکرد و خانم پوارە کە پێی وابوو جنۆکە چووەتە گیانییەوە، دەستی بە گریان کرد ونیشانەی خاچی کێشا.

کە ئازاری گوێی بیل ئومی کەمتر بووەوە، گوتی:- جانەوەرەکە لە دەوری گوێما دەسووڕێتەوە.

بە قامکەکانی بە جۆرێ جوڵەی جانەوەرەکەی نیشاندەداو بە چاوەکانی بە شێوەیەک تاقیبی دەکرد لە تۆ وایە دەیدی:- تەمەشا دیسان خەریکە دەڕواتە سەرەوە! وای... ئای... ئاخ... ئۆف...! ئەمە چ نەگبەتیەکە!

کابرا قەڵەوەکە هاواریکرد:- ئاوەکە، جانەوەرەکەی هاڕوژاندووە، ڕەنگە، حەزی لە نۆشابە بێ، فێری نۆشابە (ساردی) بێت.

هەمووان لە قاقای پێکەنینیان دا، ئەو لە سەری ڕۆیی:- کە گەیشتینە کافەکەی دواتر، تۆزێ نۆشابەی بدەیە، باوەڕ بکە مت دەبێ و لە جێی خۆی ناجوڵێت.

لێ بیل ئوم، کە بەم قسانە حاڵی زۆر خراتر بوو، دەستی بە هاوار کرد، دەتگوت یەکێک دڵی دەردێنێت.

قەشەکە، داوای لە گالیسکەوانەکە کرد کە گەییە هەر ئاواییەک لە بەردەم یەکەم ماڵدا بوەستێ.

گەیینە ئاواییەکی قەراخ جادەکە. لە بەر کافەکەدا ڕاوەستان. مێزێکیان پەیدا کرد و بیل ئومیان لە سەری پاڵخست تا دووبارە دەست بە کار بکەنەوە. کابرای  قەڵەو داوای نۆشابەیەکی کرد، تا بیدات بە جانەوەرەکە و خەوی لێبکەوێت، یان بیکوژێت. لێ قەشەکە پێشنیازی کرد سرکە بکاتە گوێی بیل ئومی یەوە.

ئەمجارەیان سرکەکەیان دڵۆپ دڵۆپ تکاندە کوێیەوە تا بە تەواوی بچێتە کرکراگەی گوێیەوە. پاشان چەند خولەکێک چاوەڕوانیان کرد تا سرکە بە باشی لە گوێیدا بگیرسێتەوە. ئەوسا تەشتێکیان هێنا و کەشیشەکە و کابرا قەڵەوەکە کە زۆر بە قوەت بوون، بە پەلە سەری بیل ئومیان بۆ سەر تەشەتەکە وەرگێڕا. لە هەمان کاتدا مامۆستاکە بە گوێچکە ساغەکەی بیل ئومیا دەکێشا تا گوێچکە بە ئازارەکەی بە تەواوی بەتاڵ ببێتەوە.

گالیسکەوانەکە بە خۆ و قامچیەکەیەوە هاتە پێشەوە تا تەمەشا بکات. لە ناکاوا نەفەرەکان، جانەوەرێکی قاوەیی بچکۆلەیان لە بنی تەشتەکە دا بینی کە لە دەنکە گەنمێک بچووکتر بوو و دەجولایەوە. هەمووان کە چاویان بەم جانەوەرە کەوت، لە سەرسامیا هاواریان کرد و بە دەنگی بەرز لە قاقای پێکەنینیان دا.

- کێچە! زۆر سەیرە!

کابرای قەڵەو بە ورگی خۆیا دەکێشا، گالیسکەوانەکە کەوتە قامچی بادان، کورە شێت ئاسا پێدەکەنی، مامۆستا وەکو یەکێک خەریکی فنگ کردن بێ، بەو ئاوایە پێدەکەنی. دووان لە خانمەکان لە خۆشیا سووکە هاوارێکیان کرد.

بیل ئوم، لە سەر مێزەکە ڕۆنیشتبوو، تەشتەکەی نابووە سەر زرانییەکانی و بە ویقار و بە وردی و بە جۆرە تووڕەییەکی شادی ئامێزەوە، چاوی لە جانەوەرە چکۆلە شکست خواردووەکە بڕی بوو کە لە نێو ئاوەکەدا دەخولایەوە. ئەو هاواریکرد:- هەی جانەوەری نەگریس!

و تفێکی لێکرد.

گالیسکەوانەکە، بە خۆشحاڵییەوە شێت ئاسا دەیگوت و دەیگوتەوە:

- کێچێک، تاقە یەک کێچ! سەیرە؛ بە ڕاستی سەیرە!

پاشان هاواریکرد:- درەنگە. با بڕۆین سوار بین.

نەفەرەکان بە پێکەنینەوە بەرەولای گالیسکەکە بەڕێ کەوتن.

لەم بەینەدا، بیل ئومی کە لە دوای هەمووانەوە دەهات، گوتی:- من بۆ گوندی دەگەڕێمەوە، چونکە ئیدی هیچ کارێکم لە شار نییە.

گالیسکەڕانەکە گوتی:- قەیدی نییە. بەڵام دەبێ کرێی تەواو بدەیت!

- تەنیا نیوەی کرێکە دەدەم، چونکە تا نیوەی ڕێگاکە هاتووم و لێرەوە دەگەڕێمەوە.
- نەخێر دەبێ هەموو کرێکە بدەی، چونکە لە هەوەڵەوە قەرار وابوو کرێی تا گەراج بدەیت.

دەستیان بە گەنگەشە کرد وهێندە لە سەری ڕۆیشتن کە هەردووکیان تووڕە بوون.

بیل ئومی سوێندی دەخوارد کە لە بیست سکە زیاتر نادات. گالیسکەوانەکە دەیگوت کە هەرچۆنێ بووە چڵ سکەی لێوەردەگرێت.

ئەمانە ڕووبەڕوو چاویان لە دوڕ چاوی یەکدی بڕی بوو.

کابرا قەڵەوەکە دووبارە لە گالیسکەکە دابەزی و بە بیل ئومی گوت:- یەکەم تۆ دەبێ چل سکە بە جەنابی قەشە بدەی کە چاکی کردیتەوە. پاشان دەبێ هەمووان دەعوەتی ساردی بکەی، کە هەمووی دەکاتە پەنجا و پێنج سکە. بیست سکەش هەقی کرێیەکەت بدەی. باشە؟

گالیسکەوانەکە کە دەیبینی بیل ئومی دەبێ بەم حیسابە هەفتا و پێنج سکە بدات، زۆر خۆشحاڵ بوو. گوتی:- باشە، دەی کوا بیل ئوم ئەو پارەیە بدە.

- نایدەم، خۆ قەشە دکتۆر نییە.
- ئەگەر پارەکە نەدەی، سواری گالیسکەکەت دەکەم و تا ناوەندی شار دەتبەم.

کابرای قەڵەو، بیل ئومی وەکو منداڵێک لە ئەرزەکە بەرز کردەوە. بیل ئوم، سەیری کرد باشتر وایە بەرەڤانی نەکات:- جزدانەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و هەموو کرێکەی دا.

گالیسکەکە بەرەو شار بەڕێکەوت، بیل ئوم بەرەو گوندەکەی خۆیان دەگەڕایەوە. هەموو ڕێبوارەکان، بە بێئەوەی چ قسەیەک بکەن، چاویان بڕی بووە جادە سپیەکە و دەیانڕوانییە عەبا شینەکەی ئەو دێهاتیەی، کە داوێنەکەی لە کاتی ڕێکردنا، بە سەر لاقە قەڵەوەکانیا، بەدەم بایەکەوە دەشەکایەوە.

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# دوئیل

شەڕی ١٨٧٠– 1871ی نێوان فەرەنسا وئەڵمانیا تازە کۆتایی هاتبوو و ئەڵمانەکان، فەرەنسایان داگیر کردبوو. لە پاریسی ترساو، برسی ونائومێدەوە، هەوەڵین قیتاران کە بەرەو سنووری تازە دەڕۆیشتن، دەردەچوون و بە خاوی بە مەزراو شارەکاندا دەبوورین. ڕێبوارانی ناو ئەم قیتارانە، لە پشت پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانیە دەشتە سوتماکەکان و گوندەوارە وێرانەکان. لە بەر دەرگای ئەو خانوانەدا کە هێشتا بە پێوە مابوون، سەربازانی پرووسی (ئەڵمانی) بە خۆ وکڵاوخوودە ڕەشەکانیانەوە دەبینران کە لە سەر تەخت یان بە سواری ئەسپەوە، پایپیان دەکێشا و هەندێکیان وەکو ئەندامی یەک ماڵبات مژوولی کار یان قسان بوون و لە شارەکانیشدا، فەوج و بەتالیۆنانی سوپایی داگیرکەران، لە مەیدانەکاندا، مەشقیان دەکرد.

مسیو دوبوئی، کە بە درێژایی ماوەی گەمارۆکەی پاریس ئەندامی گاردی نیشتمانی بوو، بەر لە داگیرکردنی فەرەنسا، هەر بۆ ئیحتیات ژن و منداڵەکەی بۆ سویسرا ناردبوو و نها بە قیتار بۆ ئەو وڵاتە دەڕۆیی، تا بگاتە لای ژن ومنداڵەکەی. ئەم پیاوە بەرلە شەڕ بازرگانێکی دەوڵەمەند و بێوەی وئاشتیخواز بوو، بە ناچاری تەحەموولی بویەرە تاڵەکانی شەڕ وهۆڤیگەری ئەڵمانەکانی کردبوو. زۆر شەوی سەرما وسۆڵەی لە ناو سەنگەرانی پاسەوانیدا ڕۆژ کردبووەوە، نها کە شەڕ کۆتایی هاتبوو، دەیویست لە سنوور دەباز بێ و بۆ یەکەمجار سەربازانی پرووسی دەبینی.

بە ترس و ڕقەوە تەمەشای ئەم سەربازە چەکدارانەی دەکرد، کە لە خاکی باب و کالانی ئەودا وەکو ماڵی خۆیان دایان کوتابوو، سۆزی توندی نیشتمانپەروەری بە دەمارەکانیا دەڕۆیی، بەڵام نەیدەتوانی هیچ کاردانەوەیەکیان لە هەنبەردا بنوێنێ.

لە فارگۆنەکەی ئەودا دوو ڕێبواری ئینگلیز کە بۆ گەشت وگەڕان بۆ فەرەنسا هاتبوون، دانیشتبوون و بە نیگای ئارام وکونجکاو، تەمەشای هەموو شوێنێکیان دەکرد. لە بەینی خۆیاندا بە زمانی ئینگلیزی دەئاخفین و جارجار تەمەشایەکی ڕێنما گەشت و گوزاریەکەیان دەکرد و بۆ دۆزینەوەی ئەو شوێنانەی مەبەستیان بوو، بە دەنگی بەرز دەیانخوێندەوە.

لە ناکاوا، وەختایەک کە قیتارەکە لە وێستگەیەکی یەکێک لە باژێرۆکەکاندا وەستا، ئەفسەرێکی پرووسی کە شمشێرێکی بە قەدەوە بوو و لە پلیکانەی قیتارەکەی دەدا و تەق و هۆڕێکی زۆری دەنایەوە، سواری قیتارەکە بوو. پیاوێکی کەتەی تێکسمڕاوی، سمێڵ درێژی ڕیشنی موو سوور بوو کە ئونیفۆرمێکی تەنگی بەدەن چەسپی لە بەر بوو. دوو ڕێبوارە ئینگلیزەکە، بە زەردە خەنەوە کەوتنە تەمەشاکردنی، لێ مسیو دوبوئی کە ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە بوو و وای دەنواند خەریکی خوێندنەوەیە، لە جێی خۆی کزکۆڵەی کردبوو.

قیتارەکە دووبارە کەوتەوە ڕێ و دوو ڕێبوارە ئینگلیزەکە، لە کاتێکا بە چاو بۆ شوێنەواری ڕابردووی شەڕەکە دەگەڕان، درێژەیان بە ئاخافتنی خۆیان دا کە لە ناکاوا یەکێکیان بە دەست گوندێکی دوورە دەستی بە هاوڕێکەی نیشاندا و ئەفسەرە پرووسییەکە کە پاڵی دابوو بە تەختەکەی خۆیەوە ولاقەکانی درێژ کردبوون، بە زمانی فەرەنسی، بەڵام بە فۆنەتیکی ئەڵمانی گوتی:– من لەم گوندەدا سیازدە فەرەنسیم کوشتووەو پتر لە سەد نەفەریشم لێ بە دیل گرتوون.

دوو ئینگلیزەکە، کە سەری بابەتەکە کرایەوە، ناوی گوندەکەیان پرسی وئەفسەرە پرووسییەکە لە وەڵاما گوتی:- فارسبورگ و لە سەری ڕۆیی: من گوێی ئەم فەرەنسیە نەگریسانەم گرت و ڕام کێشا. بەدەم ئەو قسانەوە دەیڕوانیە مسیو دوبوئی و بە کەش و فش و پۆز لێدانەوە، پێدەکەنی.

قیتارەکە کەوتبووە ڕێ ولە گوندەوارە داگیرکراوەکان ڕەت دەبوو. سەربازانی ئەڵمانی وەکو مار ومێرو، بە سەر جادەکانەوە، لە ڕەخی مەزراکان، لە دیار بەنداوەکان، لە بەر کافەکان و لە هەموو شوێنێک دەبینران.

ئەفسەرە ئەڵمانیەکە، بە دەست جوڵانەوە لە سەری ڕۆیی و گوتی:

- ئەگەر من فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا بام، پاریسم داگیر دەکرد. هەموو شوێنێکم دەسووتاند و گشت فەرەنسییەکانم دەکوشت.

دوو ڕێبوارە ئینگلیزەکە بە ئەدەبەوە بەرسڤیان دایەوە:- بەڵێ.

ئەفسەرە پروسییەکە لە سەری ڕۆیی وگوتی:- تا بیست ساڵی دی، هەموو ئەوروپا دەبێ بە هی ئێمە. ئەڵمان لە هەمووان بەهێزترە.

لێرەدا دوو ئینگلیزەکە نیگەران دەهاتنە بەرچاو. لێ خۆیان لە بێدەنگی دا و هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە.

ئەفسەرە پروسییەکە، دەستی بە پێکەنین کردەوە، لە کاتێکا بەدەم پێکەنینەوە بە پشتا خوار دەبووەوە، دەستی بە تەوس و توانجان کرد، کەوتە گاڵتە کردن بە نەمسا کە تازە لە لایەن ئەڵمانەکانەوە گیرابوو، پاشان کەوتە گاڵتەکردن بە فەرەنسا، ئەگەرچی بەرەڤانییەکی سەرسەختانەی لە شەڕدا کردبوو، کەوتە گاڵتەکردن بە تۆپخانە و چەک و جبەخانەی فەرەنسیەکان و ئەنجام گوتی کە بسمارک بەو تۆپانەی کە لە شەڕەکەدا گرتوونی شارێکی ئاسنین دروست دەکات ویەکسەر پێیەکانی بەرەو مسیۆ دوبوئی درێژ کردن و مسیو دوبوئی کە سووری سوور بووبووەوە، چاوی بۆ لای ئەو هەڵبڕی و مۆڕەیەکی لێکرد.

دوو ڕێبوارە ئینگلیزەکە بە درێژایی ئەم ماوەیە بێ موبالات دەهاتنە بەرچاو.

ئەفسەرە ئەڵمانیەکە پایپەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و لە کاتێکا ڕاستەوخۆ دەیڕوانیە چاوانی مسیو دوبوئی، پرسی:- تۆ تووتنت نییە؟ مسیو دوبوئی بەرسڤی دایەوە:- نەخێر، بەڕێز.

ئەفسەرە ئەڵمانیەکە گوتی:- من داوات لێدەکەم کە قیتارەکە وەستا، بچۆ بڕێک تووتنم بۆ بکڕە.

و دووبارە دەستی بە پێکەنین کردەوەو لە سەری ڕۆیی:- بەخشیشت دەدەمێ.

قیتارەکە، شووتێکی لێدا و هێواشی کردەوەو بە بەر بینایە نیوە سووتەکەی وێستگەکەدا ڕەت بوو و ئەوسا وەستا.

ئەفسەرە ئەڵمانییەکە دەرگای فارگۆنەکەی کردەوەو لە حاڵێکا بازووی مسیو دوبوئی گرتبوو گوتی:- خێرا بڕۆ، تووتنەکەم بۆ پەیدا بکە.

دەستەیەک سەربازی ئەڵمانی وێستگەکەیان داگیرکردبوو و لە پشت تەیمانە دارینەکانەوە، تەمەشای دەرەوەیان دەکرد.

قیتارەکە، شووتێکی لێدا کە دووبارە بکەوێتەڕێ ومسیو دوبوئی خۆی هەڵدایە سەر سەکۆی وێستگەکە و وێڕای ئاماژەکانی بەڕێوەبەری وێستگەکە، بلەز خۆی بە فارگۆنەکەی تەنیشتدا کرد. لەوێ بە تەنیا بوو، لە کاتێکا دڵی بە تووندی لێی دەدا و هانکە هانکی پێکەوتبوو، دوگمەکانی پاڵتۆکەی کردنەوەو ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی.

قیتارەکە، لە وێستگەکەی دواتر دووبارە وەستا و لە ناکاوا ئەفسەرە ئەڵمانیەکە کە دوو ڕێبوارە ئینگلیزەکەش لە ڕووی کونجکاوییەوە لە دووی بوون، لە پای پلیکانەی قیتارەکەدا پەیدا بوو و هاتە سەرەوەو ڕووبەڕووی مسیو دوبوئی دانیشت، بەدەم پێکەنینەوە گوتی:- نەتویست داواکەم جێبەجێ بکەیت؟

مسیو دوبوئی بەرسڤی دایەوە:- نەخێر جەناب.

قیتارەکە دووبارە خۆی ئامادە دەکرد کە بکەوێتەڕێ کە ئەفسەرە ئەڵمانەکە گوتی:- من سمێڵت دەردێنم و لە جیاتی توتن دەیکەمە پایپەکەمەوە.

و دەستی بۆ ڕوخساری مسیو دوبوئی برد. دوو ڕێبوارە ئینگلیزەکە بە خوێنساردی چاوی بڕی بووە ئەم دیمەنە.

لەم کاتەدا ئەفسەرە ئەڵمانەکە چەند تاڵە موویەکی لە سمێڵی مسیو دوبوئی ڕاکێشا کە لە پڕ مسیو دوبوئی، بە پشتی دەست یەکێکی کێشا بە بازوویدا و یەخەی گرت و دای بە سەر تەختەکەدا و لە کاتێکدا لە تووڕەییدا شێت بووبوو و لاجانگەکانی ئاوسابوون و چاوەکانی سوور بووبوون، بە دەستێک گەرووی گرت وبە دەستەکەی تری کە کوڵە مستی گوشی بوو، سەر وچاوی بە تووندی دەکوتایەوە.

ئەفسەرە ئەڵمانییەکە هەوڵیدەدا، شمشێرەکەی دەربێنێ ودژمنەکەی خۆی کە خۆی دابوو بە سەریا بە یەکجارەکی بێدەنگ بکات، بەڵام مسیو دوبوئی کەلەشە زەلامەکەی دابوو بە سەریا و بەردوام و بێئەوەی نەفەس تازە بکاتەوە یان بزانێ مستەکانی بەرکوێ دەکەون، گەنم گردی سەر وگوێلاکی دادەگرتەوە.

خوێن بە سەروچاوی ئەفسەرە ئەڵمانیەکەدا دەهاتە خوارێ وخنکە خنکی پێکەوتبوو و ددانە شکاوەکانی تف کردەوە سەر زەوییەکە و بێهودە هەوڵیدەدا یارۆ فەرەنسیە تووڕەکە لە خۆی دوور بخاتەوە.

دوو ڕێبوارە ئینگلیزەکە لە جێی خۆیان هەستابوون و لەوان نزیک بووبوونەوە، تا باشتر بیاندینن. ئەو جووتە خۆشحاڵ و کونجکاو، تەنانەت ئامادەبوون گرێو بکەن کە کێ لەو دووە سەردەکەوێ و پاشان مسیو دوبوئی لە ناکاوا، دوای ئەو هەموو ماندوو بوونە هەستا و بێئەوەی چ قسەیەک بکات چوو لە سەر جێگاکەی خۆی دانیشت.

ئەفسەرە پرووسیەکە بە ڕادەیەک شپرزە و لە سەرسامی و ئازارا گێژ بووبوو کە نەچوو بە لای مسیو دوبوئی دا و تەنیا کە وەخۆ هاتەوە گوتی:- ئەگەر قاییل نەبی بە دەمانچە دوئێلم لەگەڵدا بکەی، نها دەتکوژم.

مسیو دوبوئی گوتی:- بە دڵی خۆت.

ئەفسەرە ئەڵمانیەکە گوتی:- ئێرە ستراسبورگە، من پێش ئەوەی قیتارەکە دووبارە بکەوێتەوە ڕێ دوو ئەفسەری ئەڵمانی وەکو شایەد هەڵدەبژێرم.

مسیو دوبوئی که له ماندوویەتیدا هەناسە برکێی پێکەوتبوو، بە دوو هاوسەفەرە ئینگلیزەکەی گوت:- ئێوە ئامادەن ببنە شایەدی من؟

بە یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە:- بەڵێ.

و لە هەمان کاتدا قیتارەکە وەستا.

ئەفسەرە پروسیەکە لە زەرفی یەک خولەکدا دوو کەسی لە هاو ڕەگەزانی خۆی پەیدا کرد و ئەوانیش سەر و دەمانچەی سواریان دایە دەست دوو هەڤڕکەکە.

دوو ڕێبوارە ئینگلیزەکە بلەز دەڕۆیشتن، پەلەیان بوو کە زەمینە بۆ دوئێلەکە ئامادە بکەن و زوو زوو سەیری سەعاتەکانیان دەکرد و نیگەرانی ئەوە بوون نەبا قیتارەکە بکەوێتە ڕێ.

مسیو دوبوئی تا ئەو کاتە دەمانچەی بە دەستەوە نەگرتبوو. بە دەستووری شایەدەکان لە بیست شەقاوی هەڤڕکەکەیدا وەستا و شایەدەکان لێیان پرسی ئامادەیە یان نا، کاتێ ئەو بە ئەرێ وەڵامی دایەوە، دەنگی فەرمان بەرز بووەوە:- تەقە بکە.

مسیو دوبوئی، یەکسەر بێئەوەی نیشانە بگرێتەوە پلی بە پەلەپیتکەوە نا وهەنگێ بە کەماڵی سەرسامی بینی ئەفسەرە ئەڵمانییەکە کە ڕووبەڕووی ئەو وەستابوو، سەرەتا لە جێی خۆیا تەکانێکی دا وپاشان هەر دوو دەستی بەرز کردەوەو ڕاست و بێجوڵە بە دەما کەوتە سەر ئەرزەکە. ئەفسەرە ئەڵمانییەکەی کوشتبوو.

یەکێک لە دوو ڕێبوارە ئینگلیزەکە، لە کاتێکا لە خۆشحاڵیدا دەلەرزی، لە کانگای دڵەوە گوتی:- ئاه.

ئەوی دی کە هێشتا سەعاتەکەی بە دەستەوە بوو، باسکی مسیو دوبوئی گرت و بە پیاسە بەرەو وێستگەکەی برد.

ئینگلیزەکەی یەکەم، کوڵە مستەکانی گوشی بوون، ئانیشکەکانی بە خۆیەوە چەسپاندبوو، بەدەم ڕاکردنەوە هەنگاوەکانی دەژمارد و دەیگوت:- یەک، دوو! یەک دوو!

بە سێ قۆڵی، وێڕای ورگە زەلامەکانیان کە لە کاریکاتۆرانی ناو ڕۆژنامانی کۆمیدی دەچوون، شانبەشانی یەکدی بلەز هەنگاویان دەنا.

قیتارەکە، ئامادەی حەرەکەت بوو و ئەوان بلەز سوار بوون. هەنگێ ئەو دوو ئینگلیزە کڵاوە سەفەرییەکانی خۆیان لە سەر داکەنی و لە کاتێکا بەرزیان کردبوونەوە و تەکانیان دەدا، سێ جاری یەک لە سەر یەک هاواریان کرد:- هیپ، هیپ، هورا!

ئەوسا دوو ڕێبوارە ئینگلیزەکە، یەک لە دوای یەک دەستی ڕاستی مسیو " دو بوئی "یان بە گەرمی گوشی و ئەوسا هەر یەکە دووبارە لە جێی خۆ دانیشتنەوە.

سەرچاوە: مادموازل فی فی/ گی دو موپاسان/ ترجمه: کوتوال انتقامی/ چاپ/ ۱۳۷۲، انتشارات پائیز – انتشارات دیلمان.

## جێگر

- خا بندروا؟
- بەڵێ خا بندروا.
- مەحاڵە.
- هۆش و گۆشی نەماوە.
- خا بندروا؟ خانمە بە تەمەن و دیندار و بەڕێزەکە؟ ئەوخا بندروایەی کە کڵاوی تۆڕی لە سەر دەکات و قژە وردە دەستکارەکەی دەڵێی بەم لاو و بەولای سەریەوە چەسپیوە؟
- خۆیەتی.
- ئەها، ئەوە تۆ شێتی؟
- من... سوێن... سوێندت بۆ دەخۆم.
- کە وایە، حاڵ و حیکایەتەکەم لە نووکەوە بۆ بگێڕەوە.
- حاڵ و حیکایەتەکە بەمجۆرەیە لە زەمانی ژیانی جەنابی بندروادا، کە بەڕیوەبەرێکی کۆن و کارامە بوو، بە گوتەی خەڵکی ژنەکەی بۆ کار و باری شەخسی خۆی پێشکاری هەبوو. ئەو یەکێک بوو لەو بورژوا بەڕیزانەی کە وەکو گەلێک لە هاوتایانی خۆی هەندێ خەوشی پەنهانیان هەیە و پابەندی هەندێ ئوسوڵی نەگۆڕن.

هەرکە جەنابی بندروا مرد، بێوەژنەکەی بە دەرامەتێکی ساڵانەی باش، ژیانێکی ئارامی گرتەبەر. بە بەردەوامی دەچووە کڵێسا.بە چاوی سووکەوە تەمەشای هاوڕەگەزانی خۆی دەکرد و بە تانە و توانجەوە باسی دەکردن و ڕێگەی نەدەدا کەس باسی بکات.

پاشان ڕوو لە پیری چوو و گۆڕا بۆ ژنێکی ساویلکەی، ڕوو گرژی، دەم پیسی کینە کێش و ڕکونی کە خۆتان دەیناسن.

بەڵێ، ئەو بویەرە باوەڕ نەکردەنییە پێنج شەممەی ڕابردوو ڕووی داوە.

خۆتان دەزانن دۆستم جان دانگلمار فەرماندەی ئەو دەستە سوارە سەربازییەیە کە لە دەڤەری ڕیڤیت ئوردو بەزی کردووە.

دوێنێ بەیانی، پاش ئەوەی دەگاتە سەربازگەکە، پێدەزانێ کە دووان لە سەربازەکان، بووە بە شەڕیان و زۆریان لە یەکدی داوە.

حەیا و شەرەفی عەسکەری یاسا و ڕێسای قورسی هەیە. دوئێلێک لە نێوان ئەو دوو سەربازەدا دەکرێت و دوای ئەوە ئاشت دەبنەوە. کاتێ کە لە لایەن ئەفسەرەکەیانەوە لێکۆڵینەوەیان دەگەڵ دەکرێ سەدەمی شەڕەکەیانی بۆ باس دەکەن و دەردەکەوێ کە لە سەر خات بندروا، لە یەکیان داوە.

- ئاە!
- بەڵێ، دۆستی من لە سەر خات بندروا!
- نها، من گێڕانەوەی بویەرەکە بە سەربازی سوارە سیبال دەسپێرم تا بە دەمی خۆی بیگێڕێتەوە.

***

جەنابی نەقیب، بویەرەکە بەمجۆرەیە. نزیکەی ساڵ و نیویێک لەمە پێش، نێوان سەعات شەش و حەوتی دانی ئێوارە بوو کە من بە ڕەخی ڕوبارەکەدا پیاسەم دەکرد. لەم کاتەدا ژنێکی نا عەسکەری لە من نزیک بووەوەو وەکو ئەوەی بیەوێ پرسیاری ڕێگا بکات گوتی:

- سەرکار، ئایا دەتەوێ شەرەفمەندانە هەفتەی دە فرانک بە دەست بێنی؟

من ڕاستگۆیانە بەرسڤم دایەوە:- خانم، من لە خزمەتتدام.

هەنگێ پێی گوتم: سبەی نیوەڕۆ وەرە دیدەنیم، من خاتو بندروام و ماڵم لە کوچەی ترانشە، ژمارە شەشە.

من لە وەڵاما گوتم:- خاترجەم بە خانم، دێم.

هەنگێ لە کاتێکا بە ڕەزامەندییەوە دەڕۆیی، لە سەری ڕۆیی:- سەرکار زۆر سوپاست دەکەم.

منیش وەڵامم دایەوە:- خانم دەبێ من سوپاسی تۆ بکەم.

تا ڕۆژی دوایی بەدەم بیرکردنەوەوە لەم بابەتە، دەتلامەوە.

سەعات دوازدە، من لە زەنگی دەرگای ماڵەکەیم دا. بە خۆی هات و دەرگای کردەوە و بۆ ژوورەوەی بردم و بێ چ پێشەکییەک گوتی:- دەبێ بەڵێن بدەی کە سرِ قایم بیت و ئەم بابەتە لە هیچ کوێ باس نەکەی کە پارەیەکی باشت دەدەمێ.

منیش بە درەنگێکەوە قەبووڵم کرد. خانم گوتی:- هەموو سێ شەممەیەک بۆ ئەوێندەر برِۆم و بۆ تەسەلای روحی مێردەکەی مارشی عەسکەری لێبدەم.

هەرچەندە ئەم مەسەلەیەم هەندێک بەلاوە بێ مانا و سەیر بوو لێ قەبووڵم کرد.

ئەو کارەی کە دوایی کردم، لە بەر ئەوە نەبوو کە ئەو جێی تەماح بێ، چونکە ئەو تەمەنی جوانی تێپەڕاندبوو و ئیدی پارە چەند کەمیش بێ، جێی تەماحە و نابێ پیاو ئیراد لە کاری خەڵکی بگرێت. چونکە پیاو کەس و کاری هەیە و دەبێ چاوی تێوەیان بێ و ئاگای لێیان بێ.

لەم ڕووەوە بە خۆم گوت:- دەبێ سەد " سوویەک " زیادە وەربگرم بۆ باوکم.

جەنابی نەقیب، کاتێ ئەو کارە دژوارە سەری گرت، من ئامادە بووم کە هەموو سێ شەممەیەک برِۆم. ئەو زیاتر حەزی دەکرد، ئەو کاتە نەڕۆم. لێ من پێمگوت:- هەرکەسە وسەلیقەیەکی هەیە. بەهای یەک پەرداخی بچووک دوو " سووە "، بەڵام دوو پەرداخی بچووک بایی چوار " سووە " .

ئەو باش لە مەبەستم حاڵی بوو، سکەیەکی دە فرانکی نایە قوولی مستم. ئەم سکەیە بە هیچ کلۆجێ بە کەڵکی من نەدەهات، چونکە ئەو جۆرە سکەیە لە گیرفانتەوە دادەخزێ و ئەگەر پانتۆڵەکەت باش نەدورابێ، لە ناو پۆستاڵەکەتدا دەیدۆزیتەوە، یان لەوەیە هەر نەیدۆزیتەوە.

کاتێ کە سەیری ئەو سکە بچووکە زێڕەم دەکرد و ئەو قسانەم لە گەڵ خۆدا دەکرد، ئەو تەمەشای منی دەکرد، پاشان سوور بووەوە و قەڵافاتی من ئەوی خستە گومانەوە و لە بەر ئەوە لێی پرسیم:

– باشە وێنا دەکەی ئەم پارەیە کەمە و بەش ناکات؟

گوتم: خانم، مەسەلەکە تەنیا ئەمە نییە، لێ ئەگەر بۆ تۆ کێشە نییە، من زیاتر حەزم لێیە دوو سکەی سەد سووییم بدەیتێ.

پارەکەی دامێ و لە ماڵەکە وەدەرکەوتم.

جەنابی نەقیب، بەهەرحاڵ ئەم بویەرە هەژدە هەیڤی خایاند. من هەموو سێ شەممونێک، شەوانە کە تۆ قەبوڵت کردبوو مۆڵەتم بدەیتێ، بۆ ئەوێندەر دەچووم.

بەڵێ، هەفتەی ڕابردوو، نەخۆش بووم و ناچار بووم بۆ لای دکتۆر چووم. ڕۆژی سێ شەممە هات، لە کاتێکا توانای دەرچوونم نەبوو و ئیدی لە مەراقی ئەو دە فرانکەدا بووم کە خووم پێوە گرتبوو، لە دڵی خۆدا گوتم:– ئەگەر یەکێک بۆ ئەوێندەر نەچێت، من نابووت دەبم، چونکە گومانی تیا نییە لەو حاڵەدا کەسێکی تۆپچی بە کرێ دەگرێت.

ئەم بابەتە نیگەرانی دەکردم. هەنگێ من ناچار ڕووم لە "پومل"ی هاوشاریم نا کە لە جیاتی من بڕوات و پێمگوت:– تۆ بڕۆ، برا بەش سەد سوو بۆ خۆت هەڵگرە و سەد سوو بدەوە بە من.

ئەو قاییل بوو و ڕۆیی. من زانیاری تەواوم دایە. دەڕوات، لە دەرگا دەدات، ژنە دەرگای لێدەکاتەوە و دەیباتە ژوورەوە. لێ تەمەشای ڕوو و ڕوخساری ناکات و بە هیچ کلۆجێ هەست ناکات کە من نیم.

جەنابی نەقیب، بە خۆت دەزانی کە دوو سەربازی سوارە وەختێ هەردووکیان کڵاویان لە سەر بێ فەرقێکی ئەوتۆیان نییە. لێ ژنەی تاین لە ناکاوا هەست بە جیاوازییەکە دەکات و بە تووڕەیی دەپرسێت:– تۆ کێی؟ چیت دەوێ؟ من تۆ ناناسم.

هەنگێ پومل، حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و پێی دەڵێ کە من نەخۆشم و ئەوم لە جیاتی خۆم ناردووە.

ژنە تەمەشای دەکات، ئەویش سوێند دەدات کە سڕ قایم بێ و ئەم ڕازە لە هیچ شوێنێک نەدرکێنێت.

لێ جەنابی نەقیب، کاتێ ئەم جاسووسە زڤڕییەوە، ئیدی تەماح گرتی و نەیدەویست سەد سووەکەی خۆمم بداتێ، خۆ ئەگەر ئەم پارەیە بۆ خۆم بوایە، هیچم نەدەگوت، بەڵام ئەم پارەیەم بۆ باوکم بوو، باوەڕبکە درۆ ناکەم.

پێمگوت:– تۆ وەکو سەربازێکی سوارە ڕەفتارێکی ئابڕومەندانە ناکەی، تۆ ئابڕووی جل و بەرگی سوپایی دەبەیت.

جەنابی نەقیب، ئەو دەستی بەرز کردەوە وگوتی ئەو کارە دژوارە، بایی دوو هێندەی ئەو پارەیە بووە.

ئیدی هەرکەسە وبیر و بۆچوونێکی هەیە. وا نییە؟ ئەو هەرگیز ناچار نەبوو بێتە ڕەدا، ئیدی مستێکم بەدەم و کەپوویدا کێشا و، پاشماوەی بویەرەکە بە خۆت دەیزانی.

***

نەقیب ئانگلمار، بەدەم گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەوە، لە پێکەنینا ڕوندک بە چاوانیا دەهاتە خوارەوە، بەڵام وەکو چۆن ڕەچاوی سوێندەکەی خۆی کردبوو! بەو ئاوایە سوێندی منیشی دا کە ڕازی ئەو دوو سەربازە بپارێزم و گوتی:- نەچی خیانەت لە من بکەیت، بەڵکو ئەم ڕازە لای خۆت بپارێزە. بەڵێنم دەدەیێ؟

- خەمت نەبێ، ئەرخایەن بە. بەڵام ئەم مەسەلەیە لە ئەنجامدا چۆن بڕایەوە؟
- چۆن؟ من هەزار سوێندت بۆ دەخۆم کە دایە بندروا، هەر دوو سەربازە سوارەکەی لەلای خۆی ڕاگرت و دوو ڕۆژی جیاوازی بۆ هەر یەکێکیان دانا تا مارشی بۆ لێبدەن.
- ئەها! ژنێکی زۆر باشە، زۆر باش.
- و هەڵبەتە پیرە داک و بابیش نانێکیان دەست کەوتووە و پرەنسیپە ئەخلاقیەکەش ڕەچاو کراوە.

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# شەوی جەژنی لە دایکبوونی مەسیح

هنری تامپلیەی قەڵەو، وەکو ئەوەی ئەنجامدانی کارێکی دزێویان پێ سپاردبێت، بە دەنگێکی تووڕە دەیگوت:- شێوی شەوی جەژن! شێوی شەوی جەژن! ئەمە چییە! بەڵام نا، من ئەم شێوە ناکەم وناخۆم.

ئەوانی دی بەدەم پێکەنینەوە، هاواریان دەکرد:- بۆچی تووڕە دەبیت؟

ئەو بەرسڤی دایەوە:- چونکە شەوی جەژنی لە دایکبوونی مەسیح، خراپترین باندۆری بە سەر ژیانی منەوە هەبووە و زۆرم ڕق لەم شەوەو ئاهەنگی گەوجانەی ئەمشەوەیە.

- چۆن؟
- چۆن؟ حەز دەکەن بیزانن؟ زۆر چاکە، کەواتە گوێ بگرن:

لە بیرتانە کە پێرار چەند سەرما بوو، سەرمایەک بوو کە هەژاران لە کوچە و کۆڵاندا، لە سەرما ڕەق دەبوونەوە. ڕۆخانەی سین بەستبووی و لە شۆستە و شەقامەکانا، سەرما لە بنی پێڵاوانەوە دزی دەکرد و پێی دەتەزاند، لە تۆ وایە دنیا خەریک بوو ئاخر دەبوو.

لەو کاتەدا من کارێکی گەورەم بەدەستەوە بوو و دەمویست ئەنجامی بدەم، چونکە بەنیاز بووم شەوێ لەماڵەوە و لە سەر کورسی و مێزەکەم کارەکەم ئەنجام بدەم، هەموو جۆرە دەعوەتێکم بۆ شێوی شەوی جەژنی لە دایک بوونی مەسیح ڕەتکردەوە. ئەو شەوە بە تەنیا شێوم خوارد و پاشان دەستم بە کارکردن کرد. لێ دەوروبەری سەعات دە، تەسەوری ئەو کەیف و شادییەی کە پاریسی داگرتبوو، هەرا و زەنای خەڵکی ناو کوچە و کۆڵانەکان، کە دەهاتە گوێ و هەرا و هەنگامەی ئامادەکردنی شێو لە لایەن دەر و دراوسێکانەوە کە لە تیغە دیوارەکانەوە دەگەییە گوێ، نارەحەتی کردم.

نەمدەزانی چ بکەم، ڕستەێن گەوجانە و بێ سەر و بەرم دەنووسی و بۆم بەدیارکەوت، کە ئەو شەوە مەحاڵە شتێکی باش بنووسم و دەبێ ئەوە لە مێشکی خۆم دەربکەم.

کەمێک بەنێو ژوورەکەدا ڕۆیشتم، دانیشتمەوە، دووبارە هەستام. دیار بوو، باندۆری نهێنی ئامێزی کەیف و شادییەکەی دەرەوە، منیشی گرتبووەوە و ئەنجام ڕادەست بووم.

کارەکەرەکەم گازکرد وپێمگوت: ئانگل، هەرە چەند قرژاڵێک، کەوێکی بەستوو، هەندێ سەدەفی خواردن، ژامپۆن و شیرینیم بۆ بکرە، هێندە بێ کە بەشی شێوی دوو کەس بکات، دوو شامپانیاش بکرە، لە سەر مێزەکە دایان بنە و، ئەسبابی سفرە ڕێک بخە و برۆ بخەوە.

قەرەواشەکە(کارەکەر) کە هەندێک سەرسام بووبوو، دەستوورەکەی ئەنجام دا. کە هەموو شتێک ئامادە بوو من پاڵتۆکەم بە شانما دا و وەدەرکەوتم.

بەڵام ئەوەی گرینگ بوو و دەبوایە یەکلایی بکرێتەوە ئەمە بوو کە من دەمویست دەگەڵ کێدا شێو بخۆم؟ دۆست و بناژۆکانی من هەریەکەیان لە جێیەک دەعوەت کرابوون، ئەگەر ویستبام لە گەڵ یەکێکیاندا بوایەم، دەبوایە پێشتر قەرارم لە گەڵیا کردبا. لەم کاتەدا بیرۆکەیەکم بە خەیاڵدا هات کە کارێکی خێر بکەم و لە دڵی خۆدا گوتم پاریس پڕە لە خیزانێن هەژاری ئەوتۆ کە نانی شەوێیان نییە و بەو ئومێدەی تووشی گەنجێکی

خێرەومەند بن، بە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوەو من دەمویست لە شەوی جەژنی لە دایکبوونی مەسیح دا ببم بە فریشتەی خواوەند و فریای یەکێک لەم هەژارانە بکەوم.

من دەمویست بە گەڕان وتاقیب وپرس وجۆ، کەسێک بدۆزمەوە بە دڵی خۆم بێ، بەو مەبەستە بەناو ڕێگاوبانەکانی شار کەوتم. لە ناکاوا ژن وپیاوێکی زۆر گەنج، لێ زۆر شڕۆڵەم دیتن. من پێشنیازی خۆم پێگوتن کە پیاوەکە یەکسەر قەبووڵی کرد.

دوای چارەکە سەعاتێک، بە سێ قۆڵی گەیشتینە شوقەکەی من و لە دەوری مێز وخوانەکە دانیشتین. ژنەکە کە هاتە ژوورەوە گوتی:- ئەها! ئینسان لێرەدا هەست بە ئاسوودەیی دەکات.

پیاوەکە، بە ڕەزامەندییەکی ئاشکراوە، لەوەی کە بەو تۆفە شەو وسەهۆڵبەندانە جێگە و نان و خوانی دەست کەوتبوو، دەیڕوانیە دەوروبەر.

ژنەکە کڵاوەکەی لادا و پاڵتۆکەی داکەند، هەنگێ ڕۆنیشت و دەستی بە نانخواردن کرد، بەڵام پێنەدەچوو حاڵی باش بێ، ناوبەناو ڕوخسارە زەردەکەی دەلەرزی، پێدەچوو بەدەم خەمێکی پەنهانەوە ئازار بچێژێ.

لێم پرسی:- چییە، ناڕەحەتی؟

مێردەکەی کە نیگەران دیار بوو گوتی کە هاوسەرەکەی نەخۆشە.

دووبارە پرسیم:- هەست بە نەخۆشی دەکەیت.

لە ناکاوا هاوارێکی دڵتەزێنی کرد و من کە مۆمێکم بەدەستەوە بوو، بلەز لێی نزیک بوومەوە.

ڕوخساری لە ئازارا تێکچوو بوو، دەستەکانی هەڵدەگلۆفت. من، بە پەرێشانی پرسیم: چیتە؟ پێم بڵێ چیتە؟

ئەو بەرسڤی نەدایەوەو دەستی بە هاوار کرد.

لە ناکاوا، هاوسێکان کە گوێیان لەو هەرا و زەنایەی ماڵەکەی من بوو، بێدەنگ بوون، من دووبارەم کردەوە:- چیتە، پێم بڵێ، کوێت دێشێت؟

ژنەی تاین بە لاڵە پەتە گوتی:- ئاخ! سکم! سکم!

یەکسەر زانیم کە هاوسەری میوانەکەم ژانی منداڵ بوون گرتوویەتی.

هەنگێ ئاگام لە خۆ نەما، ئەقڵم بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیی، بەرەو دیوارەکە غارم دا و تا هێزم تیا بوو بە مست کەوتمە لێدانی دیوارەکە و هاوارم کرد:- فریام بکەون، ئەی هاوار بە هانامەوە بێن.

دەرگای ژوورەکەم کرایەوەو کۆمەڵێک بلەز خۆیان بە ژوورا کرد، ژمارەیەک لە شێوەی تورکان یان چەکدارانی قەیمی هێرشیان هێنابوو. هێرشەکەیان بە جۆرێ پەشۆکاندمی کە نەمتوانی هیچ گفتۆگۆیەکیان دەگەڵدا بکەم. ئەوان وایان وێناکردبوو بویەرێک قەوماوە یان لەگینە تاوانێک ڕوویدابێ و ئیدی سەریان لە هیچ دەرنەدەچوو.

ئەنجام من گوتم:- ئەم... ئەم... ئەم ژنە منداڵی بووە.

هەنگی هەمووان بە وردی کەوتنە تەمەشاکردنی ئەو و هەریەکیان قسەیەکی کرد. بە تایبەتی قەشەیەکی کاپوسینی کە دەیگوت ئەو دەناسێت و دەیویست خزمەت بە دنیای بەشەرییەت بکات.

من بە سەری کۆتەوە، بلەز بە پلیکانەکاندا داگەڕام، بۆ ئەوەی ئەو پزیشکە پیرە بدۆزمەوە کە لە کۆڵانەکەی تەنیشتمانەوە ئاکنجی بوو.

وەختایەک لەگەڵ پزیشکەکەدا زڤڕیمەوە، هەموو خەڵکی ساختمانەکە لە خەو هەستابوون و نیۆنەکانی سەر پلیکانەکانیان هەڵکردبوو و خەڵکی هەموو نهۆمەکان، ڕژابوونە ناو شۆقەکەی منەوە. چوار کرێکاری بارەندازیش لە دەوری مێزەکە ڕۆنیشتبوون. ملیان نابوو بە شامپانیا و قرژاڵەکانی منەوە.

کە چاویان بە من کەوت، هەموو کەوتنە هاوار و خانمێکی شیر فرۆش، پارچەیەک گۆشتی بچووکی ترسناکی، پڕ چرچ و لۆچی، لە خاولییەکەوە پێچاوبوو کە دەگریا و وەکو پشیلە دەیمیاواند، بە من نیشانداو گوتی:- کچە!

پزیشکەکە ژنە زەیستانەکەی معایەنە کردو چونکە بویەرەکە یەکسەر دوای خواردنی شێو ڕووی دابوو، ڕایگەیاند کە حاڵی زۆر دیار نییە و بڕێک گۆنگە، وەختایەک لە شۆقەکە وەدەرکەوت گوتی بە زووترین کات پەرستا رو مامانێکم بۆ دەنێرێت.

ئەو دوو ژنە، واتە پەرستار و مامانەکە، دوای یەک سەعات بە خۆ وکارتۆنێک دەوا و دەرمانەوە هاتن.

من کە زۆر پەشێو و پەرێشان بووم و بیرم لە ئاقیبەتی ئەم کارە دەکردەوە، شەوم بەسەر تاقە قەنەفەیەکەوە ڕۆژ کردەوە.

بەیانی زوو، پزیشکەکە دووبارە هاتەوە و وەزعی نەخۆشەکەی بەدڵ نەبوو. ڕوویکردە من و گوتی:- بەڕێز، خێزانەکەت...

قسەکەم پێبڕی و گوتم:- خێزانی من نییە.

و بەدەست مێردی ئەو ژنەم، کە تا ئەو کاتە هێشتا هەر حایر و حەپەساو چاوی بڕی بووە ژنەکەی، نیشاندا.

پزیشکەکە دووبارە گوتی:- بە هەرحاڵ ئەم نەخۆشە پێویستی بە ئیسراحەتێکی دوور ودرێژ هەیە.

چ بکەم؟ تەگبیر؟ ئایا ئەم بەلەنگازەم بۆ نەخۆشخانە ناردبا؟ من چ لە ماڵەوە و چ لە سەرانسەری گەڕەکا وەکو گوندییەکی نەفام بەنێوبانگ بووم. ناچار ئەوانم لە نک خۆم گل دایەوەو ئەو شەش هەفتەی لە جێگاکەی مندا بەسەر برد.

لەم ماوەیەدا بۆم دەرکەوت کە ئەم ژنە لە ڕووی ئەقڵ وهۆشەوە تەواو نییە ومێردە نەگبەت وقەرە بەختەکەشی کە وەزع و حاڵەکەی بەو شێوەیە بینی، دوای چەند ڕۆژێک غەیب بوو و ئیدی سەری هەڵنەدایەوە.

بەڵام منداڵەکە؟ من بۆ گوندی پواسی ( ئاواییەکە لە قەراخ جەنگەڵی سن جرمن، کەوتووەتە ڕەخی چەپی ڕوباری سینەوە ). بۆلای جووتیارانم نارد. ئەم کارە، زۆرم لە سەر کەوت، دەبوا مانگانە تا ماوم، پەنجا فرانک کرێی بە خێو کردنەکەی بدەم و دوای ماوەیەکی کەم منی بە باوکی خۆی دەزانی.

گوێدێرەکان پرسییان:- دوایی؟

ئەو وەڵامی دایەوە:- پاشان ئەو ژنە، لەڕ و لاواز وەکو پشیلەی سەر شیروانی لێهات، ئیدی لە ماڵەکەم وەدەر ناو نها لە کوچە و کۆڵانان خۆی مەڵاس دەدات، تا هەرکاتێ بەو ناوەدا تێپەڕ بم تەمەشام بکات و شەوان کاتێ لە ماڵ وەدەر دەکەوم، پێشم پێدەگرێ تا دەستم ماچ بکات و ئەوەندەم ئەزیەت دەدا تا ئاقیبەت شێت دەبم.

لە بەر ئەمەیە کە ئیدی هەرگیز ئامادە نیم خواردنی شێوی جەژنی لە دایکبوونی مەسیح بخۆم.

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

"من که پێمگوتن کەس باوەڕ بەو چیرۆکە ناکات.

وێڕای ئەوەش ئەو چیرۆکە بگێڕەوە.

قەبووڵ دەکەم. لێ هەستدەکەم پێویستە لە پێشا ئەوەتان بۆ دووپات بکەمەوە هەرچەندە چیرۆکەکەم بە ڕواڵەت لە واقیعەوە دوورە، بەڵام لە هەموو ڕوویەکەوە ڕاستە. تەنیا نیگارکێشان، بەتایبەتی نیگارکێشانی پیر، کە ئەم سەردەمە بە چاکی دەناسن و دەزانن کە گیانی لێبۆکبازی و شۆخیبازی بە ڕادەیەک بە سەریا زاڵە و باڵی بە سەردا کێشاوە کە لە قورسترین هەل ومەرجشدا ڕەگی لە بیر کردنەوەدا داکوتاوە و سەریان لە بیستنی ناسوڕمێ. "

و هونەرمەندە پیرەکە لەسەر تەپڵەکێک دانیشت.

ئەم بویەرە لە هۆڵێکی نانخواردنی ئوتێلێک لە باربیزون ڕوویدا ( باربیزون: گوندێکی گەشتیاریە لە قەراخ ڕۆژئاوای لێرەواری فونت بلو و پاتۆقی بار بیزون هی دەستەیەک نیگارکێشی ریالیست بوو کە دەورووبەری ساڵی ١٨٣٠ دامەزرا و ئامانجیان ئەوە بوو لە تابلۆ و دیمەنەکانیاندا، بایەخی زیاتر بە سروشت بدەن و زۆربەیان لە گوندی ناڤبری ئاکنجی بوون ).

یارۆی هونەرمەند، بەمجۆرە لە سەری ڕۆیی:- بەڵێ ئەو شەوە، لە ماڵی جین سوریولی بەدبەخت شێومان دەخوارد ( جیس سوریول ١٨٢٤ – ١٨٧١، نیگارکێشێک بوو کە زیاتر نیگار و تابلۆی جەنگی و مێژوویی دەکێشا.)  ئەو لە هەموومان تووندڕەوتر بوو و نها نەماوە، تەنیا سێ کەس بووین: سوریول و من و پێموایە پواتون بووین، بەڵام دڵنیا نیم کە خودی ئەو بوو یان نا. هەڵبەتە من باسی ئوجین پواتوڤن دەکەم ( ئوجین پواتوڤن ١٨٠٦ – ١٨٧٠ ) کە زیاتر نیگاری دیمەنانی دەریایی دەکێشا، نەک باسی پواتوڤنی دیمەنساز ( لویس پواتوڤن ١٨٤٧ – ١٩٠٩، کە خزمی نیگارکێشی ناڤبری و خاڵۆزای موپاسانە کە زۆر هۆگری ئەو بوو ) کە هەنووکە ئەویش مردووەو ئەوسا کەسێکی زۆر چالاک و پڕ بەهرەو توانا بوو.

کە دەڵێم لە ماڵی سوریول شێومان خوارد، مانای وایە نیوە هۆشیار و نیمچە مەست بووین. تەنیا پواتوڤن حەواسی خۆی لە دەست نەدابوو و هەرچەندە لە ڕاستیا کەمێک لە حاڵی ئاسایی دەرچوو بوو، بەڵام هێشتا هۆشی بە خۆ بوو. ئێمە لەو زەمانەدا گەنج بووین و لە ژوورێکی بچووکا، کە دەچووە سەر نیگارخانەکە، لە سەر مافوورەکە لە سەر گازی پشت ڕاکشابووین و باسی شتی سەیر و غەریبمان دەکرد. سوریول، کە لە سەر پشت ڕاکشابوو و لاقی نابوونە سەر کورسییەک، باسی شەڕی دەکرد و باسی جل و بەرگی عەسکەری دەورانی ئیمپراتۆری دەکرد. لە ناکاوا هەستا و لە دۆڵابێکی کەل و پەل و شتی زیادە و ناپێویستدا، دەستێک جلکی سوپایی سوارەی دەرهێنا ولە بەری کرد. ئەوسا پواتوڤنی ناچار کرد جلکی نارنجۆک ئەنداز لەبەر بکات و چونکە ئەو ڕازی نەبوو ئێمە گرتمان و دوای ئەوەی جلەکانمان لە بەری داکەند، جلکێکی دەڵبمان لەبەری کرد، ئەوەندە دەڵب بوو بە بەری، کە تیایدا ون بوو.

منیش جلکی سەربازی زرێپۆشم لەبەر کرد و سوریول واداری کردین کە حەرەکەیەکی سوپایی ئاڵۆز بکەین، پاشان هاواریکرد: چونکە ئێمە ئەمشەو سەربازین، با وەکو سەربازان گۆرانی بڵێین.

ئیدی بە هەموو هێز وتوانای خۆمانەوە دەستمان بە وتنی سروودێن کۆن کرد کە کاتی خۆی مایەی شۆرەت و شانازی کۆنە سەربازانی " سوپای مەزن " بوو. (سوپای مەزن: مەبەست لە سوپای فەرەنسی سەردەمی ناپلیونی یەکەمە.)

لە ناکاوا، پواتوڤن کە وێرای هەموو شتێک، تەقریبەن هێشتا بە سەر خۆیدا زاڵ بوو، بێدەنگی کردین و دوای چەند چرکەیەک بێدەنگی بە دەنگێکی نەوی گوتی:- من دڵنیام کەسێک لە نیگارخانەکەدا ڕێ دەکات.

سوریول، بە زەحمەت لە جێی خۆ ڕابوو و هاواریکرد:- دزە! چ شانسێکە.

و پاشان بێهیچ پێشەکیەک دەستی بە خوێندنی مارسیلیز کرد ٠ (مارسیلیز: سروودی نیشتمانی فەرەنسا ):

هاوڵاتیان چەک هەڵگرن!

ئیدی پەلاماری ئەو سەندوقە ئاسنەی دا کە چەکی تیا بوو. ئیدی هەرکەسە و بە گوێرەی ئونیفۆرمەکەی خۆی چەکی بەسەردا دابەش کردین. ئەنجام من تفەنگێکی کۆن و شمشێرێکم بەرکەوت، پواتوڤن تفەنگێکی گەورەی قەمەداری بەدەست هێنا و سوریول کە شتێکی شایستە بە خۆی نەدۆزی بووەوە، بوو بە خاوەن دەمانچەیەکی وەکو کەوانی هەلاجان، کە بە کاوەخۆ لە قەدی خۆی بەست و تەورزینێکی جەنگیشی بەرکەوت. ئەوسا بە پارێزەوە دەرگای نیگارخانەکەی کردەوە و سوپا چووە دەڤەرە گومانلێکراوەکەوە.

وەختایەک گەیشتینە ناوەندی ئەو ژوورە گەورەیەی کە پڕ بوو لە شتێن دەست وپێ گیری وەکو تابلۆێن گەورەی شێوەکاری، کەل و پەلی ناوماڵ و شتی سەیر و سەمەرە، سوریول پێی گوتین:- من خۆم دەکەم بە جەنەڕاڵ. با کۆبوونەوەیەکی جەنگی بکەین، تۆ کە لە جوملەی زرێپۆشانی، ڕێگە لە پاشەکشەی دژمن دەگریت، یانی جارێک کلیلەکە لە کێلونی دەرگاکە با دەدەیت و تۆ کە لە جوملەی نارنجۆک ئەندازانی لە گەڵ منا دەبی.

من ئەمرەکەم جێبەجێ کرد و پاشان دووبارە پەیوەندیم بە گەورە بەرپرسی دەستەکەوە کرد کە خەریکی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی شناسایی بوو.

لەو ساتەدا کە خەریک بوو، لە پشت چەپەرە گەورەکەوە ئەو غافڵگیر بکەم. دەنگێکی گەورە بەرز بووەوەو من کە مۆمێکم بە دەستەوە بوو، خێرا چوومە پێشەوە. دەنگەکە پواتوڤن بوو کە بە سەرەنێزە بەر بووبووە سینەی پەیکەرێکی نایلۆن، کە سوریول، بە تەورزین سەری شکاندبوو. ئەو دانی بە هەڵەکەی خۆیدا نا و " جەنەڕاڵ " دەستوری دا کە : " ڕاوەستین " و ئوپراسیۆنەکە سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە.

لە ماوەی کەمتر لە بیست خولەک، هەموو گۆشە وکەنارەکانی نیگارخانەکە هاتە پشکنین و هیچ سەرکەوتنێک بەدەست نەهات، تا ئەوە بوو پواتوڤن هات بە بیریا دەرگای تاقێکی گەورەی دیواری بشکێنێ. دۆلابێکی تاریک و قووڵ بوو و من کە مۆمێکم بەدەستەوە بوو، چوومە پێشەوە و بە حەپەساوی پاشەوپاش گەڕامەوە، چونکە پیاوێک لەوێ بوو، پیاوێکی زندوو کە تەمەشای منی دەکرد.

یەکسەر، دوو جار کلیلەکەم بادا و سەر لە نوێ دەرگای دۆلابەکەم داخست، دووبارە کۆبوونەوە کرا.

بیر وبۆچوونەکان جیاواز بوون، سوریول دەیویست دزەکە دەستگیر بکات. پواتوڤن ڕای وابوو، کە برسی بکرێت ولەو ڕێگەیەوە بفەوتێنرێت و من پێشنیازم کرد کە تاقە دیوارەکە بە باروت بتەقێنرێتەوە.

بۆچوونەکەی پواتوڤن زیاتر پەسند کرا و لەو کاتەدا کە ئەو بە خۆ وتفەنگە گەورەکەیەوە ئێشکی دەگرت، ئێمە خەریکی پایپەکانمان بووین و پاشان هەموومان لە بەر دەرگاکە وەستاین وچاودێری زندانییەکەمان دەکرد.

دوای نیو سەعاتێک، سوریول گوتی:- هەرچەندە فەرق ناکات بەڵام، من پێم باشە لە نزیکەوە ئەو بدینم. دەکرێ بە زۆر دەستگیری بکەین؟

من هاوارم کرد:- ئافەرین.

هەرکەسە وبلەز بەرەولای چەکەکانی خۆمان چووین، دەرگای تاقە دیوارییەکە کرایەوەو سوریول، دەمانچەکەی کە هێشتا خاڵی بوو، سوار کرد و یەکەم کەس بوو کە چووە ژوورەوە.

ئێمە بە هات و هاوارەوە دووی کەوتین و ئەمە بووە مایەی پاڵە پەستۆیەکی ترسناک لە تاریکیەکەدا و دوای پێنج خولەک لە مقاوەمەتی باوەڕنەکردەنی، توانیمان تاوانکارێکی پیر وچەپەڵ وشرپۆش وشرۆڵەی پۆر سپی لەوێندەر دەربێنین و هێنامانە بەر ڕووناکییەکە.

هەوەڵجار دەست و لاقیمان بەست و پاشان لە سەر کورسییەک دامان نا. ئەو فزەی لێوە نەهات، تاقە وشەیەکی لە زار دەرنەهات.

هەنگێ سوریول کە گەمەکەی زۆر بە جدی گرتبوو، ئاوڕی لای ئێمەی دایەوەو گوتی:- ئێستا داوەری لە مەڕ ئەم بەدبەختە دەکەین.

من هێندە مەست بووم کە ئەم پێشنیازەم بەلاوە زۆر ئاسایی بوو.

ئیدی پرس وجۆ و تۆمەتبارکردنی بە من و بەرگری کردن لێی بە پواتوڤن سپێردرا. بە زۆرینەی دەنگ حوکمی مەرگ درا و تەنیا " پارێزەری داکۆکیکار " ڕەئی جیاوازی دا.

سوریول گوتی:- ئێمە ئەو حوکمە جێبەجێ دەکەین.

بەڵام دووچاری دوو دڵی بوو و گوتی:- ئەم پیاوە نابێ بە بێ ڕێ و ڕەسمی ئۆلی بمرێت. کەس هەیە بچێت قەشەیەک بێنێ؟ من بیانووم ئەوە بوو کە درەنگە. هەنگێ سوریول پێشنیازی کرد کە من ئەم ئەرکە بگرمە ئەستۆ و تۆمەتبارەکەی هاندا کە لای من ئیعتراف بکات.

پیرەمێر بۆ ماوەی پێنج خولەکێک، چاوانی ترساوی بە دەوروبەرا گێڕاو لە خۆی دەپرسی، تووشی چ جۆرە بوونەوەرانێک بووە. ئەوسا بە دەنگێکی گڕەوە کە بە هۆی خواردنەوەی ئەلکولەوە وشک بووبوو، گوتی:- ئێوە وادیارە دەتانەوێ ڕابوێرن و پێبکەنن.

لێ سوریول، واداری کرد کە بکەوێتە سەر چۆکان ولە ترسی ئەوەی نەبادا داک و بابی غوسلی تەعمیدیان بۆ نەکردبێ، پەرداخێ عارەقی بە سەریا کرد و پاشان گوتی:- لە نک ئاغا ئیعتراف بکە، وەختی مردنت هاتووە.

تۆمەتباری پیر، پەشێو و پەرێشان. هێندە بە توندی کەوتە هاوار و داواکردنی کۆمەک کە ئێمە ناچار بووین بۆ ئەوەی هەموو دراوسێکانمان بێدار نەبنەوە، شتێک لە زاری بپەستین، هەنگێ کەوتە سەر ئەرزەکە و بەدەم لەقەفرتێوە هەڵدەپلا و کەل و پەلەکانی ئاوەژوو کردن و تابلۆکانی دڕی. ئاقیبەت سوریول تاقەتی چوو وگوتی:- فایدەی نییە با لە کۆڵی بکەینەوە

و ڕووبەڕووی ئەو قەرەبەختە کە لە سەر ئەرزەکە پان بووبووەوە وەستاو، پلی نا بە پەلە پیتکەی دەمانچەکەیەوە، بەڵام پەلەپیتکەکە چرکەیەکی کرد وچروکی کرد. منیش کە دەبوا چاو لەو بکەم، دەستم نا بە پەلە پیتکەوە، تفەنگەکەم چروکی کرد و گڕێکی لێ بەرز بووەوە کە بە جارێ حەپەسام.

هەنگێ پواتوڤن، بە ویقارەوە گوتی: باشە ئێمە بە ڕاستی مافی ئەوەمان هەیە ئەم پیاوە بکوژین؟

سوریول، بە سەرسامی وەڵامی دایەوە:- مەگەر ئێمە حوکمی مەرگمان نەداوە!

لێ پواتوڤن دووبارە گوتی:- خەڵکی سڤیل، گوللە باران ناکرێ. ئەم پیاوە دەبێ بە میرغەزەب بسپێردرێت و ئێمە دەبێ بۆ پاسگای ببەین.

ئەم بەڵگەیەمان بەلاوە قەناعەتبەخش بوو. پیاوەمان هەستاندەوە و چونکە نەیدەتوانی ڕێ بکات خستمانە سەر مێزێکی تایبەت بە مودیلان، توووند بەستمان و من و پواتوڤن بە دوو قۆڵی بردمان و سوریول کە سەرتاپا نقومی چەک بوو، لە دوای هەموومانەوە دەهات.

لە بەر پاسگاکەدا، قەرەوڵ ڕایگرتین. سەرۆکی پاسگا بانگی کردین. ئێمەی ناسییەوەو چونکە ڕۆژانە ئەم جۆرە شۆخی و لیبۆکبازی و داهێنانە سەیر و سەمەرانەی ئێمەی دەبینی، بە پێکەنینێک دەستبەردار بوو و زندانییەکەی لێوەرنەگرتین.

سوریول، پێداگری کرد، هەنگێ یارۆی سەرۆکی پاسگا، زۆر بە جدی داوای لێکردین کە بێ چەند و چوون بۆ ماڵی خۆ بگەڕێینەوە.

دەستەکە دووبارە کەوتەڕێ و بۆ نیگارخانەکە گەڕایەوە. من پرسیم:- باشە چی لەم دزە بکەین؟

پواتوڤن کە نەرم بووبوو، تەکەزی کرد کە ئەو پیاوە دەبێ زۆر ماندوو بێ. لە ڕاستیا ئەو پیاوە کە تەناف و گوریس پێچ کرابوو، لە سەر تەختە دارێک ڕاکشابوو و دەمی بەسترابوو، لە حاڵی مردندا بوو.

منیش کە بەش بە حاڵی خۆم، ڕەحمم تلیسابووەوە کە خەڵکانی مەیگوسار زۆرجار تووشی ئەم حاڵە دەبن، دوای ئەوەی دەم بێنەکەم لە زاری کابرا کردەوە و پرسیم:-ئێ پیری ئاخر شەڕ، حاڵت چۆنە؟

بەدەم ناڵینەوە گوتی:- زۆر نەخۆش و دەردە دارم، سەگ بە حاڵم نەبێت!

هەنگێ سوریول، حاڵەتێکی باوکانەی لە خۆ هێنا، هەموو پەتەکانی لێکردەوە، دای نیشاند و بۆ ئەوەی کەمێک گوڕی وەبەر بێتەوە، بە سێ قۆڵی و بلەز کەوتینە ئەوەی پەرداخێ کۆکتێلی تازەی بۆ ئامادە بکەین.

یارۆی زندانی زۆری خواردەوە، لێ کە دنیا بەرە بەرە ڕوناک دەبووەوە، کابرا لە جێی خۆی هەستا و زۆر بە ئارامی گوتی: - من هەنووکە ناچارم دوعای خزمەت بخوازم، چونکە دەبێ بۆ ماڵەکەی خۆم بڕۆمەوە.

ئێمە خەم دایگرتین و دەمانویست زیاتر لەلای خۆمان گلی بدەینەوە، بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد لەوەی پتر لەلای مە وەمێنێ.

هەنگێ تەوقەمان لە گەڵی کرد و سوریول، بە مۆمەکەی خۆی دالانەکەی ڕوناک کردەوەو گوتی:- کە بە ژێر سەردەری گالیسکەکانا ڕەت بووی ئاگات لە سەرت بێ.

ئەو کەسانەی کە لە دەوری حیکایەتخوانەکە خڕ بووبوونەوە، لە دڵەوە پێدەکەنین. ئەو هەستا، سەبیلەکەی پێکرد، لە کاتێکا بە جورئەتەوە لە بەرانبەر مەدا ڕاوەستابوو، گوتی:- بەڵام سەیرترین چیرۆکی من، ئەو چیرۆکەیە کە حەقیقەتە.

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# بویەرێک لە پاریس دا

ئایا لە ژناندا هەستێکی بەهێزتر لە هەستی کونجکاوی هەیە؟ ئاه! چەند خۆشە ئینسان بەو ئاواتانە بگات کە خەونیان پێوە دەبینێ، و ژنان چ کارێک بۆ گەیشتن بەو ئاواتانە و بەو خەون و خەیاڵانە ناکەن.

ژنێک، کاتێ هەستی کونجکاوی، ئەو لە ڕووی بێقەرارییەوە دەهاڕوژێنێت، ئامادەیە هەر بێپەروایی و شێتایەتیەک لە ڕای پاراو کردنیا بکات ولە پێناوی ئەمەدا سڵ لە هیچ شتێک ناکاتەوە و لە هیچ کارێک ناگەڕێتەوە. هەڵبەتە من باسی ژنانێک دەکەم کە پڕ بە مانای وشە " ژن " ن، باسی ژنانێ دەکەم کە بیرکردنەوەیان بە ڕواڵەت و لە دەرێڕا لوژیکی و ئارام و ئاسایی دێتە بەرچاو، لێ ژێراوژێر سێ عەیبی لە خۆ گرتووە کە یەکێکیان پڕە لە نیگەرانی و ناڕەحەتی ژنان و هەمیشە لە حاڵی جۆش و خرۆشدایە و دووەمیان لێو ڕێژە لە حیلەگەری یەک کە بە نیاز پاکی ڕەنگێنراوە، ڕێک وەکو ئەو ئەفسوونگەرییەی کە خەڵکانی وشکە دیندار وخاپینۆک و خەتەرناک هەیانە و سێیەمیان پڕە لە حیلە وحەواڵە و فڕ وفێڵ.

ئەو کەسەی کە من دەمەوێ حیکایەت و سەربهوردەکەی بگێڕمەوە، ژنێکی بێ بایەخی شارستانییە کە بە شێوەیەکی لامسەرلایی خواناس و بە تەقوا بوو. مێردێکی زۆر پڕکار وسەرقاڵ ودوو منداڵی هەبوو و بە ڕواڵەت بە ئارامی لە گەڵیاندا دەژیا، بە ژنێکی بێعەیب و بێکەم و کۆڕی دەژمێردرا، بەڵام جۆرە کونجکاویەکی بێئۆقرە و وازوازییەکی سەبارەت بە شتێک کە خۆیشی نەیدەزانی چییە، لە دڵدا بوو کە ئارامی لێهەڵگرتبوو. بەردەوام بیری لە پاریس دەکردەوەو بە تامەزرۆییەوە ڕۆژنامە سەنگینەکانی دەخوێندەوە. باسی واریقاتی جەژن و ئاهەنگەکان ولەزەت وهەواو هەوەسی ئاسایی ئەو شارە، تەواو دەیهاڕۆژان. بە تایبەتی نووسینی ئەو ڕۆژنامانەی کە بە شێوازێکی کینایە ئامێزی زیرەکانە، پەردەکەیان بە ئاستەمێک لا دەدا و لەو دیو پەردەکەوە، ژیانی خۆش و پڕ لە ڕابواردن و گەندەڵی ئەنگێز و گوناح ئامێزی پاریسیان بە شێویەکی گۆنگ نیشاندەدا، کە ئەمە ژنەی تاینیان زۆر دەهاڕوژان.

ئەو لە شارەکەی خۆیەوە، پاریسی وەکو خەون و خەیاڵێکی پڕ جەلال وشکۆ دەبینی. بە درێژایی شەوانی درێژ و خەیالّی، مێردەکە کە دەسماڵێکی حەریری لە سەر بەستبوو، لە پاڵیا لە سەر پشت دەخەوت و بەدەم هەناسەدانەوە ورگی بەرز و نزم دەبووەوە، لەم کاتەدا ئەو بیری لەو پیاوە ناودارانە دەکردەوە کە ناویان وەکو ئەستێرانی پرشنگدار لە ئاسمانی تاریکدا، لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبووەوە.

لەم کاتانەدا، هەستی دەکرد پیر دەبێت، ئەو بە بێئەوەی جگە لە کاروباری ئاسایی ماڵەوە کە بە شێوەیەکی یەکنەوا و بێتام دەڕۆیی، چ شتێکی دی لە مەڕ ژین فێر بێ، بەرەوپیری دەڕۆیی.

ئەنجام، بە هەر هەوڵ وتەقەلایەک بوو، سەفەرێکی بۆ پاریس ڕەخساند، بیانوویەکی دۆزییەوەو کارێکی وەهای کرد کە لە لایەن خزمەکانییەوە بۆ ئەو شارە دەعوەت بکرێ و چونکە مێردەکەی نەدەکاری لە گەڵیا بڕوات، ئیدی بە تەنیا چووە سەفەر.

هەرکە گەییە پاریس، توانی بە هەندێک هەنجەت و بیانوان خزمەکانی قاییل بکات کە لە کاتی پێویست دا ڕێگەی بدەن بچێتە سەردانی ئەو دۆستانەی کە بە وتەی خۆی لە وارگەکانی نزیکی شارا ئاکنجی بوون، تا یەک دوو شەوان لە نک وان بەسەر بەرێت.

ئیدی کەوتە گەڕان و پیاسە بە شەقامەکاندا، لێ جگە لە عەیش ونۆش و ڕابواردن و شتی بێ سەروبەری زۆر هیچی دی نەبینی. سەری باڕ و کافە گەورەکانی دا، بە وردی بەشە بچووکە ئەدەبی و هونەرییەکەی ڕۆژنامەی ڤیگارۆی، خوێندەوە، بە ئەشقەوە بۆ هەواڵی هونەرمەندان و ئەکتەران دەگەڕا، بەڵام هیچ هەواڵێکی دەربارەی بەسەرهات وعەیش و نۆشی پڕشکۆی هونەرمەندان و ئەکتەران دەست نەکەوت و هیچ سەرەداوێکی دەربارەی ئەم شوێنی ڕابواردنانەی کە ئەو وێنای دەکرد، وەکو غاڕی " هەزار و یەک شەو " یان ژێرزەمینەکانی ڕۆمی کۆن ( تایبەت بە ئەنجامدانی نهێنی ڕێورەسمێن مەزەبی ئایینانی قەدەغە) دەرگاکانیان بە یەک وشەی جادویی دابخرێ، نەدۆزییەوە.

خزمەکانی کە خەڵکانێکی وردە بورژوا بوون، نەیانتوانی هیچ یەکێک لەو کەسایەتیانە کە ناویان لە زەینی ئەوا شەپۆلی دەدا، ڕووبەڕوو بەو بناسێنن و سەرەنجام نائومێدانە کەوتە بیرکردنەوە لە گەڕانەوە، کە دەستی تەقدیر بە هانایەوە هات.

ڕۆژێ کە بە کوچەی شوسە ئانتن دا دادەگەڕا، بۆ تەمەشاکردنی موغازەیەک کە پڕ بوو لە کاڵای بچووکی کەمالیاتی ژاپۆنی زۆر ڕەنگاوڕەنگ و دەبوونە مایەی زاخاوی چاو، وەستا. کەوتە تەمەشاکردنی ئەو شتە جوانانەی کە لە عاج دروستکرابوون، ئەو گوڵدانە گەورە چینیانەی کە میناکاری کرابوون و دەدرەوشانەوە، هەروەها شتە برۆنزییە عەجیب و غەریبەکان، لەم کاتەدا گوێی لێبوو لە ناو موغازەکەوە، خاوەن موغازەکە بە ڕێز وحورمەتێکی زۆرەوە، بووکەڵەیەکی چینی گەورەو ورگنی، کە دەیگوت تایبەتە، بە پیاوێکی قەڵەوی کورتەباڵای سەرسافی بزن ڕیشی موو بۆز نیشاندەدات و دەگەڵ هەر ڕستەیەکی دا، ناوی مشتەریەکە کە ناوێکی مەنشوور بوو، وەکو شەیپور دەنگی دەدایەوە.

مشتەرییەکانی دی کە بریتی بوون لە ژنانی گەنج و پیاوانی تەڕپۆش، ژێراوژێر و بەچاوی ڕێزەوە، تەمەشای نووسەرە ناودارەکەیان دەکرد و ئەویش بە شەوق و زەوقەوە تەمەشای بووکەڵە چینییەکەی دەکرد، بەڵام بووکەڵەکان، هەموو وەکو یەک، دەتگوت بە سکێ لە دایک بوون، ناشیرین و ناحەز بوون.

فرۆشیارەکە دەیگوت: جەنابی جین ڤارن ( هەڵبەتە جین ڤارن کە لێرەدا وەکو چیرۆکنووسیک ناوبراوە، کاراکتەرێکی خەیاڵییە. بەڵام ناوی هەندێ کاراکتەری واقیعی بە شێوەیەکی گوزەرا ناوبراوە. ) من بە هەزار فرانک بە تۆی دەفرۆشم کە ئەمە ڕێک مایەکەی خۆیەتی. بۆ خەڵکی ئاسایی بە هەزار و پێنج سەد فرانکی دەدەم، بەڵام من ڕێزی تایبەتیم بۆ مشتەریە هونەرمەندەکانم هەیە، بۆیە حیسابی تایبەتی بۆ ئەوان دەکەم. جەنابی جین ڤارن، هەموو هونەرمەندەکان دێنە لای من. دوێنێ جەنابی بوسناش ( ویلیام بسناش، ١٨٣٢ – ١٩٠٧ ، درامانووسە ) جامێکی قەیمی لێکڕیم. پێرێ، دوو مۆمدانم بە جەنابی ئالکساندر دوما فرۆشت ( دوما: ١٨٢٤ – ١٨٩٥، نووسەری خاتوو کاملیا ) جەنابی جین ڤارن، تەمەشا، ئەم بووکەڵەیەی حەزت چووەتێ، ئەگەر جەنابی زولا ( ئیمیل زولا: ١٨٤٠ – ١٩٠٢ دامەزرێنەری ڕێبازی ناتورالیزم و نووسەری کتێبی نانا کە وەکو نمایشنامەش، نمایش کراوە.) دیتبای یەکسەر دەیکڕی.

یارۆی نووسەر کە زۆر حایر مابوو، دوو دڵ بوو، چونکە لە لایەکەوە سەرنجی چووەبووە سەر بووکەڵەکە و لە لایەکی دیکەوە بیری لە نرخەکەی دەکردەوەو چونکە خۆی بە کەسێکی بێ یار و یاوەری ناو بیابانێکی کاکی بە کاکی دەزانی، ئیدی گوێی بە نیگا وتەمەشای خەڵکی نەدا.

ژنەی تاین، لە کاتێکا کە زەق زەق چاوی بڕی بووە ئەو، بە ترس و لەرزەوە وەژوورکەوت و ئیدی لە خۆی نەدەپرسی کە ئایا ئەو پیاوە قۆزە، شێکپۆشە، گەنجە یا نا، چونکە ئەو خودی جین ڤارن بوو، جین ڤارن!

یارۆی نووسەر، دوای سێ و دوویەکی دەروونی دوور و درێژ و دوودڵییەکی بە سوێ، بووکەڵەکەی لە سەر مێزەکە دانایەوەو گوتی: نا ئەمە زۆر گرانە.

فرۆشیارەکە بە زمان لووسییەوە لە سەری ڕۆیی: جەنابی جین ڤارن، زۆر گرانە؟ بڕوا بکە دوو هەزار فرانک دێنێ...

نووسەرەکە قاییل نەبوو، لە حاڵێکا بە خەمینی و بە چاوە ڕەنگ شووشەییەکانی، دەیڕوانییە بووکەڵەکە، گوتی:- من ناڵێم وا نییە، لێ بۆ من زۆر گرانە.

هەنگێ ژنەی تاین بە جورئەتێکی شێتانەوە چووە پێشەوەو گوتی:- ئەم بووکەڵەیە بۆ من بە چەندە؟

فرۆشیارەکە کە غافڵگیر بووبوو، بەرسڤی دایەوە:- هەزار و پێنج سەد فرانک خانم.

- من دەمەوێ.

نووسەرەکە کە تا ئەو کاتە ئەوی نەبینی بوو، بلەز گەڕایە دواوە، لە کاتێکا چاوەکانی کەمێک خەواڵوو بوون، بە دیقەت ڕوانییە سەراپای ژنەکە و ئەوسا بە وردی لە ئازای ئەندامی ورد بووەوە.

ژنێ، سەرحاڵ و دڵڕفێن بوو و ئەو ئاگرەی تا ئەو دەمە لە دەروونیا خەفە بووبوو، لە ناکاوا بڵێسەی سەند و ڕوخساری گەشاندەوە، ئەمە جگە لەوەی ژنێک شتێکی کەمالیات بە هەزار وپێنج سەد فرانک بکڕێت، دیارە ژنێکی بێ سەر وبەر وبەڕەڵڵا نییە.

لەم کاتەدا ژنە، بەدەم حەرەکەیەکی پڕ ناز وکریشمە ودڵڕفێنەوە ئاوڕی لای یارۆی نووسەری دایەوەو بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:- ببورە جەناب، هەڵبەتە من برێک پەلەم کردووە، ڕەنگە تۆ هێشتا دوا بڕیاری خۆت نەدابێ.

نووسەرەکە، سەری دانەواند و گوتی:- با، دوا قسەی خۆم کردووە خانم.

لێ ژنەی تاین کە تەواو هەڵچووبوو گوتی:- بەهەرحاڵ جەناب ئەمڕۆ یان دواتر ئەگەر ڕای خۆت گۆڕی، ئەم بووکەڵەیە هی تۆیە. من تەنیا لە بەر ئەوەی بە دڵی تۆ بوو، کڕیم.

یارۆی نووسەر کە دەیبینی بە ئاشکرا مەرایی دەکەن، بزەیەکی کرد وگوتی:- تۆ لە کوێ من دەناسیت؟

هەنگێ ژنەکە، بۆی گێڕایەوە کە چەند ڕێزی ئەوی لەلایە وبێ هیچ هەڵوەستەیەک کەوتە ژماردنی بەرهەمەکانی.

یارۆی نووسەر کە بۆ قسەکردن ئانیشکی دادابووە سەر مۆبیلەیەک و لە حاڵێکا چاوی بڕی بووە ئەو، هەوڵی دەدا پەی بە دەروون و نیهادی ئەو بەرێت.

فرۆشیارەکە کە بەم ڕیکلامە زندووە خۆشحاڵ بوو، جار جار کە مشتەریانی تازە خۆیان بە موغازەکەدا دەکرد، ڕووی دەکردە گۆشەکەی دیکەی موغازەکە و هاواری دەکرد:- جەنابی جین ڤارن، بێزەحمەت

تەمەشای ئەمە بکە، جوانە؟ ئەوسا هەمووان سەریان هەڵدەبڕی و ژنەکەش کە بەدەم قسانەوە دەگەڵ کەسایەتیەکی ناودارا و بەو گەرمییە دەبینرا، لە کەیفا لە کەوڵی خۆی نەدەحەجمی.

سەرەنجام، ژنەکە شاد وبەکەیف، بەو پەڕی جورئەتەوە وەکو ئەو جەنەراڵانەی نیازی فەرمانی هێرشیان هەیە، گوتی:- جەناب کارێ بکە کە زۆرم خۆشحاڵ دەکات. ڕێگەم بدە ئەم بووکەڵەیەت وەکو یادگاری ژنێک، کە لە کانگای دڵەوە ستایشی تۆ دەکات و تۆی بۆ ماوەی دە خولەک دیتووە، پێشکەش بە تۆ بکەم.

یارۆی نووسەر ڕەفزی کرد و ژنەش پێداگری کرد. یارۆی نووسەر کە سەرگەرمیەکی زۆر چاکی دەست کەوتبوو، لە کانگای دڵەوە پێدەکەنی، دیسان ڕەزامەندی نەنواند.

لێ ژنێ کە دەستبەردار نەدەبوو، پێی گوت:- زۆر چاکە، من هەر ئێستا بۆ ماڵەکەی تۆی دەبەم. ماڵەکەت لە کوێیە؟

یارۆی نووسەر، ئادرەسی ماڵەکەی نەدایە، لێ ژنەکە کە ناونیشانەکەی لە خاوەن موغازەکە پرسی بوو و دەیزانی، دوای ئەوەی کە پارەی بووکەڵەکەی دا، بلەز بەرەولای گالیسکەیەکی کرێ ڕۆیی، نووسەرەکەش کە بە هیچ جۆرێ ڕازی نەبوو بە وەرگرتنی دیاری لە کەسێکی نەناس، بۆ ئەوەی ڕێی لێبگرێت، بە غار دوای کەوت و کاتێ گەیشتێ، ژنەکە خۆی بە گالیسکەکەدا کردبوو.

لەناو گالیسکەکەدا کە تازە کەوتبووە ڕێ، سەرمەقولاتێکی دا و ئەوسا زۆر بێتاقەت ودڵتەنگ لەلایەوە دانیشت.

یارۆی نووسەر زۆر هەوڵیدا کە ژێوانی بکاتەوە، لێ ژنەی تاین سەلماندی کە ئەهلی سازش نییە. کاتێ گەیینە بەر دەرگای ماڵەوە، ژنەکە پرسی:- تۆ عادەتەن لەم کاتانەدا چ دەکەیت؟

یارۆی نووسەر دوای ڕامانێکی کورت گوتی:- دەچمە گەڕان.

هەنگێ ژنەکە، بە دەنگێکی لێبڕاوانە ئەمری بە گالیسکەوانەکە کرد:- باژۆ بۆ جەنگەڵ!

و کەوتنە ڕێ.

شەو داهات، ژنەکە پرسی:- تۆ ڕۆژانە لەم کاتانەدا چی دەکەیت؟

نووسەرەکە بە پێکەنینەوە گوتی:- من ئابسنت دەخۆمەوە. ( ئابسنت: خواردنەوەیەکی ئەلکولی زۆر بە قوەتی سەوز باوە لە ڕووەکێک بەنێوی ئەمسنتین دەگیرێت. )

ژنەکە، بە جدی لە سەر قسەکەی خۆی ڕۆیی:- کەواتە جەناب با بڕۆین ئابسنت بخۆینەوە.

ئیدی لە ڕێگەی خۆیانەوە خۆیان بە کافەیەکی گەورەدا کرد و نووسەرەکە لەوێ هاوکارەکانی خۆی بینی. هەر هەموویانی بە ژنەکە ناساند. ئیدی ژنە لە خۆشیا لە پێستی خۆی نەدەهێوری، خەریک بوو شێت دەبوو، ئەم وشەیە:- ئاخری، ئاقیبەت! لە روح و مێشکیدا بێوچان دەنگی دەدایەوە.

کات دەڕۆیی. ژنە پرسی:- ئایا کاتی شێوی تۆیە؟

ئەو بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ خانم.

- کەواتە با بڕۆین شێو بخۆین جەناب.

که لە کافەی بینیون ( بینیون: کافەیەکە لە پاریس کە لەو ڕۆژگارەدا مەکۆی نووسەران وهونەرمەندان بووە) ژنە گوتی: - شەو چی دەکەیت؟

نووسەرەکە، ڕاستەوخۆ چاوی لە دوڕ چاوی ئەو بڕی و گوتی:

- جار دەزانیٚ، هەندیٚجار بۆ شانۆ دەڕۆم.
- دەی زۆرچاکە جەناب، با بۆ شانۆ بڕۆین.

خۆیان بە شانۆی ڤادڤیل دا کرد و (ڤادڤیل: شانۆیەکە لە نزیکی کافەی ناڤبری بوو) بە یارمەتی ولوتفی نووسەرەکە، هەموو ئەو کەسانەی کە لە هۆڵەکەی تەنیشتا بوون، لە سەر قەنەفەکانی باڵکۆنەکە ڕۆنیشتبوون، ژنەیان لە لوتکەی شانازیدا بینی.

کە شانۆنامەکە تەواو بوو، نووسەرەکە بە ئەدەبەوە دەستی ژنەی ماچکرد و گوتی:- خانم، سەبارەت بە من تەنیا ئەمە ماوە کە لە سەر ئەم ڕۆژە خۆش و دڵگیرە سوپاست بکەم.

خیڵی کوچە ماڵ و کەناسان مژوولی گسکدان بوون. خەریک بوو شۆستە و کوچە و کۆڵانەکانیان گسک دەدا و هەموو خاشاک و زبڵەکانیان بەرەو جۆگایەک ڕادەماڵی. زۆر بە ڕێک و پێکی وەکو بژارچیانی چەمەن، خۆڵ و خاشاکەکەی بەردەم خۆیان دەدایە دواوە. هەنگیٚ کلۆ کەرسەکان، وەکو بووکەڵان لە ئەرزەکەوە قوت دەبوونەوە و دووبارە دەهاتنەوە بەردەم کوچە ماڵان کە بە شێوەیەکی میکانیکی دەچوونە پێشیٚ.

ژنەکە، وای هاتە بەرچاو کە شتێکیان لە ناخ و دەروونی ئەوەوە،کە جگە لە خەون وخەیاڵە دوورو درێژەکانی هیچی دی نەبوو، ماڵی و ڕایاندایە ناو جۆگا و زێرابەکەوە.

ئەو شەکەت و زۆر خەمبار، لە کاتێکا تەنیا جوڵەی گسکەکانی لە یاد بوو کە بەو بەیانییە سەحەریە پاریسیان پاک دەکردەوە، بۆ شارەکەی خۆی زڤڕییەوەو هەرکە گەییەوە ناو ژوورەکەی خۆی بەدەم گریانەوە کەوتە هەنسک هەڵدان.

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# خواردنی شەوی کریسمس

من بە دروستی ساڵەکەم لەبیر نییە، بەڵام یەک مانگی تەواو، بە جۆش وخرۆش وتاسەیەکی زۆر گەرم و گوڕی کەسێکەوە کە بۆ هەوا و هەوەسێن تازە هەیەتی، لە دووی ڕاو بووم.

من لە نورماندی، لەماڵی یەکێک لە خزمە سەڵتەکانی خۆم بە نێوی جون دو بانڤیل بووم. من و ئەو، دەگەڵ کارەکەرێک و نۆکەرێک و پاسەوانێکا لە کۆشکی ئەربابیدا بەتەنیا بووین. ئەم کۆشکە بینایەکی کۆنی کەوەیی بوو کە درەختانی سنۆبەر دەوری دابوو و لە ناوەندی ڕیزی درێژی دار بەڕوواندا گیرسابووەوە و لەوە دەچوو سەدان ساڵ بێ ئاوەدانی بە خۆوە نەدیبێ، کە بایەکە بە لووره لوور خۆی بە ناو درەختەکاندا دەکرد، سنۆبەرەکان دەکەوتنە ناڵەناڵ.

دەرگای ژوورەکانی کۆشکەکە هەمیشە داخرابوون و کەل و پەلەکانی ناویان هی دەورانی کۆن بوون، لەم ژوورانەدا ئەو خەڵکانەی کە وێنەکانیان بە دیواری ڕاڕەوە ساردەکانەوە هەڵواسرابوون، بەڕێزەوە پێشوازیان لە پیاو ماقولان و ئەشرافانی دەرودراوسێیان دەکرد.

بەڵام ئێمە پەنامان بردبووە بەر مووبەقەکە، مووبەقەکە هەم گەورە بوو و هەم تاقە شوێن بوو بە کەڵکی دانیشتن بێ، هەرکە بڕە دارێکت خستبا سۆپا موغەیریە گەورەکەیەوە هەموو کون و کەلەبەرە تاریکەکانی ڕوناک دەبووەوە، هەموو شەوێ دوای ئەوەی وەنەوزێکمان لە دەوری ئاگرەکەدا دەدا و دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر هەڵم لە پێڵاوە تەڕەکانمان هەڵدەستا و تاژییەکان لە بەر پێمانا لاڵ و پاڵ وەردەکەوتن ودەتگوت هیپنۆتیزە کراون، خەونیان بە ڕاوەوە دەبینی و دەیانمڕاند، بە پلیکانەکاندا بۆ ژوورەکەی خۆمان دەچووین.

ئەمە تاقە ژوورێک بوو کە دەبوا میچ و ساپیتەکەی نۆژەن بکرێتەوە و لە بەر هەبوونی مشک، هەموو دیوارو کون و کەلێنەکانی گەچکاری بکرێت. بەڵام هەر بە و دەقەوە مابووەوە و تەنیا تەڕاوێک کرابوو و ژمارەیەک تفەنگ و قامچی تایبەت بە سەگان و شەیپورانی ڕاوی بە دیوارەکانییەوە هەڵواسرابوو، لە کاتێکا لە سەرما هەڵدەلەرزین، لە دوو سووچی ئەم کولبە سیبریاییەدا، خۆمان دەخزاندە بن جێگە و بانەکانمانەوە.

لە جێگایەکی بەرانبەر کۆشکەکەدا پارچە زەویەکی بەرز هەبوو، گژە بای ئۆقیانووس شەو و ڕۆژ درەختەکانی لار دەکردەوە و دەیخستە ئاە و ناڵە و دەبووە بایسی ئەوەی لە سەربان و بادرز و  با بوێرەکانەوە، ئاو وەکو دڵۆپی ڕوندکان دادەچکا و موغەیرییە پان و شکەفت ئاساکانی ئەو ساختمانەش پڕ لە با دەبوون و دەکەوتنە لوره لور. لەم حاڵەدا داخستنی پەنجەرەکانیش مەحاڵ بوو.

***

ئەو ڕۆژە دنیا یەجگار سارد بوو، شەو داهات، ئێمە لە دەوری مێزی نانخواردنەکە، لەبەر ئاگری موغەیرییە بەرزەکەدا دانیشتبووین، کە گۆشتی پشتە مازەی کەروێشک و دوو کەوی لە سەر بوو و بەدەم برژاندنەوە بۆنێکی خۆشیان لێبەرز دەبووەوە.

پسمامەکەم سەری هەڵبڕی و گوتی:- وادیارە سبەیش دنیا گەرم نابێت و هەوا سارد دەبێت.

من، بە بێ موبالاتی بەرسڤم دایەوە:- نا، بەڵام سبەی بەیانی مراوی لە مرداو و زۆنگاوەکان دەخۆین.

کارەکەری ماڵەکە کە مراک و چنگاڵەکانی مەی لە لایەکی مێز و خوانەکە و هی خزمەتگوزارەکانی لە لایەکی دییەوە دادەنا، پرسی:- ئاغایان دەزانن کە ئەمشەو، شەوی خواردنی خۆراکی تایبەتیە؟

هەڵبەتە ئێمە هیچ شتێکمان دەربارەی ئەوە نەدەزانی، چونکە هیچ کاتێ سەیری ڕۆژمێرمان نەدەکرد. هاوڕێکەم گوتی:- لەبەر ئەمە، نیوە شەوی ئەمشەو، ڕێ و ڕەسمی نوێژ و نزا لە کڵێسادا بەرپا دەکرێ و لەبەر ئەوە بوو کە ئەمڕۆکە بە درێژایی ڕۆژ زەنگی کڵێساکان، لێدەدران.

کارەکەرەکە وەڵامی دایەوە:- ئاو نەخێر، هۆیەکی تری لێدانی زەنگەکان ئەمەیە کە بابا فورنیل مردووە.

بابا فورنیلی قەشە، پێشتر کاری شوانکارەیی دەکرد و یەکێک بوو لە کەسە بەنێوبانگەکانی ئەو دیار و دەڤەرە. تا نەوەت و شەش ساڵی هەرگیز نەخۆش نەکەوتبوو، تا ئەوە بوو مانگێک لەوە پێش، شەوێکی تاریک کەوتە مرداوێکەوە و سەرمای بوو. بۆ ڕۆژی دوایی لە جێدا کەوت و لەوە و دوا بەدەم ئاویلکەدانەوە گوزەرانی دەکرد.

پسمامەکەم ڕوویکردە من و گوتی:- ئەگەر حەز دەکەی، هەر ئێستا دەچین بۆ دیدەنی ئەم بەلەنگازانە.

مەبەستی لە ماڵباتەکەی پیرەمێرد بوو کە بریتی بوون کە نەوەی کوڕە پەنجا وهەشت ساڵانەکەی و هاوسەرەکەی کە یەکساڵ لەو بچووکتر بوو. نەسڵی ناوەڕاست لە مێژ بوو نەمابوو. ئەو پیاو وژنەی لە خانوویەکی کاولەی خەمناکا، لە سەرەتای گوندەکە، بە دەستە ڕاستا دەژیان.

لێ نازانم بۆچی لەم گۆشەگیری و تەنیاییەدا، بیری شەوی کریسمسمان کەوتە خەیاڵ. ئێمە بە دوو قۆڵی، لەو تەنیاییەدا بۆخۆمان باسی خۆراکی پیرۆزی جارانی ئەو شەوەمان دەکرد، باسی بویەرە پڕ هەیەجانەکانی ئەم شەوەمان دەکرد، لەوانە باسی دەرفەتێن لە دەست چووی ڕاو وشکار، پێشبینی ڕووداوەکانی ڕۆژی دواتر و زۆر بویەری دیکەمان دەکرد.

بەمجۆرە، شێوەکەمان زۆر درێژەی کێشا و دوا بەدوای ئەوە سەر وچەند سەبیلمان کێشا و ئیدی شادی تەنیایی کە لە ناکاوا دوو دۆستی دڵسۆزی گیانی بە گیانی دادەگرێ، بە جۆرێ باڵی بە سەردا کێشابووین کە لە پەستا و بێپسانەوە هەر قسەمان دەکرد و لە پەناو پاساری زەینی خۆدا، بیرەوەری پەنهان ونهێنی ئەو ئاشقێنیانەمان دەگێڕایەوە کە لەم کاتانەدا خۆبەخۆ لە زار دەردەچن.

کارەکەرەکە، کە لە مێژ بوو دیار نەبوو، گەڕایەوەو بە ئاگای خۆی گوت:- ئاغا من بۆ نوێژی ئەمشەو بۆ کڵێسا دەڕۆم.

- زوو نییە!

کارەکەرەکە بەرسڤی دایەوە:- سێ چارەکی ماوە بۆ نیوەشەو.

جول پرسی:- چۆنە ئێمەش بۆ کڵێسا بڕۆین؟ و لەسەری ڕۆیی:-ئەم ڕێ و ڕەسمی شەوی جەژنی لە دایکبوونەی مەسیح، لە دەشت و بیاباندا خۆشە.

قاییل بووم، خۆمان لە فەرووی نێچیرانەوە پێچا وکەوتینە ڕێ.

سەرمایەکی هێندە بەترەف بوو دەم وچاوی دەتەزاند وئاوی دەزاپاندە چاو. بایەکی ناخۆش دەچووە سینەکانمانەوە و گەرووی وشک دەکردین. ئاسمانی لێڵ، ستێران، کە لە سەرما زەرد هەڵگەڕابوون، کز کز دەدرەوشانەوە. درەوشانەوەی ئەم ستێرانە بە هیچ جۆرێ وەکو ئاگر نەبوو، بەڵکو وەکو ئەوە بوون لە سەهۆڵ دروست کرابن و وەکو بلور دەدرەوشانەوە. لە دووری دوورەوە، لە سەر ئەرزە وشک وقەلاّیی ڕەنگەکە، دەنگی قاپقاپی جووتیاران دەهات و دەنگی زەنگی چکۆلەی کلێسایانی گوند لە سەرانسەری ئاسۆدا دەنگی دەدایەوە و لەو تۆفە شەوە ساردەدا، بە کزی دەگەییە گوێی هەمووان.

گوند، نەخەوتبوو. کەڵەبابان، لە سۆنگەی ئەم هەموو هەرا وزەنایەدا، شەویان لێگۆڕابوو، لێکدا لێکدا دەیانخوێند، کە بە لای تەویلەکاندا دەڕۆیشتیت، دەنگی سمکۆلانی ئاژەلان، کە بەهۆی ئەم هەرا و هەنگامەیەی ژیانەوە، پەشۆکا بوون، دەهاتە گوێ.

کە لە گوندەکە نزیک بووینەوە، جول دووبارە ماڵباتی فورنیلی بیر کەوتەوەو گوتی:- ئەم کولبە دارینە ماڵەکەی وانە، با وەژوور بکەوین!

ماوەیەکی زۆر بێهودە لە دەرگای دا. هەنگێ یەکێک لە ژنانی دراوسێ کە لە ماڵ وەدەرکەوت تا بۆ کلێسا بڕوات، کە ئێمەی بینی گوتی:- بەڕیزینە، لە ماڵ نین، چوون بۆ کلێسا و حاڵی حازر خەریکی دوعا و نوێژن بۆ بابا فورنیل.

پسمامەکەم گوتی:- لە کاتی درچوونا تووشیان دەبین.

هەیڤک(هلال) بە ڕوخساری داسولکە ئاسای خۆیەوە، لە ناوەندی ئەم کێڵگە و مەزرا بێکۆتاییانەوە، کە هەموو لە قەف و گوڵا بوون، بەرەو کەلی ئاوابوون دادەگەڕا و لە ناو گوندە تاریکەکەوە، لە هەموو لایەکەوە تروسکەی بچووک و لەرزۆک بەرەو بورجە نووک تیژەکەی زەنگی کلێساکە کە پەیتا پەیتا لێی دەدا، دەجولاّ، لە ئاقاری مەزرا پڕ درەختەکان و لە ناوەندی دەشتە تاریکەکەدا، ئەو وردە تروسکانە کە زۆر لە ئەرزەکەوە دوور نەبوون، بلەز جێگۆڕکێیان دەکرد. ئەم تروسکانە، ئەو فانووسانە بوون کە جووتیار و گوندییەکان لە شەوا هەڵیاندەگرت و ڕێگەی هاوسەرەکانیان پێ ڕووناک دەکردەوە: ژنەکان کلاّوی سپیان لە سەر وشانێڵی درێژی ڕەشیان لەبەردا بوو. منداڵەکانیشیان کە لە خوت و خۆڕایی لە خەو هەستابوون، دەستی یەکدییان گرتبوو و لە دوای ئەوانەوە ڕێیان دەکرد.

لە ناوەڕاستی درگا کراوەکەی کلێساکەوە، جێگای هەلاّیسانی مۆمەکان دەبینرا، ئەمە تاجێک بوو کە لە ژمارەیەک مۆم پێک هاتبوو، کە هەر دانەیەکیان بایی یەک سوو بوو (سوو: پارەیەکی وردەی جارانی فەرەنسییە کە دەکاتە بیست یەکی فرانکێک ) و دالاّنەکەیان ڕوناک دەکردەوەو لە میحرابەکەی دەستە چەپدا، وێنەیەکی گەورەی منداڵیەتی عیسا مەسیح لە ئەرزەکەدا و لە سەر کۆمایەک کا و کۆتا ( کا و کۆت: ئاماژەیەکی ڕەمزی یە بۆ لە دایکبوونی عیسا مەسیح لە کادێن و تەویلەدا ) و لە نێو لق و پۆپی دار کاژێکا دانرابوو.

ڕێ و ڕەسمی نزا و نوێژ دەستی پێکرد، گوندییان کڕنۆشیان برد و ژنەکان کەوتبوونە سەر چۆکان و دوعایان دەکرد. ئەم خەڵکە سادە و ساویلکەیە کە بەو شەوە ساردە لە جێگا هاتبوونە دەرەوە، بە سۆز وگودازێکی زۆرەوە، دەیانڕوانییە وێنەکەی مەسیح کە ناشیانە وێنە کێشرابوو، لە کاتێکا دەستیان لە نێو

دەستی یەکدی نابوو، زۆر ساویلکانە کەوتبوونە ژێر کاریگەری و باندۆری ئەم نمایشە مندالانەیەوە و ترسیان لێنیشتبوو.

بایە زۆر ساردەکە، گڕی مۆمەکانی هێنابووە لەرزە لەرز.

جول بە منی گوت:- با بڕۆینە دەرەوە، خەڵکێکی زۆرتر لە دەرەوە هەن.

لە سەر جادە کپ و چۆڵەکە، لەو ماوەیەدا کە هەموو گوندییەکان لە حاڵی کڕنۆش و سوجدەدا بوون و بە باوەڕ و ئیمانێکی پاکەوە، لە سەرما هەڵدەلەرزین، ئێمە دووبارە دەستمان بە گێڕانەوەی بیرەوەرییە کۆنەکانی خۆمان کردەوە، ئەم قسانە ئەوەندەی کێشا و بەردەوام بوو، کە کاتێ بۆ گوندی گەڕاینەوە، ڕێ و ڕەسمەکە تەواو بووبوو.

ڕوناکییەکی کز لە ژێر دەرگاکەی ماڵی فورنیلییەکانەوە دەهاتە دەرەوە. پسمامەکەم گوتی: ئەوانە شەو بە دیار مردووەکەی خۆیانەوە بەسەر دەبەن. هەرچۆنی بووە با بچین بۆ ماڵی ئەم خەڵکە هەژارە، بەم کارە خۆشحاڵ دەبن.

چەند سەرە بزوتێک لە نێو موغەیرییەکەدا، خەریک بوو بەدەم سووتانەوە دەبوون بە خۆڵە کەوە. ژوورەکەش تاریک و دەر و دیوارەکانی چڵکن و پڵکن و پیس و دارەراوکاریتەکانی خۆرە تێی دابوون و بە درێژایی ڕۆژگار، کەوەیی بووبوون. بۆنی تووندی باسترمەی بەراز ژوورەکەی پڕ کردبوو، لە ژێر مێزێکی گەورەدا، تەشتێکی هەویر شێلی، کە لە گەدە دەچوو، دەبینرا. شەمدانێکی ئاسنی خوار و خێچ لە ناوەندی مێزەکە دانرابوو، مۆمێکی بەسەرەوە بوو، کە دووکەڵێکی ناخۆش و بەد بۆن لە فتیلە دووکەلاوییەکەیەوە بەرەو مێچەکە بەرز دەبووەوە و دوفورنیل، ژن و مێرد، بە شێنەیی مژوولی خواردنی شەوی کریسمس بوون.

ئەمانە مات و بێدەنگ و بە حاڵەتێکی زۆر خەمین وسیمای گەوجانەی دێهاتیانەوە، بە خاوی و بێئەوەی چ قسەیەک بکەن خواردنیان دەخوارد، پارچە باسترمەیەکی برژاو لەنێو ئەو تاقە قاپەدا بوو کە لە نێوان هەردووکیاندا دانرابوو و هەڵمێکی شێداری لێبەرز دەبووەوە. جار جارێک، بە نووکی چەقۆکەیان پارچەکیان لێدەکردەوە و لە پارووە نانێکیان هەڵدەسوو و ئەوسا بە کاوەخۆ دەیانخوارد.

کاتێ کە پەرداخەکەی پیاوەکە بەتاڵ دەبوو، ژنەکە گۆزە شەرابەکەی، شەرابی سێو بوو، هەڵدەگرت و پەرداخەکەی بۆ تەژی دەکردەوە.

کە ئێمە وەژوور کەوتین لە بەرمان هەستان و خولکی دانیشتنیان کردین و داوایان کرد نانیان دەگەڵ بخۆێن و دوای ئەوەی ئێمە قاییل نەبووین نانیان لەگەڵ بخۆێن، دووبارە دەستیان بە نانخواردن کردەوە.

دوای بێدەنگیەکی چەند خولەکی پسمامەکەم پرسی:- باشە ئانتیم باوە گەورەت مردووە؟

- بەڵێ قوربان، ئەمڕۆ کۆچی دوایی کرد.

دووبارە بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاینەوە و ژنەکە لە ڕووی ئەدەبەوە دووکەڵی مۆمەکەی گرت. هەنگێ من هەر بۆ ئەوەی قسەیەک بکەم، گوتم:- زۆر پیر بوو.

هاوسەری نەوەکەی کە تەمەنی پەنجا و حەوت ساڵ بوو، گوتی:

- ئیدی سەردەمی ئەو بەسەر چووبوو، هیچ کارێکی لەم دنیایەدا نەمابوو کە ئەنجامی بدات.

لە ناکاوا کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتە سەر کە جەستەی ئەو پیاوە سەد ساڵیە ببینم و تکام لێکردن کە تەرمەکەیم پێ نیشان بدەن.

جووتە دێهاتی، کە تا ئەو دەمە ئارام بوون، زۆر پەشۆکان و بە چاوە نیگەرانەکانیان لە یەکدییان دەپرسی چ بکەن و هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە.

پسمامەکەم کە نارەحتی و نیگەرانییەکانی ئەوانی بینی، پێداگری لە سەر مەسەلەکە کرد و هەنگێ پیاوەکە کە دووچاری گومان و بەد گومانی بووبوو، بە درۆوە پرسی:- باشە ئەم کارە چ سوودێکی بۆ ئێوە هەیە؟

جول گوتی:- هیچ، ئەمە شتێکە کە هەموو ڕۆژێک ڕوودەدات، بەڵام بۆ ئێوە ناتانەوێ نیشانی بدەن؟

پیاوەی جووتیار شانەکانی هەڵتەکاند و بەرسڤی دایەوە:- ئاە! هەڵبەتە من نامەوێ، تەنیا لەم کاتەدا کێشەیە.

هەزار ویەک گومان و مەزندەمان لەلا چێبوو و چونکە نەوەکانی یارۆی مردوو بەو دەقەوە لە جێی خۆ نەدەجوڵان و ڕووبەڕووی یەکدی ڕۆنیشتبوون و چاویان داخستبوو و بە سەری سپیەوە، حالەتی خەڵکانێکی ناڕازیان لە خۆ گرتبوو کە لە دڵی خۆدا دەیانگوت:- دە برۆن لە کۆڵمان ببنەوە.

پسمامەکەم، بە ئەمر کردنەوە گوتی:- ئانتیم با برۆین، ئێوەش هەستن و بۆ ژوورەکەی ئەومان ببەن.

بەڵام کابرا کە بڕیاری خۆی دابوو، بە ڕوو گرژی بەرسڤی دایەوە:- ئاغا، کێشەکە ئەمەیە کە ئەو ئیدی لێرە نییە.

- ئەدی لە کوێیە؟

ژنەکە، قسەی مێردەکەی بڕی و گوتی:- من هەر ئێستا پێتان دەڵێم، تا سبەی ناومانەتە ناو تەشتەکە، چونکە بە هیچ جۆرێ جێگامان نییە.

هەنگێ لە کاتێکا قاپی خواردنەکەی دەدایە دواوە، پەردەی سەر مێزەکەی لادا، بە مۆمەکەوە دانەوییەوەو ناو سەندووقێکی گەورەی، کە سەرەکەی هەڵدرابووەوە ڕوناک کردەوەو ئێمە لە بنی سەندووقەکەدا شتێکی کەوەییمان بینی کە لە بەستەیەکی درێژ دەچوو کە لە لایەکەوە سەرێکی لاوازی قژ لوولی سپی و لە لایەکەی ترەوە دوو پێی ڕووت دەرهاتبوون.

ئەمە یارۆی پیرەمێرد بوو کە بە چاوانی نووقاو و جەستەی زۆر لاوازەوە، لە پاڵتۆ شوانکارەییەکەی خۆیەوە پێچرابوو و لەو شوێنەدا، لە نێو وردە نانی ڕەش هەڵگەڕاوی کۆنا، کە بە ئەندازەی خۆی کۆن بوو، خەوی هەتاهەتایی لێکەوتبوو.

منداڵەکانی بە سەر سەری ئەوەوە شێوی جەژنی کریسمسیان خواردبوو.

جول کە تووڕە بووبوو و لە تووڕەییدا دەلەرزی، هاواری کرد:- هەی دێهاتیانی نەفام، باشە بۆ لەسەر تەختە خەوەکەی خۆی داتان نەناوە؟

هەنگێ ژنە دەستی بە گریان کرد و یەکسەر بەرسڤی دایەوە:-

بەڕێزەکەم، من هەر ئێستا پێت دەڵێم، تا تەنیا یەک تەختمان لەماڵدا هەبوو و جاران کە تەنیا سێ نەفەر بووین دەگەڵ ئەودا دەخەوتین، بەڵام برادەری ئازیز، لەو کاتەوە کە ئەو بەم ڕادەیە نەخۆش کەوت، ئێمە ئیدی لە ئەرزەکە دەخەوتین و ئێستا ئەم کارە زۆر زەحمەتە. ئێ، ئیدی کە ئەمڕۆ ئەو مرد، لە دڵی خۆدا گوتمان ئێستا کە ئەم پیاوە هەست بە ئازار ناکات، بۆ لە سەر تەختەکەی دابنەین؟ باشتر وایە تا سبەی لە تەشتی نانەکەی دابنەین و ئەمشەو کە دنیا زۆر ساردە، با خۆمان سوود لە تەختەکە بدینین.برادەرانی ئازیز، لەم حاڵەدا نەماندەتوانی دەگەڵ مردووەکەدا بنووین.

پسمامەکەم کە زۆر پەست بووبوو، لە ماڵەکە وەدەرکەوت وبە توونده دەرگاکەی بەیەکا دا و منیش لە حاڵێکا بە ڕوندکانی ژنەکە پێدەکەنیم، دوای پسمامەکەم کەوتم.

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# ئەسپ سواری

ماڵباتێکی هەژار و بێنەوا هەبوو کە بە زەحمەت بە مووچە کەمەکەی پیاوەکەیان دەژیان. ئەو ژن و مێردە، لە ژیانی خێزانداری خۆیاندا دوو منداڵیان هێنابووە دنیاوە و هەوەڵین کێشەی وان، هەمان دەردە سەری پەنهان و سادە و لە هەمان کاتا خەجاڵەتباری ئەم جۆرە خانەوادە شەریف و ئابڕوومەندانە بوو کە دەیانەوێ پێگەو حەیا و حورمەتی خۆ بپارێزن.

هیکتۆر دوگریبلن، لە ماڵی بابی خۆیا، لە شارستان، قەشەیەکی پیر، فێری خوێنەواری کردبوو. ماڵباتەکەی دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام بێئەوەی دەری ببڕن، بە دژواری گوزەرانیان دەکرد.

پاشان لە تەمەنی بیست ساڵیدا، دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوت و بە مووچەیەکی ساڵانەی هەزار و پێنج سەد فرانکی، بە فەرمانبەر لە وەزارەتی دەریاوانی دامەزرا. ئەو ساردی و گەرمی ژیانی نەچەڕباندبوو، لە تالووکەکانی ژیاندا قاڵ نەبووبووەوە، وەکو هەموو ئەو کەسانە بوو کە بە هیچ جۆرێ بۆ شەڕی سەختی ژیان ئامادە نەبوون و، بوون و ژیانیان بەلاوە ڕوون و خویا نییە و لە هەر ئیمکاناتێکی دارایی و توانای تەحەموول بێبەشن و لە منداڵی ڕا، لە هەر بەهرە و توانایەیەکی تایبەتی و بەردەوام بۆ خەبات و تێکۆشان بێبەش بوون و هیچ ئەوزارێکیان بۆ ئەمجۆرە کارانە لەبەردەستدا نەبووە.

سێ ساڵی یەکەمی فەرمانبەری، بە سەختی ڕۆیی. هەندێک لە دۆستان و ئاشنایانی خانەوادەیی خۆی کە خەڵکانی بە تەمەن، پاشکەوتوو و کەم یەغباڵ بوون و لە کوچە وگەڕەکی ئەشرافی و خەمناکی دەوروبەری سن جرمن دەژیان، دۆزییەوە.

ئەم ئەشرافە مەغروور و هەژار و بچووکانە کە بەم ژیانە تازەیە نامۆ بوون، لە نهۆمە بەرزەکانی باڵەخانە بێدەنگەکاندا ئاکنجی بوون. هەر هەموو ئەم شۆقانەیان لە سەرێ ڕا تا خوارێ بە کرێ گرتبوو، خەڵکانێکی بەناو و عینوان بوون، بەڵام پارە لە نهۆمی یەکەمیشدا وەکو نهۆمی شەشەم بە دەگمەن دەست دەکەوت.

پێشداوەریانی هەمیشەیی، مەژغەڵەتی زەینی چینایەتی و شپرزەیی سەبارەت بە ئەگەری لێکەوتن، هەمیشە ئەم ماڵباتە کۆنە ئەشرافانەی کە ئێستا نابووت بووبوون، سەرقاڵ کردبوو. هیکتۆر دوگریبلن لەو ژینگەیەدا، تووشی کیژێکی گەنج و ئابڕوومەند و هەژاری وەک خۆی بوو و زەماوەندی دەگەڵ کرد.

ئەمانە لە ماوەی چوار ساڵدا دوو منداڵیان بوو.

***

بە تێپەڕبوونی ئەم چوار ساڵە، هێشتا تاقە خۆشی و سەرگەرمی ئەم خێزانە، کە نەداری و نەبوونی تەنگی پێ هەڵچنی بوون، ئەمە بوو کە ڕۆژانی یەک شەمموان گەشتێکی شانزە لیزە بکەن و شەوانی زستانیش، بە لوتفی ئەو بلیتانەی لە لایەن هاوکارانەوە بۆیان دەهات، یەک دوو جاران بچنە تەمەشاخانە ( شانۆ ).

بەڵام دەوروبەری بەهار بەڕێوەبەرەکەی هیکتۆر، کارێکی زیادەی پێ سپارد و لە ئەنجامی ئەمەوە سێ سەد فرانکی وەرگرت.

کاتێ کە ئەم پارەیەی بۆ ماڵ هێنایەوە، بە هاوسەرەکەی گوت:

- هانریتی ئازیزم، ئێمە دەبێ بۆ دڵخۆشی منداڵەکان سەفەرێ، سەیرانێ بکەین.

دوای گەنگەشەیەکی دوور ودرێژ، بڕیاری دا هەموویان بۆ نانخواردنی بەیانی بچنە سەیرانگە و هاواری کرد:- بە جاریکیش هیچ نابێ. ئیدی گالیسکەیەکی گەورە بۆ تۆ منداڵەکان و کارەکەرەکە بە کرێ دەگرین و ئەسپێکیش بۆ خۆم لە مەیدانی سوارکاری دێنم. ئەمە حەزی منە.

خەڵکی ماڵەکە، یەک هەفتەی تەواو سەری زمان و بنی زمانیان سەیرانی دەرێی شار بوو، ئەو سەیرانەی کە بڕیاریان لێی دابوو.

هیکتور، هەموو عەسرانێک کە لە دەوام و کار دەزڤڕییەوە، کوڕە گەورەکەی لە باوەش دەگرت، لە سەر ئەژنۆکانی خۆی دایدەنا و لە کاتێکا بە هەموو هێزی خۆیەوە هەڵیدەپەڕاند، پێی دەگوت:

- یەکشەممەی ئاینده، لە سەیرانەکەدا بابە بەم ئاوایە هەڵدەکاتە چوارناڵە.

منداڵە شەیتانەکەش، بە درێژایی ڕۆژ، سواری کورسییەکان دەبوو و لاقی بەم لا و بەولادا شۆڕ دەکردنەوە و بە ناو ژوورەکەدا دەسوڕایەوە و هاواری دەکرد:- ئەمە بابەیە کە سواری ئەسپ بووە.

کارەکەرەکەش بە سەر سوڕمانەوە تەمەشای ئاغای خۆی دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو بە سواری ئەسپ شانبەشانی گالیسکەکە دەڕوات، هەروەها هەموو جارێ لە کاتی نانخواردنا، گوێی لەو قسانە دەگرت کە کاتی خۆی لە ماڵی بابیدا، چ هونەر نوێنییەکی لەو بوارەدا کردووە. هیکتۆریش هەرچەندە لە قوتابخانەیەکی باشدا خوێندبووی، لێ نها کوت و پڕ حەیوانێکی لە ژێر لینگی خۆدا دەبینی و وێڕای ئەوەش بە هیچ جۆرێ نەدەترسا.

لە حاڵێکا دەستەکانی لێکدی دەماڵی، بەردەوام بە ژنەکەی دەگوت: ئەگەر، بکرابا حەیوانێکی چەمووش و سەرکێشیان پێ دابوام، خۆشحاڵ دەبووم. هەنگێ بە چاوی خۆ دەبینی چتۆ سوارێکم و ئەگەر مەیلت لێبێ، ئێمەش لە کاتی گەڕانەوەی دەستە سوپاییەکان، لە شانزەلیزەوە دەگەڕێینەوە و چونکە وەزع و حاڵ و دیمەنێکی باشمان دەبێت و ئەگەر تووشی فەرمانبەرێکی وەزارەتخانەکەی خۆمان ببم، پێم خراپ نابێ، چونکە خۆیشی بۆ ڕێزگرتن لە بەرپرسانی خۆی، لەم کارە زیاتر ناکات.

لە ڕۆژی دیاریکراوا، گالیسکە وئەسپەکە هاوکات گەیشتنە بەر دەرگای ماڵەکە وهیکتۆر یەکسەر چووە تەمەشای ئەسپەکەی خۆی. ڕای سپاردبوو، جووتێ ئاوزەنگی چاک بە زینەکەیەوە بکەن و ئەو قامچییەی کە شەوێ کڕی بووی، بەدەستەوە گرتبوو و بای دەدا.

هەر چوار پەلی ئەسپەکەی یەک یەک بەرز کردەوە و دەستی پێدا هێنان، دەستی بە گەردن و لاقەبرغەکان، ژێر ئەژنۆکانیا هێنا. بە قامکەکانی خۆی لا تەرافەکانی سەح کردەوە، دەمی داپچڕاند و تەمەشای ددانەکانی کرد و ئەوسا تەمەنی دیاریکرد وچونکە هەموو ئەندامانی خێزانەکە کۆ بووبوونەوە، محازەرەیەکی کورتیشی دەبارەی ئەسپ و شارەزایی خۆی لە ئەسپەوانی گوتەوە.

کاتێ هەمووان بە تەواوەتی لەناو گالیسکەکەدا جێگیر بوون، ئەو قایش وقروشی زینەکەی سەح کردەوە، ئەوسا پێی خستە ناو ڕکێفەکە (ئاوزەنگی) و تەکانی دا و خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکە. لێ ئەسپەکە لە ژێر گوشاری بەدەنی ئەودا، کەوتە سمکۆڵان و چیوای نەمابوو سوارەکەی هەڵدێرێت.

هیکتۆر، پەشێو و پەرێشان، هەوڵیدەدا ڕامی بکات وگوتی:- با هێواش بڕۆین، دۆستی من، هێواش بڕۆین.

پاشان کاتێ ئەسپەکە هێور بووەوەو سوارەکەی دووبارە هاوسەنگی خۆی بەدەست هێنایەوە، سوارەکە پرسی:- هەموو ئامادەن؟

هەنگێ فەرمانی دا: - بەڕێکەون.

گالیسکەکە و سوارەکە بە کەش وفشەوە کەوتنەڕێ.

هەمووان چاویان لەو بوو. ئەویش بە شێوازی ئینگلیزان و بە کەش وفش وهەڵبەز هەڵبەزەوە، بە یورغە دەڕۆیی. ئەو بە زەحمەت خۆی لە سەر زینەکە، کە خستبوویە هەڵبەز و دابەز، گرتبوو، پێدەچوو بیەوێ بۆ ئاسمان بفڕێت. زۆرجار وا دەهاتە بەرچاو کە خەریکە بکەوێ بە سەر یاڵ وبژاڵی ئەسپەکەدا. ڕاستەوڕاست چاوی بڕی بووە پێشەوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو وڕوخساری گرژ بووبوو.

هاوسەر وکارەکەرەکەی کە هەر یەکەیان یەکێک لە منداڵەکانیان لە باوەش گرتبوو، لێکدا لێکدا دووبارەیان دەکردەوە:- تەمەشای بابە بکەن، تەمەشای بابە بکەن!

دوو منداڵەکە کە کەش و هەوا خۆشەکە سەر مەستی کردبوون، لە کانگای دڵەوە و پڕ بە زار هاواریان دەکرد و ئەسپەکە کە لەم هەرا و زەنایە ترسابوو، کەوتە چوار ناڵە. هیکتۆر کە هەوڵیدەدا ئەسپەکە ڕابگرێت لەم کاتەدا کڵاوەکەی لە سەر بەربووەوە و گالسیکەوانەکە ناچار دابەزی و کڵاوەکەی بۆ هەڵگرتەوە. هیکتور لەو کاتەدا کە کڵاوەکەی لە دەستی ئەو وەردەگرت، لە دوورەوە بە ژنەکەی گوت: - مەیەڵە منداڵەکان بەوجۆرە هاوار بکەن، تۆ تووڕەم دەکەیت!

لە لێرەواری ڤەزینەکەدا، کە چەند کارتۆنی ئازووقەیان دەگەڵ خۆدا هێنابوو، تێشتیان دروست کرد و قاوەڵتیان کرد، هەرچەندە کابرای گالیسکەوان ئاگاداری هەر سێ ئەسپەکەی دەکرد، هیکتۆر هەر تاو ناتاوێ لە جێی خۆی هەڵدەستا کە بڕوا بزانێ ئەسپەکەی هیچ کەم و کوڕییەکی نەبێ. دەستی بە ملی ئەسپەکەدا دێنا، نانی کلۆ قەند و نانی شیرینی دەرخوارد دەدا.

پاشان بە ژنەکەی گوت:- ئەم ئەسپە بە زەحمەت یورغە دەکات و لە هەوەڵیشەوە کەمێک تەکانی دام، لێ تۆ بەخۆت بینیت کە زوو کۆنترۆڵم کرد. ئیدی خاوەنی خۆی ناسی و نها ئیدی بارە گوێزی لێ بنەی خرەی نایەت.

وەکو چۆن ئەو بڕیاری دابوو، لە ڕێگای شانزە لیزەوە گەڕانەوە.

ئیدی ئەوزاری گواستنەوە وگالیسکە، وەکو مێرووولە بەو شەقامە فراوانەدا لە هات و چۆدا بوون، ئەم بەر و ئەوبەری شەقامەکە لە ڕێڤینگاندا جمەی دەهات، لە تۆ وایە دوو نەواری درێژ و ڕەش لە تاقی سەرکەوتنەوە تا مەیدانی کنگورد ڕایەڵ کراوە.

هەتاوێکی بە تین دنیای زێڕ وەشان کردبوو، گالیسکەکان ودەسکی دەرگای گالیسکەکان لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەدرەوشانەوە.

لەوە دەچوو جۆش و خرۆشی هات و چۆ و سەرمەستی ژیان، ئەم ئاپۆڕای خەڵکە و ئەوزاری هات و چۆ و چوارپێیانی خستبێتە گەڕ و لەو لاشەوە ستونی ئوبلیسک (ستونێکە لە مەیدانی کنکوردی پاریس بە بڵندی نزیکەی بیست و سێ مەتر ) لە نێو مژ و هەڵمێکی زەرد باوەوە قوت بووبووەوە.

دوای تێپەڕبوون لە تاقی سەرکەوتن، ئەسپەکەی هیکتۆر، دووبارە هاڕوژا و بەنێو کوچە و کۆڵانەکاندا، بەرەو تەویلەکە کەوتە غاردان و سوارەکەشی چەندی کرد وکۆشا بۆی هێورنەکرایەوە.

نها، گالیسکەکە، زۆر لە دوای ئەوانەوە بوو و لەم کاتەدا، ئەسپەکە، لە بەرانبەر ساختمانی پێشەنگای پیشەسازیدا، هەستی کرد لە سارادایە و بە سەمتی چەپدا پێچی کردەوە و لەسەر چوار ناڵەی خۆی بەردەوام بوو.

پیرەژنێک کە بەر هەڵبێنەیەکی بەستبوو، بە هەنگاوی خاو بە جادەکەدا دەپەڕییەوە، ڕێک لە بەردەم هیکتۆردا بوو کە بە هەشتاو گەییە ئەوێندەر. هیکتۆر ئەسپەکەی بۆ جڵەو نەدەکرا و بۆ ئەوەی مل بە پیرەژنەوە نەنێت، پڕ بە زار هاواری لێکرد.

بەڵام پیرەژن پێدەچوو کەڕ بێ یان گوێی گران بێ، بە ئارامی درێژەی بە ڕێگای خۆی دەدا، تا ئەسپەکە وەکو مەکینەی قیتارێک کە بەرەو پێش بڕوات، خۆی بە سینگ و بەرۆکی ژنەدا کێشا و پیرەژن سێ تەقڵەی دا، بە سەرا داهاتەوە و دە شەقاو لەولاترەوە بە ئەرزەکەدا غل بووەوە و تەنوورەکەی هەڵدرایەوە.

هاوار بەرز بووەوە کە:- ئەو کابرایە بگرن!

هیکتۆر کە پەشۆکا بوو و توووند خۆی بە یاڵی ئەسپەکەوە گرتبوو، هاواری دەکرد:- هاوار فریام کەون.

یەک تەکانی توووند و ترسناک، ئەوی وەکو تۆپ بە سەر گوێیەکانی ئەسپەکەدا هەڵدا و ڕێک کەوتە باوەشی ئەو پاسەوانەوە کە بە هاوار و کۆمەکی ئەوەوە هاتبوو.

لە چاو تروکانێکا، ژمارەیەک خەڵکی تووڕە دەوریان دا و بە هات و هاوار و دەست بادانەوە کەوتنە قسەکردن. بە تایبەتی پیرەمێرێکی بە ویقاری سمێڵ چەرموو کە میدالیێکی گەورەی خڕی شانازی بە بەرۆکەوە بوو و زۆر تووڕە دەهاتە بەرچاو، لێکدا لێکدا دەیگوت:- شەیتان بە نەحلەت بی ها، ئاخر یەکێک ئەوەندە بێ دەسەڵات بێ کە نەتوانێ ئەسپێک لێبخوڕێت، لە ماڵی خۆی نایەتە دەرێ تا خەڵکی بکوژێ.

لەم کاتەدا، چوار پیاو پیرەژنیان خستبووە سەرشان، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو و لە مردوو دەچوو، کڵاوەکەی هەڵگەڕابووەوە و لە گەرد و تۆزا ڕەنگەکەی دیار نەمابوو. هەنگێ هەمان پیرەمێری سەنگین و بە ویقار گوتی:- ئەم ژنە بگەیەننە خەستەخانەیەک و ئێمەش دەڕۆین بۆلای بەڕێوەبەری پۆلیس.

هیکتور، لە بەینی دوو پاسەواندا کەوتەڕێ، پاسەوانی سێیەمیش ئەسپەکەی گرتبوو و خەڵکانێکی زۆریش دوویان کەوتبوون. لەم کاتەدا گالیسکەکەش گەیی و ژنەکەی خۆی هەڵدایە خوارەوە، کارەکەرەکە تەواو شپرزە بووبوو و منداڵەکان دەگریان. هیکتور، بۆی ڕوونکردنەوە کە لە ژنێکی داوە، بەڵام هیچ نییە و ئەو بە زوویی دەگەڕێتەوە. هەنگێ خێزانەکەی پەرێشان و نیگەران ڕۆیشتن.

له پۆلیسخانه سووکه ئیفادەیەکی دا و گوتی که نێوی هیکتور دوگریبلنه و کارمەندی وەزارەتی دەریاوانییه. هەمووان چاوەڕوانی پیرەژنەکه بوون و ئەنجام ئەو پاسەوانەی که بۆ تاقیب ڤڕێ کرابوو گەڕایەوه و خویا بوو که پیرەژن وەخۆ هاتووەتەوه، بەڵام دەڵێت که له ناوەوه ئازاری هەیه، تەمەنی شەست و پێنج ساڵانه و به کارەکەری ماڵان دەژی و ناوی خات سیمونه.

هیکتور که زانی نەمردووه، ئۆخژنێکی له دڵ و دەروون گەڕا و بەڵێنی دا که مەسرەفی دەرمان و خەستەخانەی دەکێشێت و یارمەتی دەدات و پاشان به هەڵەداوان بۆ خەستەخانه ڕۆیی.

خەڵکێکی زۆر لەبەر دەرگا وەستابوون. ژنەی ساویلکه و خۆشباوەڕ له تاکه قەنەفەیەکدا ڕۆچوو بوو. له تاو ئازاری دەستەکانی حەجمانی نەبوو. دوو دکتۆر مژوولی معایەنەی ئەو بوون. هیچ شوێنێکی نەشکابوو، بەڵام دکتۆرەکان خەمی ئەوەیان بوو له ناوەوه زەدەردار بووبێ.

هیکتۆر قسەی دەگەڵ کرد و گوتی:- ئازارت زۆره؟

- ئاه! بەڵێ.
- کوێت دێشێت؟
- دەڵێی ورگ و ڕیخۆڵەم گڕی تێبەر بووه.

یەکێک له پزیشکەکان له هیکتۆر نزیک بووەوه و پرسی:- بەڕێز تۆ لێت داوه؟

- بەڵێ، جەناب.
- دەبێ ئەم ژنه بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەتی ڤڕێ بکرێت. من خەستەخانەیەک پێدەزانم که ڕۆژێ به شەش فرانکان وەری دەگرێت. دەتەوێ ئەم کارەی بۆ بکەم؟

هیکتور خۆشحاڵ بوو و سوپاسی کرد، دڵی ئیسراحەتی کرد و به ئاسوودەیی بۆ ماڵ زڤڕییەوه. ژنەکەی چاو به ڕوندک چاوەڕوانی ئەوی دەکرد، لێ هیکتور دڵخۆشی دایەوه و گوتی:

- هیچ نییه، ئەم خات سیمونه له زەرفی سێ ڕۆژدا چاک دەبێتەوەو ئیدی به یەکجارەکی له کۆڵمان دەبێتەوه. بۆ خەستەخانەیەکی تایبەتیم ناردووه. هیچ نییه، هیچ نییه!

ڕۆژی دواتر، هیکتۆر پاش ئەوەی له دەوام دەرچوو، ڕۆیی تا هەواڵێکی خات سیمون بزانێت. خات سیمونی له حاڵێکی باشدا بینی، ڕازی و خۆشحاڵ دیار بوو، خەریکی خواردنی گۆشتاوی چەور بوو.

هیکتور لێی پرسی:- حاڵت باشه؟

بەرسڤی دایەوه:- ئاه! ئاغا داماوم، ڕەوشم هیچ فەرقێکی نەکردووه، باشتر نەبووم. هەست دەکەم نیوه مردوو بووم.

پزیشکەکه ڕای وابوو که نابێ پەله بکرێ، چونکه لەگینه شتێک ڕووبدات.

هیکتور، سێ ڕۆژ چاوەڕوانی کرد و پاشان گەڕایەوه. پیرەژن به ڕوخساری گەش و نیگای ئارام و ئاسوودەوه، هەرکه چاوی بەو کەوت دەستی به ناڵین و ئاخین کرد، خۆی گەیانده حاڵی جاو وگوتی:-

ئاغای بەدبەختم، من ناتوانم لە جێی خۆ  بجولێم، من ئیدی ناتوانم، من تا ئەو ڕۆژەی ماوم ناتوانم بجولێم.

تەزوویەک بە سەراپای هیکتوردا هات وگەییە مۆخی ئێسقانەکانی. حاڵی پیرەژنی لە پزیشکەکەی پرسی، پزیشکەکە دەستەکانی هەڵبڕی وگوتی:- بەڕێز تۆ چیت دەویَ؟ من نازانم. کاتێ کە دەیانەوێ لە جێگاکە بەرزی بکەنەوە هاواری لێبەرز دەبێتەوە. یانی ناتوانن جێگای کورسیەکەشی بە ئاسانی بگۆڕن، هاواری دەگاتە ئاسمان. من دەبێ باوەڕ بە قسەی ئەو بکەم، خۆ من لە هندوری ئەودا نیم، تا ئەو کاتەی بەچاوی خۆم ڕێکرنی ئەو نەبینم، هەقی ئەوەم نییە باوەڕی پێنەکەم.

پیرەژنیش ئارام و بێجوڵە، بە نیگایەکی ساختە و ڕیا ئامێز، گوێی لەم گفت وگۆیە دەگرت. هەشت ڕۆژ و پاشان پازدە ڕۆژ و ئەنجام یەک هەیڤ بووری و خات سیمون، دەستبەرداری قەنەفەکەی خۆی نەبوو.

لە بەیانییەوە تا شەوێ دەیخوارد و قەڵەو دەبوو و بەڕووی خۆشەوە قسەی دەگەڵ هەموو نەخۆشەکاندا دەکرد و لەوە دەچوو خووی بە نەجولان و تەمەڵییەوە گرتبێ و دوای پەنجا ساڵ، هەڵگەڕان و داگەڕان بە قالدرمان و گسک دان و ڕەژوو بردن لەم نهۆمەوە بۆ ئەو نهۆم و هەڵگێرانەوەی دۆشەکان و پاککردنەوەی جلکان، نها شوێنێکی باشی بۆ ئیسراحەت کردن بەدەست هێنابێ.

هیکتور هایم و حەیران، هەموو ڕۆژێ دەهات و هەموو ڕۆژێ ئەوی بە ئارامی و ئاسوودەیی دەبینی کەچی دەیگوت: ئاغام، کەس حاڵی بە حاڵم نەبێ، ئیدی تەواو ناتوانم بجولێم، جوڵەم لەبەر بڕاوە.

خانم گریبلن، هەموو شەوێک لە حاڵێکا نیگەرانی و دڵتەنگی وەکو مۆریانە ڕوحی دەخوارد، دەیپرسی:- هەواڵی خانم سیمون؟

مێردەکەشی هەموو جارێ بە نائومێدی بەرسڤی دەدایەوە:- هەر وەکو خۆیەتی، هیچ شتێک نەگۆڕاوە!

ئەوان، کارەکەرەکەیان، کە کرێکەی بۆ ئەوان زۆر قورس بووبوو، ئیزن دا و زیاتر دەستیان لە مەسرەف گرتەوە، بەخشیش و بەرات بە تەواوەتی لەو ماڵە چووە قاتی.

هەنگێ هیکتور، چوار پزیشکی کارامەی کۆکردەوە کە دەوری پیرەژنیان دا. پیرەژنیش لە حاڵێکا بە چاوانی فێڵبازانەوە چاودێری وانی دەکرد، خۆی خستە بەر دەستیان کە دەستی تێوە بدەن و معایەنەی بکەن.

یەکێکیان گوتی:- دەبێ ناچار بکرێ ڕێبکات.

پیرەژن هاواریکرد:- بەڕێزینە، من ئیدی لە پێکەوتووم، ناتوانم بڕۆم.

پاشان بەدەستی خۆیان هەڵیان ساند وچەند هەنگاوێک بردیان بەڵام خۆی لە دەستیان دەرهێنا و خۆی لە ژوورەکەدا بە عاردیدا دا و هاوارێکی هێندە ترسناکی کرد کە ناچار بوون بە پارێزەوە بیگەڕێننەوە سەر جێگاکەی خۆی.

پزیشکەکان گەیینە ئەم ئەنجامگیرییەی کە ئەو ئیدی ناتوانێ کار بکات و ئەو بۆچوونەی خۆیان بە شێوەیەکی پەنهان دەربڕی.

کاتێ کە هیکتور ئەم هەواڵەی بە ژنەکەی دا، ژنەی تاین یەکسەر کەوتە سەر کورسییەک و بەدەمە لاڵکێوە گوتی:- باشتر وایە بیهێنینەوە ماڵەوە. ئەمەمان قازانجترە.

هیکتور، ڕاچڵەکی وگوتی:- ئێرە، ماڵی خۆمان، بە هەموو ئەقڵێکەوە ئەمە دەڵێی، ئەمەش بوو بە بیرکردنەوە؟

لێ هاوسەرەکەی کە ملی بۆ هەموو شتێک دابوو، بە چاوانی ڕوندکبارەوە بەرسڤی دایەوە:- ئەوە تۆ چ دەڵێی گیانی من، خۆ ئەمە خەتایەک نییە من کردبێتم.

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# تەختە خەو

لە دوا نیوەڕۆیەکی زۆر گەرمی پار هاویندا، ئەو ئوتێلە گەورەیەی کە بۆ هەڕاجی تەرخانکرابوو، بێدەنگ دەهاتە بەرچاو، بەڵام دەڵاڵەکان بە دەنگی نزم، شتەکانیان دەخستە مەزادەوە. لە قاتی یەکەمدا، لە هۆڵێکی ئەوسەری ئوتێلەکە، هەندێ شت ومەکی ئاوریشمی کۆنی تایبەت بە کڵێسا ، لە سووچێکا کەڵەکە کرابوو.

ئەم شت ومەکانە بریتی بوون لە پەردەو ڕووپۆشێن فەرمی وجبەی درێژ وجوانی کەشیشی و یان نامەێن ڕەمزی نووسراو لە سەر پارچەی ئاوریشمین کە چوار دەوری بە تاجە گوڵینە قولابدۆزی کرابوون، ئەگەرچی کاتی خۆی سپی بوون، لێ نها کەمێک زەرد هەڵگەڕابوون.

چەند مامەڵەچییەک لە لایەکەوە و بەدەم چاوەڕوانییەوە وەستابوون. ئەمانە بریتی بوون لە دوو یان سێ پیاوی ڕدێن تەنک و ژنێکی قەڵەوی ورگ زەلام و ژنەش لە جوملەی ئەو ژنانە بوو کە کەرەستەی ئاڕایش دەفرۆشن و لە هەمان کاتدا دەستی دەڵاڵی نێوان ژنان و پیاویان هەیە و وەکو شتی کۆن و دەستی دوو مامەڵە بە پێست و گۆشتی مرۆڤانەوە، چ پیر و چ جەوان دەکەن.

لە ناکاوا جبەیەکی جوانی کەشیشی دەورانی لویسی پازدەیەم خرایە هەڕاجەوە. ئەم جبەیە وەکو جلکی درێژی یەک خانمی مارکی بوو (مارکی: عینوانێکی نەجیمزادانی ئەوروپایە، لە نێوان دۆک و کۆنت دایە). کە هێشتا تەڕ و تازە بوو، داوێن و پەراوێزەکەی بە جۆرەها گوڵە زەمەق و گوڵە باخ و خاچ و تاجان نەخشێنرابوو. کاتێ کە کڕیم بۆم بەدیار کەوت کە هێشتا بۆنێکی گونگی پێوە ماوە، وەکو ئەوە بوو کە پاشماوەی بۆنی عود و بخوردی پێوە مابێ یان لەوە دەچوو کە ئەم بۆنە خۆش ودڵگیرە هەر لە کۆنەوە، لەوێدا مابێتەوەو بە یادەوەرییەکی ئەو بۆنە خۆشانە دەژمێردرا.

وەختایەک بۆ ماڵم هێنایەوە، ویستم کورسییەکی چکۆلەی پێ داپۆشم کە هی هەمان دەورانی خۆشی ڕابردوو بوو. وەختایەک بە مەبەستی ئەندازەگیری بە دەستەوەم گرت، هەستم کرد هەندێ کاغەز لە ژێر پەنجەکانما لوول دەبێ. کە ئەستەڕەکەیم کردەوە چەند پارچە کاغەزێک کەوتنە سەر ئەرزەکە. ئەم کاغەزانە ئیدی زەرد بووبوون و مەرەکەبی نووسینەکەی سەریان کاڵ بووبووەوە و ڕوو لە سڕانەوە بوون و دەستێکی ناسک، لە سەر یەکێکیان کە بە شێوەیەکی کۆن قەد نووشت کرابوو، ئەمەی نووسی بوو: " جەنابی قەشە ئارجانسە. "

لە سێ نامەی دیدا تەنیا بەرواری ژوانی دیدارەکان دیاری کرابوو و ئەمەش دەقی نامەی چوارەمە:

" دۆستی من، من نەخۆش و زۆر بێحاڵم و لە سەر تەختە خەوەکەم کەوتووم و توانام نییە بجوڵێم. باران بە توندی لە شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەم دەدا و من لە نێو جێگا گەرم و نەرمەکەی خۆم، بە هەڵچوونەوە، بەڵام سەر ڕەحەت و ئاسوودە بیر، لە بیرەکانی خۆدا مەلە دەکەم. کتێبێکم لە لایە، کتێبێکە حەزم لێیەتی و قارەمانەکەی کەمێک لە خۆم دەچێ. پێت بڵێم چ کتێبێکە؟

نا، چونکە بۆڵە بۆڵ دەکەی. ئێستا کە تەواوم کردووە، بیر لەوە دەکەمەوە و دەمەوێ پێت بڵێم بیر لە چی دەکەمەوە.

چەند بالیفێکیان لە پشتمەوە داناوە، کە بە کۆمەکی ئەو بالیفانە دانیشتووم و لە سەر مێزێکی چکۆلە بۆیان داناوم، ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم.

نها سێ ڕۆژە لە جێگادا کەوتووم، بیر لە تەختە خەوەکەم دەکەمەوە و بەدەم خەو وبێدارییەوە، بە قووڵی بیری لێدەکەمەوە.

دۆستی من، تەختە خەو دەکاتە هەموو ژیان، واتە هەموو ژیان. خەڵکی لەوێدا لە دایک دەبن، لەوێدا عاشقێنی دەکەن و لەوێدا دەمردن. ئەگەر من قەڵەم وئینشای جەنابی " کربیون " م ( مەبەست لە کربیونی کوڕە ١٧٠٧ – ١٧٧٧، نووسەرێکی فەرەنسی بوو ) هەبا، چیرۆکی تەختە خەوێکم دەنووسی، بویەرە سەیر و ترسناکەکان و هەروەها ڕووداوە باڵکێشەکان و ڕێکەوتە خەمناکەکانیم شەرح وشرۆڤە دەکرد. لەم حاڵەدا لەگین بوو زانیارییەکی زۆر وئاکامێن ئەخلاقی فرە بۆ هەموو خەڵکی جیهان بەدەست بێت.

دۆستی من، بەم پێناسانەدا، ئیدی تۆ تەختە خەوەکەی من دەناسیت. تۆ هەرگیز وێنای ئەوە ناکەی من لە زەرفی ئەم سێ ڕۆژەدا چ شتانێکم لە تەختە خەودا کەشف کردووەو تا چ ڕادەیەک لە لام خۆشەویست تر بووە. وا دێتە بەرچاو کە ژمارەیەکی یەجگار زۆر بەکاریان بردبێ یان پەنایان بردبێتێ و تیایدا مابنەوە کە بە هیچ جۆرێ گومانی خراپیان لێناکەم، بەڵام هەرچۆنێ بێ، شتێکیان لە خۆ، لەم تەختە خەوەدا بە جێهێشتووە.

ئاە! من نازانم خەڵکی بۆچی تەختە خەوی نوێ، واتە تەختە خەوانێک، کە هیچ بیرەوەرییەکیان نییە دەکڕن، تەختەکەی من یان تەختەکەی تۆ، بە ڕادەیەک کۆن و بە کار هاتووە کە زۆر بوونەوەرانیان لە ڕۆژی لە دایک بوونەوە تا ڕۆژی مردن لە خۆ گرتووە. دۆستی من، بیر لەم تەختە خەوەو لە هەموو ئەو شتانە بکەوە کە سەرانسەری ژیانی خەڵکانێکی لە سەر گوزەراوە. ئەم تەختە خەوە کە سێ دەیەیە لێرەیە، چ شتانێکی لەو خەڵکانە دیتووە کە لە سەری نووستوون.

لێرەدا، ژنێکی گەنج ڕاکشاوە کە هەندێجار لە ناخەوە ئاخ هەڵدەکێشێت، بەدەم ئازارەوە دەناڵێنێ و داک و بابە پیرەکەی لە دەوری جێگاکەی خڕ بوونەتەوە. هەنگێ ئەو بوونەوەرێکی چکۆلەی بێ حەوسەڵەی چرچ و لۆچ کە وەکو پشیلە دەمیاوێنێ، لە خۆی دەردێنێ. ئەم نەوزایە، دەبێ بە پیاوێک کە تازە دەستی بە ژیان کردووە. دایکە گەنجەکە، بەدەم ئازارەوە، هەست بە خۆشحاڵی دەکات و لەگەڵ یەکەم واقەی منداڵەکەدا، لە کەیفان خامۆش و پاشان دووچاری تەنگە نەفەسی دەبێت. دەوروبەرەکەی لە شادیدا دەگرین، چونکە ئەم خەڵقەندە بچووک و زندووە کە لە جەستە و بەدەنی ئەو جیا بووەتەوە، دەبێ بە درێژەدەری ماڵباتەکە و دەبێتە بایسی بەردەوامی نەسڵ و ڕەگ و ڕەچەڵەکی ماڵباتەکە و مایەی کرانەوەی دڵ و شادمانی ڕوحی خەڵکە بە تەمەنەکە کە بە لەرزە لەرزەوە دەڕواننە ئەم دیمەنە.

ئایا تۆ ئەم شیعرانەت بیر ماوە کە پار، لە دیوانی یەکێک لە شاعیرە کۆنەکانەوە کە پێموایە رونساری شیرین کەلام بۆۆ بۆخوێندمەوە؟ ( رونسار، ١٥٢٤ – ١٥٨٥، شاعیرێکی فەرەنسییە).

من دەمویست ئەم شیعرانە، بە شیوەیەکی بەرجەستە قولاپدۆزی بکەم و لە سەرووی تەختەکەمەوە، لەو شوێنەدا هەڵیواسم، کە پیرام و تیسبە لە نەخشی قالیچە دیوارییەکەوە بە بەردەوامی تەمەشای من دەکەن ( لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا ئەم بابەتە لە میتولوژی یۆنانی کۆنەوە وەرگیراوە، پیرام و تیسبە دوو عاشق و مەعشووقن کە لە بەر خاتری یەکدی خۆیان کوشتووە ).

و هەنووکە دۆستی من، بیر لە مردن بکەوەو بیر لە هەموو ئەو کەسانە بکەوە بەر لەوەی بچنە بەر دلۆڤانی خودا، دوا هەناسەیان لە سەر ئەم تەختە هەڵکێشاوە. چونکە تەختە خەو گۆڕستانی ئارەزووە تەواو بووەکان

و هەروەها دەرگایەکە کە دوای کرانەوە بە ڕووی ئەم دنیایەدا، لە کاتی خۆیا بە یەکجارەکی بە ڕووی کەسەکەدا دادەخرێ. ئەم تەختە خەوەی کە من لەوێندەرەوە ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم لە ماوەی ئەم سێ دەیەدا کە خەڵکی لە باوەشی خۆیدا پەنا داوە، مەگەر هەر خۆی بزانێ شایەدی چ هاوار، نیگەرانی، ئازار و نائومێدیانێکی سەیر بووە، چ ناڵین و ئاخینێک، چ دەستانێکی دیتووە کە بۆ شتانی لە دەست چوو درێژ کراون، چ ئارەزوویەکی تازە بوونەوەی بەختەوەریانی بە کۆتا هاتگ، گرژ بوونی دەمی مردن، خنکە خنک، ئاماژەێن دوا ساتەکانی ژیان، دەمە داچەقێ و چاوانی ئەبڵەق بووی دیتووە.

باش بیر بکەوە. من لە زەرفی ئەم سێ ڕۆژەدا بۆم دەرکەوتووە کە تەختە خەو نیشانەی ژیانە و لە دەرێی ئەودا هیچ شتێکی بەرز وباڵا نییە.

ئایا هێشتاش بە خەوی یەکێک لە باشترین ساتەکانی ژیانی مە نایەتە ژماردن؟

بەڵام ئەوەش هەیە تەختە خەو، شوێنێکە کە خەڵکی لەوێدا تەحەمولی ئازار دەکەن و نەخۆشان و دەردە داران و کۆڤانداران پەنای دەبەنێ.

هەڵبەتە تەختە خەو بۆ ئێمەی ئادەمیزانە، خوداوەندی مە عیسا مەسیح، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە لە هیچ ڕوویەکەوە لە بەشەر ناچێ، لە کادێن دا هاتووەتە دنیا و بە سەر خاچەوە مرد و وادیارە هیچ کاتێک پێویستی بە تەختە خەو نەبووە، لە بەر ئەوە، بۆ ئیسراحەت، بە بوونەوەرانی وەک ئێمەی سپاردووە.

زۆر ڕووداوی دیکەم بۆ پێش هاتووە! لێ من کاتی ئەوەم نییە بۆتی ڕوون بکەمەوە، ئەمە جگە لەوەی ئایا هەموو ئەوانەم لە یاد ماوە؟ ئەمە جگە لەوەی هێندە ماندووم کە هەر ئێستا بالیفەکان لا دەبەم و دەمەوێ ڕاکشێم و تاوێک بنووم.

سبەی سەعات سێ وەرە دیدەنیم، لەگینە تا ئەو کاتە حاڵم باشتر ببێت و بۆتی باسبکەم.

خوداحافیز دۆستی من، دەستەکانم بۆ ڕامووسان بەرەو تۆ درێژ دەکەم.

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# شتێكی متفەڕك ( پیرۆز )

جەنابی قەشە لویس دەنمار لە سواسون

قەشەی ئازیزم،

زەماوەندەكەی من لە گەڵ دۆتمامەكەی تۆدا هەڵوەشاوەتەوەو هۆیەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ سوعبەت و شۆخییەكی گەوجانە، كە من تەقریبەن بێ ئیختیار دەگەڵ دەزگیرانەكەمدا كردوومە.

هاوڕێی دێرینم، من لەم كێشەیەدا هانا بۆ تۆ دێنم، چونكە تۆ دەتوانی من لەم ئاریشەیە نەجات بدەیت و من لەم ڕووەوە تا مردن سوپاسگوزار و منەتباری تۆ دەبم.

تۆ جیلبرت دەناسیت، یان بە گوتەیەكی دی وا خەیاڵدەكەی دەیناسیت. لێ، ژنان قەت دێنە ناسین؟ نەخێر، چونكە هەموو باوەڕ و بیر و خەیاڵ و بۆچوونێكیان سەیر وسەمەرەیە و پڕن لە پێچ و پەنا و، ئاڵۆزی و، كارێن پێشبینی نەكراو، و بەڵگەێن فام نەكری و، لۆژیكی ئاوەژوو و پاكانەی بە ڕواڵەت بنجبڕ، بەڵام لە ناكاوا، هەركە تەیرێكی چكۆلە لە قەراخ پەنجەرەكەیان نیشتەوە هەر هەمووی تێک دەڕژێ و داری بە سەر بەردییەوە نامێنێ.

پێویست بەوە ناكات من پێت بڵێم كە دۆتمامەكەت، لە ڕادەبەدەر مەزەبییە و لەلایەن ڕەبەنیتە سپی پۆش یان ڕەشپۆشەكانی نانسییەوە ( شارێكی فەرەنسییە ) پەروەردە كراوە.

تۆ ئەم شتانە لە من باشتر دەزانی، لێ ئەوەی بێگومان نایزانی، ئەمەیە كە ئەو لە هەموو كارێكا، وەكو دیندارییەكەی توندڕەوە، توانای بیركردنەوەی ئەو وەكو گەڵایەكە بەدەم باوە دەفڕێ، لە حاڵی فڕین و پەروازدایە. ئەو ژنێكی یان بە گوتەیەكی دی كیژێكی گەنجە كە لە هەر كچێكی دی زیاتر، یەكسەر دەكەوێتە ژێر باندۆری قسەی نەرمەوە، یان بە هۆی بێزاریەوە، زویر دەبێت. هەنگێ بیری بە چوار ناڵە بە لایەكا بۆی دەردەچێ و ئەم كارە بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە.

هەروەها ئەوەش دەزانی كە ئەو قەشەنگ و خشیكە، بەڵام بە هیچ جۆرێ نازانی كە لە ڕادەبەدەر دڵڕفێنە.

بە هەرحاڵ، ئێمە دەزگیران بووین. من ئەوم دەپەرست، ئێستاش هەر دەیپەرستم و ئەویش وا دەهاتە بەرچاو كە منی خۆشدەویست.

عەسرانێک، بروسكەیەكم پێگەیی كە بۆ ڕاوێژ، دەربارەی نەشتەرگەرییەكی دژوار و خەتەرناک بۆ كولونی (شارێكی ئەڵمانیە) بانگهێشت كرابووم. چونكە دەبوا بۆ سبەی سەفەر بكەم، بە هەشتاو چووم بۆ لای جیلبرت تا خواحافیزی لێبكەم و پێی بڵێم لە بەر ئەوەی سەفەرم لە بەرە ناتوانم ڕۆژی چوارشەممە دەگەڵ داک و بابی هاوسەری ئایندەمدا شێو بخۆم و پێمگوت كە ڕۆژی هەینی، دەگەڕێمەوەو ئەم كارە دەكەم، شێویان لە گەڵدا دەخۆم. ئاە! تا دەتوانی سڵ لە ڕۆژانی هەینی بكە، دڵنیات دەكەم، كە ڕۆژانی هەینی نەحس و شوومن!

وەختایەک من باسی سەفەرەكەمم دەكرد، دڵۆپە ڕوندكێكم لە چاوانیا بەدی كرد، لێ كە گوتم زوو دەگەڕێمەوە، یەكسەر دەستەكانی دا بەیەكا و هاواریكرد:- كە باشە! چونكە تۆ شتێكم بۆ دێنی، ڕەنگە هیچ

نەبێ وتەنیا یادگارییەکی سادە بێ، بەڵام یادگارییەک کە من هەڵی دەبژێرم. دەبێ شتێک بێ کە لە هەر شتێک پتر مایەی خۆشحاڵی من بێت. تێدەگەی؟ دەمەوێ ببینم کە توانای خەیاڵدانی تۆ چەندە.

بۆ چەند چرکەیەک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا گوتی:- جەناب، من نامەوێ شتێکم بۆ بکڕیت کە بایی بیست فرانک زیاتر بێت، من تەنیا خۆشەویستی و دەست پێشکەری تۆم مەبەستە، نەک بەهای دیارییەکە.

ئەوسا بێدەنگ بوو، چاوی بڕییە ئەرزەکە و لەبن لێوانەوە گوتی: -ئەگەر ئەم مەسەلەیە وەکو پارە بەلای تۆوە بێ بایەخ بێ و ئەگەر دیارییەکەت بە هۆشمەندی و جوانی هاتبێتە هەڵبژاردن هەنگێ من تۆ... لە ئامیز دەگرم.

ڕۆژی دواتر من لە کولونی بووم. مەسەلەکە پەیوەندی بە تامپون و دەعمێکی ترسناکەوە هەبوو کە هەموو ئەندامانی ماڵباتێکی دووچاری نائومێدی کردبوو، چونکە دەبوا یەکسەر ئەندامی ئاسیو دیدەکە بێتە بڕینەوە. ئیدی لەوێ ماڵێکیان دامێ و جێ و ڕێیان بۆ دابین کردم. کە لە هەموو لایەکەوە دەوریان دام و من تەنیا خەڵکانێکم دەبینی کە خەریکی گریان بوون و بە قسان کەڕ و کاسیان دەکردم. ئەنجام من یارۆی نیوە مردووم، کە تەسەور نەدەکرا بە سەلامەتی لە ژێر نەشتەرگەری دەربچێت، خستە ژێر نەشتەرگەرییەوە و دوو شەوان بە دیارییەوە مامەوەو کە دیتم ئومێدێک بە نەجات بوونی هەیە، بەنیازی گەڕانەوە خۆم گەیاندە وێستگەی قیتار.

بەڵام من هەڵەم کردبوو، چونکە هێشتا یەک سەعاتی بۆ دەرچوونی قیتارەکە مابوو. بۆیە بەبێ مەبەست بەناو جادە و کۆڵانەکان کەوتم و بیرم لە نەخۆشە بەدبەختەکەم دەکردەوە، لەم کاتەدا کەسێک لێم نزیک بووەوە.

نە من زمانی ئەڵمانیم دەزانی و نە ئەو فەرەنسی دەزانی. لێ لە ئەنجامدا بۆم بەدیار کەوت کە ئەو شتێن متفەڕک و پیرۆز دەفرۆشێت . "جیلبرت" م وەبیر هاتەوە، چونکە ئاگام لە دینداریە وشکەکەی ئەو هەبوو، دیاریی خۆم دۆزییەوە، لە دڵی خۆدا گوتم مردوو لەوەی پاکتر ناشۆردرێ. ئیدی دوای کابرا کەوتم و چووم بۆ ئەو دووکانەی کە شتی پیرۆز ومتفەڕکی دەفرۆشت. بە قسەی ئەو کە بە فۆنەتیکی ئاڵمانی، بە فەرنسییەکی سەرو گوێ شکاو دەدوا " پارچە ئێسقانێکی بچووکم لە پاشماوەی بەدەنی یازدە هەزار کیژی عازەب " هەڵگرت.

ئیدی شتە متفەڕکەکەی لە قوتویەکی چکۆلەی زیوی قەدیمی نا، کە ئەمە کردیە کارێک، کە بڕیاری یەکجارەکی کڕینی بدەم و دوای ئەوەی لە گیرفانم نا، سواری قیتار بووم.

کە گەییمەوە ماڵ، ویستم دووبارە تەمەشایەکی ئەو شتە بکەم کە کڕی بووم، لە گیرفانم دەرهێنا، قوتووەکە کرابووەوەو شتە پیرۆزەکە گوم بووبوو! گیرفانم گەڕام، تەنانەت هەڵم گێڕایەوە، پارچە ئێسقانە بچووکەکە کە هەر بە ئەندازەی نیوەی دەرزیلەیەک بوو. ون بووبوو.

قەشەی ئازیزم، تۆ خۆت دەزانی کە من تەنیا سووکە ئیمانێکم هەیە. بەڵام تۆش ڕوحیکی هێندە گەورەو لێبوردەت هەیە کە من لەم سست باوەڕییە ببەخشی و بە ئایندەم بسپێریت. لێ با ئەوەت پێ بڵێم کە من هیچ باوەڕێکم بە شتێن متفەڕک نیە کە ئەوزارێکە بۆ کڕین و فرۆشتنی دینداری و تەقوا. تۆش لەمبارەیەوە هاوباوەڕی منیت. بۆیە ونکردنی ئەم پارچە ئێسکە مەڕە هیچ غەمگینی نەکردم و زۆر بە ئاسانی شتێکی چکۆلەی وەکو ئەوەم تەرتیب کرد و بە پارێزەوە لە قوتوە خاڵییەکەم نا و، هەنگێ بۆ ماڵی دەزگیرانەکەم چووم.

ئەو هەرکە منی بینی، بە قەڵافەتێکی نیگەران و لە هەمان کاتدا خەنۆڵ، بە پیرمەوە هات و پرسی:- چیت بۆ هێناوم؟

من خۆم لە گێلی دا، وام نواند کە لە بیرم چووە، لێ ئەو باوەڕی پێنەکردم، من دەمویست بکەوێتە تکا و پاڕانەوە، کە هەستم کرد، لە کونجکاویا گێژ بووە، قوتووەکەم، کە گوایە ئێسقانی پیرۆزی تیابوو، پێشکەش کرد. لە خۆشیا مەند بوو و گوتی:- ئەڵڵا، شتێکی پیرۆز! متفەڕک!

بە هەڵچوونەوە قوتووەکەی ماچ کرد، من لە فێڵەکەی خۆم تەریق بوومەوە. هەستم بە شەرمەزاری کرد.

لێ ئەو لە هەوەڵەوە کەمێ پەشۆکا و پاشان لە ڕادەبەدەر ترسی لێنیشت و ڕاستەوڕاست چاوی لە دوڕ چاوانم بڕی و پرسی:- باشە تۆ دڵنیایت کە ئەمە ئەسڵە؟

- تەواو دڵنیام.
- چۆن؟

ئەوەی ڕاستی بێ من غافڵگیر بووبووم. ئایا دان بەوەدا بنەم کە ئەم پارچە ئێسکەم لە فرۆشیارێکی گەڕۆک کڕیوە؟ لەم حاڵەدا حەیا و ئابڕووم دەچوو. ئەی تەگبیر، چ بڵێم؟ لە ناکاوا بیرۆکەیەکی شێتانەم بە مێشکا هات و بە دەنگێکی نەوی بەرسڤم دایەوە:- من ئەمەم لە بەر خاتری تۆ دزیوە.

ئەو لە ڕووی سەرسامی و شەیداییەوە، بە چاوە درشتەکانی سەراپای بە نیگا دابێژتم وگوتی:- ئەها، یانی تۆ ئەمەت دزیوە. لە کوێ و چۆن؟

- لە کڵێسای گەورەی شار. لە هەمان سەندوقی، کە شتێن مبارەکی تایبەت بە یازدە هەزار کیژە عازەبەکەی تێدەخەن.

دڵی بە توندی لێی دەدا، هەستی بە بەختەوەرییەکی زۆر دەکرد، لەزگ بوو لە خۆشیا ببورێتەوە. لە بن لێوانەوە گوتی:- ئەها، کەواتە تۆ ئەم کارەت لە پێناوی مندا کردووە. دەی ئێستا باسی بکە و هەموو شتێکم بۆ بگێڕەوە!

ئیدی کار لە کار ترازا بوو، ڕێگەی گەڕانەوەم لێبڕابوو. ناچار چیرۆکێکی خەیاڵی و فانتازتیکم دروستکرد. بە گوێرەی ئەم چیرۆکە خەیاڵییە، من سەد فرانکم بە یارۆی پاسەوانی ساختمانەکە دابوو کە بە تەنیا بچمە ژوورەوە و سەندوقەکەش لە حاڵی نۆژەن کردنەوە بووەو ڕێک لەو کاتەدا گەیی بوومە ئەوێندەر کە کرێکارەکان و دەستەی روحانی کڵێساکە مژوولی خواردنی نانی بەیانی بوونە و من چەکمەجەیەکی چکۆلەی ناو سەندوقەکەم هەڵدابووەوەو توانی بووم پارچە ئێسقانێکی بچووک لە نێو پارچە ئێسقانەکانی دی هەڵگرم و یەکسەر چەکمەجەکەم بە ئەسپایی لە جێی خۆی دابنەمەوە. پاشان چوو بووم بۆ دووکانی زەڕەنگەرێک و قووتەیەکی بچووکی لە بارم بۆ ئەو شتە مبارەک و متفەڕکە کڕی بوو ( هەڵبەتە بۆیە باسی پارچە ئێسقانەکانی دیکەم کردبوو کە وام خەیاڵدەکرد کە ئەو چەکمەجە خڕانە دەبێ ئێسک وپروسکی یازدە هەزار کیژی عازەب بگرن).

هەڵبەتە من خەمی ئەوەم نەبوو کە ئەو بزانێ ئەم شتە پیرۆزە پێنج سەد فرانک لە سەر من کەوتووە. بەڵام ئەو بە هیچ جۆرێ بیری لەم بابەتە نەدەکردەوە، لە کاتێکا دەلەرزی و خەیاڵ بردبوویەوەو گوێی لە قسەکانی من دەگرت، ئەنجام لە بن لێوانەوە گوتی:– کە خۆشم دەوێی! و خۆی لە باوەشم هاوێشت.

باش دیقەت بدە: بە گوێرەی ئەم چیرۆکە دەستکرد و خەیاڵییە، من لە بەرخاتری ئەو بێحورمەتیم بە موقەدەسات کردبوو، دزیم کردبوو، حورمەتی کڵێسام بن پێ نابوو و هەروەها سەندوقی شتە متفەڕکەکانم شکاندبوو و شتە پیرۆزەکانم دزی بوو و ئەو لە سۆنگەی ئەو کارانەوە دڵبەستەی من بووبوو و منی بە پیاوی خوا و بە مرۆڤێکی میهرەبان و بێ عەیبی زانی بووم، دەبینی ژن، ژنی تەواو عەیار چۆنە.

بۆ ماوەی دوو هەیڤان، من باشترین دۆست و دەزگیران بووم. ئەو لە ژوورەکەی خۆیدا، پەرستگەیەکی بچووکی تەرتیب کردبوو و ئەو پارچە ئێسقانە مەڕەی، کە بە گومانی ئەو، منی ناچار کردبوو ئەو تاوانە عەشقی وخواییەی لە پێناودا بکەم، لەو پەرستگەیەدا دانابوو و بەیانی و ئێوارە لە هەنبەریا نزا ونوێژی دەکرد.

من بە درۆوە تکام لێکردبوو کە ئەو سڕەی من نەدرکێنێ تا نەبادا، ببێتە بایسی دەستگیری و مەحکومیەت و ڕادەستکردنی من بە ئەڵمانیا و، ئەویش قەولی دابوومێ.

ڕەوشەکە بەمجۆرە بەردەوام بوو تا ئەوە بوو لە سەرەتای هاویندا، ئارەزوویەکی شێتانەی لا دروست بوو کە سەردانی ئەو شوێنە بکات کە من ئەو شاکارەم تیا ئەنجام دابوو. بەم پێیە، بێئەوەی هیچ شتێک لەلای من بدرکێنێ و لە نیازە پەنهانەکەی خۆی ئاگادارم بکاتەوە کەوتبووە خاک و پای بابی و قەناعەتی پێکردبوو و دەگەڵ خۆیدا بۆ کولونی برد، بەڵام لە سەر داوای کیژەکەی، ئەم سەفەرە کورتەی لە من شاردەوە.

پێویست بەوە ناکات بە تۆ بڵێم کە من ئەو کڵێسایەم لە ناوەوە نەدیتووە و لەبەر ئەمە نازانم کە گۆڕی یازدە هەزار کیژە عازەبەکە ( ئەگەر گۆڕیان هەبێ ) لە کوێیە، مخابن، پێدەچێ کە ئەم گۆڕستانە بوونی نەبێت.

دوای هەشت ڕۆژان، من نامەیەکی دە دێڕیم لەوەوە پێگەیی کە هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکەمانی پێ ڕاگەیاندبووم، پاشان باوکیشی کەمێک دواتر بە ڕووداوەکەی زانی بوو، داخۆیاننامەیەکی دەربارەی بابەتەکە بۆ نووسیم.

کۆنە دەزگیرانەکەم، کە سەندوقی شتە متفەڕکەکانی بینی بوو یەکسەر پەی بە فرت و فێڵ و درۆکان و لە هەمان کاتدا بێ خەتاییە واقیعییەکەی من بردبوو. پاسەوانی شتە پیرۆزەکانیش لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا هیچ جۆرە دزییەک لێرەدا ڕوویداوە یان نا، دەستی بە پێکەنین کردبوو و بەو جۆرە نیشانی دابوو کە شتی وا ڕووی نەداوە.

لێ لەو ساتەدا کە دەرکەوتبوو من هیچ شوێنێکی پیرۆزم نەبڕیوە و دەستی چەپەڵم بۆ شتە متفەڕکەکان نەبردووە، ئیدی لە بەرچاوی دەزگیرانە قژ سوور و هەستیارەکەم دەکەوم و بەشایستەی ئەوەم نازانێ مێردم پێبکات.

ئیدی ڕێگەیان نەدام بچمە ماڵیان، زۆر پاڕامەوە، کەوتمە خاک و پایان، لێ بێهودە بوو، چونکە هیچ شتێک نەیتوانی دڵی ئەو پارسا خشیکە نەرم بکات. منیش لە داخا نەخۆش کەوتم. سەرەنجام هەفتەی بووری، خاتوو ئارڤیلی دۆتمامی تو، کە دۆتمامی ئەویشە، داوای لێکردم بچمە دیدەنی.

مەرجەکانی بەخشینی من بەمجۆرەیە:- دەبوایە یەک شتی پیرۆزی ڕاستەقینە و ئەسڵی، کە مایەی پەسەندی باوکی پیرۆزی مە و پاپاش بێ و بە کیژێکی عازەبی شەهیدەوە پەیوەست بێ، بۆ ئەو بێنم.

من زۆر نارەحەت بووم، لەزگ بوو لە نیگەرانیدا شێت بم و لە ناچاریدا بۆ ڕۆما چووم، بەڵام نەمتوانی بێ هیچ پێشەکییەک خۆم بە پاپا بناسێنم و سەربهورد وماجەرا گەوجانەکەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، ئەمە جگە لەوەی من گومان لەوە هەیە کە شتێن متفەڕکی ڕاستەقینە بە خەڵکانی ئاسایی بدەن.

ئایا تۆ ناتوانی لە لای قەشەیەکی ئیتاڵیایی یان بە لای کەمەوە قەشە باشیەکی پایە بەرزی فەرەنسی، کە بەشێک لە جەستەی کچێکی پیرۆز و پاکیزەی لە لابێ، شەفاعەتێکم بۆ بکات و لەم ئاریشەیەم ڕزگار بکات؟ یان خۆت لە ناو شتە دەگمەنەکانی خۆتدا شتێکی لەو بابەتەت پێ شک نایەت.

قەشەی ئازیزم، فریام بکەوە، منیش قەولت دەدەمێ دە ساڵ زووتر بگەڕێمەوەو ڕوو بکەمە مەزەب!

خاتوو ئاروفیل کە مەسەلەکەی بە هەند وەرگرتووە، پێی گوتووم:- ئەم جیلبرتە بەلەنگازە قەت شوو ناکات.

هاوڕێ باشەکەم، تۆ ڕازی دەبی دۆتمامەکەت، کە بووە بە قوربانی سوعبەتێکی گەوجانە، بە عازەبی بمرێت؟

من تکا لە تۆ دەکەم کارێ بکە کە ئەو نەبێت بە یازدە هەزار و یەکەمین پاکیزەی شەهید. بمبورە، هەرچەندە من لایەق و شایستە نیم، بەڵام لە ئامێزت دەگرم و بە دڵ خۆشم دەوێی.

هاوڕێی دێرینت، هنری پرتال.

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# خاتو باتیست

که خۆم به هۆڵی چاوەڕوانی ڕێبوارانی وێستگەی لوبن دا کرد، یەکەم سەرنجم لە سەر سەعاتە چاڵمەکە گیرسایەوە، هێشتا دوو سەعات و دە خولەک مابوو بۆ هاتنی قیتاری لەزگینی پاریس.

لە ناکاوا وەکو ئەوەی دە فرسەخان ( فرسەخ: ١٠٦٠ م ) پیادەڕۆییم کردبێ، هەستم بە شەکەتی کرد و ئەوسا وەکو ئەوەی بمەوێ، شتێک بە دیوارەکانەوە بدینم و خۆمی پێوە مژوول بکەم و کاتەکەم بەسەر بەرم، ڕوانیمە دەوروبەری خۆم، هەنگێ لە وێستگەکە وەدەرکەوتم و لە بەر دەرگاکەی وەستام و لە بەندی ئەوەدا بووم کە کارێکی تازە بکەم.

لەو شارە چکۆلەیەدا، ئەو شوێنە بریتی بوو لە شەقامێک کە درەختێن ئاقاقیای باریک لە نێوان دوو ڕیز خانووی جیاواز و ناڕێک ڕوا بوون و گردۆڵکەیەکیش هەبوو، کۆمەڵێک درەختی بەسەرەوە بوون، وەکو چڕە دارستانێک دەهاتە بەرچاو.

جارجار پشیلەیەک، بە هەنگاوی هەڕاوەوە، بە سەر جۆگەلەی کەناری شەقامەکەدا دەڕۆیی و لە شەقامەکە دەپەڕییەوە، یان سەگێکی چکۆلە بەدی دەکرا کە وا دیار بوو تەنانەت هەستی بە جووڵەی درەختەکان دەکرد و بە هەشتاو تاقیبی پاشماوەی خۆراکی مووبەقان بوو، بەڵام من هیچ ئادەمیزادێکم نەبینی.

دووچاری دڵتەنگیەکی خەمناک بووم. لە دڵی خۆدا دەمگوت چ بکەم؟ لەم کاتەدا بیرم لەو ساتە بێ کۆتاییانە دەکردەوە کە ناچار دەبوا لە کافە چکۆلەکەی وێستگەکەدا، بە دیار پێکێ بیرەی بێتام و ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی پەڕپووتەوە بەسەری بەرم. لێ لە ناکاوا، چەند کەسێکم بەدی کرد کە جەنازەیەکیان بە ڕێدەکرد و بۆ ئەوەی خۆ بەو کوچەیەدا بکەن کە منی لێ بووم، بە لا کۆڵانێکا پێچیان کردەوە.

دیتنی گالیسکە جەنازە کێشەکە تا ڕادەیەک ناڕەحەتیەکەی ڕەواندمەوە، چونکە بەلای کەمەوە، دە خولەکێکم بە تەمەشای ئەوەوە بەسەر دەبرد.

لێ لە ناکاوا کونجکاویم زیادی کرد، چونکە تەنیا هەشت پیاو بە دووی جەنازەکەوە بوون کە یەکێکیان دەگریا و ئەوانی دی دۆستانە، قسەیان دەگەڵ یەکدیدا دەکرد و هیچ قەشەیەکیشیان لەگەڵدا نەبوو. بیرم لەوە کردەوە وا دیارە کە ئەمە ڕێ و ڕەسمێکی نا مەزەبییە، نا ئۆلییە، پاشان لە دڵی خۆدا گوتم خۆ شارێکی وەکو لوبن، دەبێ بەلای کەمەوە سەد کەسی لیبراڵی تیابێت، کە لەم بابەتە بۆنانەدا بەشداری بکەن و ئەمە بە ئەرکی خۆیان بزانن. بەڵام حەرەکەتی لەزگینی بەڕێکەرانی جەنازەکە ئەوەی دەگەیاند کە بە نیازن مردووەکە، بەبێ ڕەچاو کردنی تەشریفات وبێ ئەنجامدانی هیچ ڕێ وڕەسمێکی ئۆلی (ئاینی) بەخاک بسپێرن.

هەستی کونجکاوی من، بووە بایسی ئەوەی کە مەزەندەی بێ سەروبەر لێبدەم، لێ ئەو کاتەی گالیسکەی جەنازەکە بە بەردەم مندا ڕەت دەبوو، بیرێکی سەیرم بە مێشکا هات، بیرەکەش ئەوە بوو کە منیش وەکو هەشت نەفەرەکەی دی دوای گالیسکەکە بکەوم، چونکە بەم کارە بەلای کەمەوە بۆ ماوەی سەعاتێک خۆم سەرگەرم دەکرد. بۆیە خەمین وخەمبار دوای ئەوانی دی کەوتم.

دوو نەفەرەکەی دواوە بە سەرسامیەوە ئاوڕی پاشیان دایەوەو ئەوسا بە ئەسپایی کەوتنە فسکە فسک و دیاربوو لە یەکدیان دەپرسی ئاخۆ من خەڵکی ئەو شارەم یان نا و پاشان دەگەڵ دوو نەفەری پێش خۆیانەوە،

کە ئەوانیش سەیری منیان دەکرد، کەوتنە ڕاوێژ. ئەم سەرنجە سەرنجێکی پرسیار ئامێز بوو، ئازاری دەدام و بۆ ئەوەی کۆتایی بەم حاڵە بێنم، لەوانەی دەوروبەرم نزیک بوومەوەو سڵاوم لێکردن وگوتم:- بەڕێزینە زۆر داوای بووردنتان لێدەکەم کە قسەکەتان پێدەبڕم. بەڵام کە دیتم ئەم ڕێ و ڕەسمە پرسەبارییە، ڕێ و ڕەسمێکی نا ئۆلییە، لە ڕووی ڕێزەوە بە ئەرکی خۆم زانی بەشداری لە ڕێ و ڕەسمی ناشتنی ئەم پیاوەدا بکەم کە ئێوە دوای کەوتوون، هەرچەندە نایناسم.

یەکێک لە پیاوەکان گوتی:- مردووەکە ژنە.

من حەپەسام وگوتم:- بەهەرحاڵ ئەمە ڕێ و ڕەسمێکی نا ئۆلییە. وانییە؟

پیاوێکی دی کە بێگومان دەیویست من تێبگەیەنێت، قسەکەی لە هاوڕێکەی وەرگرت و گوتی:- هەم ئا و هەم نا. بەرپرسانی ڕوحانی نەیانهێشت بچینە کڵێسا.

ئەمجارەیان من لە ڕووی حیرەتەوە ئاهێکم هەڵکێشا و ئیدی هیچ شتێکم لێ خویا نەبوو.

ئەو پیاوەی قسەی بۆ دەکردم، متمانەی پێ پەیدا کردم و بە دەنگێکی هێواش گوتی:- ئەمە بۆ خۆی چیرۆکێکی هەیە. ئەم ژنە گەنجە خۆی کوشتووە و لەبەر ئەمە نەتوانراوە بە گوێرەی تەشریفاتی ئۆلی بە خاکی بسپێرن. ئەو پیاوەی پێشەوە دەبینی کە لەوێندەر دەگری ئەوە مێردەکەیەتی.

هەنگێ من بە دوو دڵییەوە گوتم:- بەڕێز تۆ بابەتەکەت لێکردم بە مەراق، ئایا دەکرێ داوات لێبکەم کە ئەم چیرۆکەم بۆ بگێڕیتەوە؟ ئەگەر دەزانی بۆ تۆ ئەزێتە، وای دابنێ کە ئەو داوایەم لە بنی نەکردووە و بەردێکی بنە سەر.

ئەو بەڕێزە، دۆستانە قۆڵی گرتم و گوتی:- نەخێر، هیچ ئەزیەت نییە. گوێ بگرە، با تۆزی خۆمان دوا بخەین، هەنگێ بۆتی دەگێڕمەوە. ئەمە چیرۆکێکی گەلێک خەمناکە. ئێمە پێش ئەوەی بگەینە گۆڕستانەکە، کە تۆ درەختەکانی لەو سەرەوە دەبینی، وەختی تەواومان بەدەستەوە هەیە، چونکە جادەکە ناهەموارە.

ئەو بەمجۆرە سەری قسەی دامەزراند:- تەسەور بکە ئەم ژنە گەنجە، واتا خاتو پول هامۆ کیژی جەنابی فونتانول بوو، فونتانول بازرگانێکی دەوڵەمەندی وڵات بوو. کاتێ ئەم کیژە منداڵێکی یازدە ساڵان دەبێ، تووشی بویەرێکی ترسناک دەبێت:- نۆکەری ماڵەکەیان فەساتی (زۆرگێ) دەکات، چیوای نامێنێ بمرێت، چونکە ئەو پیاوە نامەردە، بەو کارە دڕندانەیەی خۆی ئەو کیژەی بێ بن کردبوو. دادگاییەکی ترسناک بەرپا کرا و دەرکەوت کە بۆ ماوەی سێ دانە هەیڤ کچەی بێچارە بووبوو بە قوربانی کارە نەنگینەکانی ئەو پیاوە حەیوان سیفەتە. سەرەنجام پیاوە حوکمی هەتا هەتایی درا.

کیژەی منداڵ، بە پەڵەی نەنگ و ناو زڕاوی و لە گۆشەگیری و تەنیاییدا گەورە بوو. خەڵکانی گەورە کە وێنایان دەکرد ئەگەر لێویان بەر هەنیەی ئەو بکەوێ، لێویان پیس دەبێ، بە زەحمەت ڕوویان دەدایە ولە هەمێزیان دەگرت.

ئیدی لەم شارەدا وەکو بوونەوەرێکی عەجیب ونائاسایی تەمەشا دەکرا و بوو بوو بە داستانی سەر زاران. خەڵکی ژێراوژێر و بە چپەوە بە یەکتریان دەگوت:- چیرۆکی فونتانولی چکۆلە دەزانی؟

وەختایەک کە بە کوچە وکۆلاناندا تێدەپەڕی، هەمووان ڕووی خۆیان لێ وەردەگێڕا. ئەمە جگە لەوەی ماڵباتەکەی نەیان توانی بوو کارەکەرێک بدۆزنەوە کە بیباتە گەشت و گەڕان. کارەکەرانی هەموو ماڵەکانش، وەکو ئەوەی کچەی داماو نەخۆشیەکی گیرۆی هەبێ، لێی دوور دەکەوتنەوە.

ڕەوشی ئەم کچە بچکۆلە داماوە لە سەیرانگە وگوڵگەشتە گشتیەکاندا، کە هەموو منداڵان دوا نیوەڕوان لەوێندەر یاری دەکەن، زۆر بەزەیی ئەنگێز بوو. تەواو تەنیا بوو، دەگەڵ کارەکەرەکەی خۆیدا دەوەستا و بە خەمباری دەیڕوانییە منداڵەکانی دی کە مژوولی گەمە بوون. هەندێجار پڕ بە دڵ حەزی دەکرد تێکەڵی منداڵەکانی دی ببێت، هەنگێ بە شەرمێکی ترس ئامێزەوە لێیان دەچووە پێشێ وەکو ئەوەی هەست بە کێماسی خۆی بکات، بە هەنگاوێن پەنهانییەوە، خۆی بە نێو دەستەیەک منداڵدا دەکرد، لێ یەکسەر ئەو دایک، مەت و پوور و کارەکەرانەی کچۆڵەیەکیان هێنابوو و سەرپەرشتی کچۆڵەکەیان لە ئەستۆ بوو، یەکسەر لە سەر تەختەکان ڕادەبوون و ڕاکێش ڕاکێش منداڵەکانیان دەگەڵ خۆدا دەبرد. ئەنجام فونتانولی چکۆلە بە تەنیا دەمایەوەو بێئەوەی سەر لە سەدەمی ئەم هەڵویستە دەربکات دەپەشۆکا و لە حاڵێکا لەزگ بوو لە داخا دڵی بتەقێ دەستی بە گریان دەکرد و غاری دەدا و بەدەم گریان و هەنسک هەڵدانەوە، دەم و چاوی وەبن بەرکۆشەی کارەکەرەکەی دەدا.

بەرە بەرە گەورە دەبوو، بەڵام ڕەوشەکە خراتر دەبوو، چونکە کیژانی گەنج، وەکو ئەوەی فونتانول تاعوونی بێ، لێی دوور دەکەوتنەوە. بیر بکەنەوە کە ئەم کیژە گەنجە ئیدی پێویست نەبوو هیچ شتێک لە واری کاروباری سێکسییەوە فێر ببێت ومافی ئەوەی نەبوو لە کاتی زەماوەندا، تاجە گوڵینەی شکۆفەی نارنج کە عادەتەن دەیکەنە سەر نەوبووکان، بکاتە سەر، چونکە تەقریبەن پێش ئەوەی بچێتە مەکتەب و فێری خوێندن بێ، پەی بەو ڕازە گەورەیە بردبوو کە دایکان زۆر بە زەحمەت و تەنیا لە شەوی بووکێنیدا دەیانهێشت کیژەکانیان پێی بزانن.

کاتێ فونتانول، دەگەڵ مامۆستا تایبەتیەکەیدا بە تاخ و گەڕەکاندا ڕادەبوارد، ڕێبواران لە ترسی ئەوەی کە هەواڵی بویەرێکی ترسناک سەبارەت بەو بژنەون، ژێراوژێر بە نیگا دایان دەبێژت و ئەویش کە بە شەقامەکاندا ڕەت دەبوو، چونکە هەستی بە شەرمەزارییەکی پەنهان دەکرد، هەمیشە چاوانی دەبڕییە ئەرزەکە و کیژانی گەنج کە زۆریش ساویلکە و بێ ڕیا نەبوون، بە گومانەوە تەمەشایان دەکرد و دەمیان لە پەنا گوێی یەکدی دەنا و لە بن لێوانەوە خەندەی تەوسامێزیان دەکرد و خۆ ئەگەر ئەو بە ڕێکەوت، تەمەشای وانی کردبا، بلەز وبەبێ موبالاتی رووی خۆیان وەردەگێڕا.

کەم کەس سڵاوی لێدەکرد. پیاوانێکی کەم بە دیتنی ئەو کڵاوەکانیان لە سەر دادەگرت، لێ دایکان خۆیان لە گێلی دەدا و وایان نیشاندەدا ئەویان نەدیتووە و هەندێ خەڵکی سووک و بەڕەڵڵا بە " خاتو باتیست " بانگیان دەکرد، بە ناوی هەمان ئەو پیاوەوە کە فەساتی کردبوو و ئابڕووی بردبوو.

کەس ئاگای لە کول وکۆڤانی پەنهانی ڕوح و دەروونی ئەو نەبوو، چونکە ئەو هیچ کارتێ نە قسەی دەکرد و نە قەت پێدەکەنی. داک و بابیشی لە هەنبەر  ئەوا هەستیان بە ناڕەحەتی دەکرد، وەکو ئەوەی هەمیشە چاوەڕوان بن کە ئەو گوناح و خەتایەکی گەورە بکات.

دەزانی کە ئینسانێکی ئابڕوومەند بە ئاسانی شوو بە تاوانبارێکی مەحکووم بە کارێن دژواری لە زندان بەربوو ، ناکات. ئاغا و خاتو فونتانول، بەو چاوە سەیری کیژەکەی خۆیان دەکرد کە مەگەر کوڕێک بیخوازێ کە لە زندانی حوکمدراوان بە کاری قورس، ئازاد بووبێ. ئەو کیژە جوانە، باریکەلە، تەبیعەت بەرز و ڕەسەنە، جگە لەو بویەرە باسکرا هیچ عەیبێکی دی نەبوو و زۆر دڵپەسند بوو.

ئەنجام، ساڵ ونیوێک لەمە پێش فەرمانداریکی تازە بۆ شارەکەمان هات، ئەم پیاوە پێشکار وسکرتێرە تایبەتیەکەی خۆی لەگەڵ خۆدا هێنابوو کە گەنجێکی قۆز و جوان بوو، دیار بوولە کارتیە لاتین گەورە بووبوو ( کارتیە لاتین: یەکێکە لە گەڕەکەکانی پاریس، کەوتووەتە کەناری ڕۆژئاوای ڕوباری سینەوە کە مەکۆی خوێندکارانی زانکۆ و شاعیران و نیگارکێشان و هونەرمەندانی دی بوو)

ئەمە مادموزیل فونتانولی بینی و حەزی لێکرد. خەڵکی حاڵ و حیکایەت و سەربردەکەیان بۆ گێڕایەوە، لێ ئەو بێئەوەی گوێ بەو حیکایەتە بدات، گوتی:- ئەمە، زامنێکە بۆ ئایندە، من پێموایە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە پێش زەماوەندەکەوە هەیە، نەک بە پاش زەماوەندەکەوە، ماین ئەو ماینەیە لە ژێر خۆما نەلەنگێ، من بە هاوسەرێکی وا ئاسوودە دەبم و بێخەم وخەیاڵ لێی دەنووم.

ئەو تەرتیبی کارەکەی فەراهەم کرد و خوازگاری ئەو کیژەی کرد و زەماوەندی دەگەڵدا کرد. هەنگێ بە بێ پەروایی، وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ، هات و وچۆی پاش زەماوەند دەستی پێکرد. هەندێ کەس چوونە سەردانیان، بەڵام هەندێکی دی فەرامۆشیان کردن. ئەنجام مەسەلەکە بەرەبەرە لە بیرکراو ئەو ژنە جێگەی خۆی لە کۆمەڵگەدا کردەوە.

پێویستە ئەوەشت پێ بڵێم کە ئەو مێردەکەی خۆی دەپەرست. تەسەور بکە ئەو پیاوە حەیا و حورمەت و سەنگ و ئیحتوباری بۆ ئەو گەڕاندەوە، دووبارە گەڕاندیەوە ناو کۆمەڵگە، گوێی بە داب و نەریتی گشتی نەدا و حیسابی بۆ نەکرد، ڕووبەڕووی جۆرەها سووکایەتی بووەوە و لە دوا ئەنجاما کارێکی ئازایانەی ئەوتۆی کرد، کە لە هەموو کەسێک ناوەشێتەوە، بۆیە ئەو ژنە عەشقێکی بەجۆشی ترسئامێزی سەبارەت بەو هەبوو.

پاشان ئەو ژنە حامیلە بوو و وەختایەک خەڵکی بە دووگیانیەکەی ئەویان زانی، تەنانەت خەڵکانی زۆر هەستیاریش، دەرگای ماڵی خۆیان بە ڕوویا کردەوە، وەکو ئەوەی بە دایک بوونەکە، ئەوی بە تەواوەتی پاک کردبێتەوە. هەڵبەتە ئەمە سەیر دێتە بەرچاو، بەڵام حەقیقەتە.

ڕەوشەکە بەرە بەرە باشتر دەبوو، تا ئەوە بوو ڕۆژی فیستیڤاڵی کارمەندانی سەرانسەری وڵات هات. ئەو ڕۆژە، فەرماندارەکە هەموو کارمەندانی نووسینگەکەی خۆی و خودان پلە وپۆستەکان دەوریان دابوو، سەرپەرشتی و چاودێری پێشبڕکێی ئەو گۆرانی و سترانانەی دەکرد کە بە بۆنەی فیستیڤاڵەکەوە ئەنجام دەدرا. دوای گوتارەکەی ئەو، ئیدی دابەشکردنی خەڵات ومیداڵ، لە لایەن سکرتێرە تایبەتیەکەوە، پل هامۆ، دەستی پێکرد.

تۆ بە خۆت دەزانی لەم جۆرە بۆنە و هەڵوێستانەدا هەمیشە حەسوودی و هەڤڕکی هەیە و ئەم مەسەلەیە دەبێتە مایەی ئەوەی هەندێ کەس لە پڕێکا جڵەوی خۆ لە دەست بدەن.

هەموو، خانمانی ناوداری شار بە ڕیز لە بەر هەیوانەکە دانیشتبوون. سەرۆکی تیپی میوزیکی شارە دێی " مورمیلون " ش چووە پێشێ، میداڵی دەرەجە دوو درا بە تیپەکەی ئەو، هەڵبەتە ناکرێ میداڵ و خەلاتی دەرجە یەک بە هەمووان بدرێ.

وەختایەک سکرتێری تایبەتی میداڵەکەی بەو دا، کابرا دایەوە بە سەر و چاویا و بە ڕوویا هەڵشاخی و گوتی:- دەتوانی ئەم میداڵە بۆ باتیست هەڵگری. هەڵبەتە تۆ میداڵێکی دەرەجە یەک، وەکو من، بەویش قەرزاری.

خەڵکێکی زۆر لەوێ خڕ بوونەوە کە هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد. جەماوەری خەڵک، خوا خوای شتێکی وان، بە تەبیعەت لێبوردە نین، هەمووان ئاوڕیان بۆ لای ئەو خاتوونە بەدبەختە دایەوە.

ئاە، قوربان، تۆ هەرگیز دیتوتە ژنێک دووچاری شێتی ببێ؟- نە – زۆرچاکە، ئێمە لەو نمایشەدا ئامادە بووین. ئەو سێ چەلان لە جێی خۆی هەستایەوەو یەکسەر بە سەر کورسییەکەیدا کەوتەوە. وەکو ئەوە بوو بیەوێ خۆی ڕزگار بکات، بەڵام بۆی دەرکەوتبوو کە ناتوانێ بەناو ئەو هەموو خەڵکەی دەوروبەریا تێبپەڕێت.

لەو کاتەدا، لە شوێنێکەوە، دەنگێ لە نێو ئاپۆڕاکەوە بەرز بووەوە:- ئەهای خاتو باتیست! ئەوسا چ لە ڕووی شادی و چ لە ڕووی نەفرەت و بێزارییەوە، فسکە فسک و چپە چپ لە نێو خەڵکەکەدا بڵاو بووەوە.

هەرا و زەنایەکی عەجیبی وەکو شڵپ و هۆڕی دەریا لە دوای تۆفان، بەرز بووەوە. هەموو سەرەکان دەجولان، هەمووان ئەو وشانەیان دەگوتەوە، هەموو هەڵدەستانە سەر پێیان تا ڕوخساری ئەو ژنە بەلەنگازە بدینن. پیاوان لە حاڵێکا بازووی هاوسەرەکانی خۆیان گرتبوو، هەڵیان دەستاندن تا ئەو ژنەیان پێ نیشانبدەن. خەڵکەکە لە یەکدییان دەپرسی:- کامەیە، ئەوەی جلکی شینی لە بەرە؟

منداڵەکان وەکو کەڵەباب دەیان قوقاند و لێرە و لەوێ دەنگی قاقا دەهاتە گوێ.

ئەو ئیدی لەجێی خۆی نەدەجولا، پەشێو وپەرێشان لە سەر قەنەفەکەی دانیشتبوو، وەکو ئەوە بوو لە جامخانەیەکدا دانرابێ تا خەڵکی تەمەشای بکەن. نە دەیتوانی خۆی وەشێرێ، نە لە جێی خۆی بجولێت و نە ڕوخساری خۆی بشارێتەوەو وەکو ئەوە بوو تیشکێکی بەهێز چاوی ئازار بدات، پێڵوەکانی پەیتا پەیتا دەتروکاند و وەکو ئەسپێک بە هەورازێکا هەڵگەڕێ، بەو ئاوایە هانکە هانکی پێکەوتبوو.

دیتنی ئەم دیمەنە، دڵی هەر مرۆڤێکی دێنایە ژان.

جەنابی هامۆ، یەخەی ئەو پیاوە بێ ئەدەبەی گرتبوو، ئیدی ئەو جووتە، لە نێو ئەو هەرا و فەرتەنە ترسناکەدا، یەکیان لە ئەرزەکەدا دەگەوزاند.

ئەنجامدانی ڕێ و ڕەسمەکەش برا.

دوای سەعاتێک، کاتێ ژن و مێرد بۆ ماڵی خۆ دەگەڕانەوە، ژنەی گەنج، کە لە دەمی سووکایەتی پێکردنەکەوە، ورتەی لێوە نەهاتبوو، وەکو کەسێک بوو ئازای بەدەن و ئەعسابی لە ڕێگەی سپرینگێکەوە هێنرابێتە جوولە، بەردەوام دەلەرزی، لە ناکاوا، خۆی هەڵدایە ئەو دیو محەجەرەی پردەکەوە و بەر لەوەی مێردەکەی فریای بکەوێ خۆی هەڵدایە ناو ڕوبارەکەوە.

هەڵبەتە ئاوی ژێر پایەی پرد قووڵە. بۆیە دوو دانە سەعاتی پێچوو تا لە ئاوەکەیان دەرهێنا، هەڵبەتە بە مردوویەتی دەریان هێنا.

ئەو پیاوەی چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە کەمێک بێدەنگ بوو و ئەوسا لە سەری ڕۆیی:- ڕەنگە بۆ کەسێکی وەکو ئەو و لە حاڵی ئەودا، باشترین کار هەمان کار بێ کە ئەو کردی. هەندێ شتان هەن کە لە یادگە و زەینان نایەنە سڕینەوە.

ئێستا حاڵی بووی کە ڕۆحانیەکان بۆچی دەرگای کڵێساکەیان لێ داخستووین. ئەگەر ڕێ و ڕەسمی بە خاک سپاردنەکە ئۆلی بوایە هەموو خەڵکی شار دەهاتن، بەڵام تۆ دەزانی کە خۆ کوژیش هاتبووە سەر سەربردەکەی بۆیە ماڵباتەکان بەشدارییان لە ڕێ و ڕەسمەکە نەکرد. دەنا لێرە زۆر زەحمەتە بتوانرێ ڕێ و ڕەسمێکی بە خاکسپاردنی نا ئۆلی ئەنجام بدرێ.

ئێمە گەیی بووینە دەروازەی گۆڕستانەکە. من لە حاڵێکا لە ڕادەبەدەر پەرێشان بووم، چاوەڕێم کرد تا تابووتەکەیان لە گۆڕەکە نا، هەنگێ بەرەو لای مێردە گەنجە نەگبەتەکە چووم کە بەدەم گریانەوە هەنسکی هەڵدەدا و بە گەرمی تەوقەم لە گەڵیدا کرد.

ئەو لە پشت ڕوندکەکانەوە بە سەرسامی سەیری منی دەکرد و ئەوسا گوتی:- سوپاست دەکەم بەڕێز.

و منیش لەوە ژێوان نەبووم کە لە گەڵ خەڵکەکەدا چووبوومە سەر قەبران.

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.